رووداو ناو و ژمارەی ئەو ناسنامانەی لەگەڵ روفاتەکانی
رۆژی 2008/11/20 دۆزراونەتەوە، بڵاودەکاتەوە .. ل 14

شرکة نفط الهلال
Crescent Petroleum
پتر له چل ساڵ
بەشداری کردن له پرۆسەی گەشەپێدانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

## نابێ ئیسناد لەناوچە کوردییەکان دروستبکرێن



تایبەت به رووداو

عەدنان دلێمی، سەرۆکی لیستی تەوافوق له هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند که ئەوان وەک عەرەبی سووننە پشتیوانی له فیدرالی هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام دژی هاتنەکایەی فیدرالین لەناوچەی عەرەبیی عێراق.هەروەها دەڵێ پێویستە هاوپەیمانییەک لەنێوان عەرەبی سووننە و کورد دروستببێ و "نابێ ئەنجوومەنەکانی ئیسناد له ناوچە کوردییەکان دروستبکرێن".

لاپەڕە6

## خۆم نافرۆشم



تایبەت به رووداو

رۆژین، هونەرمەندی کوردی باکووری کوردستان، رایگەیاند رێگرتن له گۆرانی گوتن له تورکیا هێشتا بەردەوامە، گوتی کەدەچێتە هەر بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنێکی تورکی "دەڵێن توخوا رۆژین به کوردی گۆرانی مەبێژە". ئەو دەڵێ مەبەستی له گۆرانی گوتن به تورکیش له پاڵ کوردیدا ئەوەیە ببێتە پردی نێوان هەردوو گەلی کورد و تورک. هەروەها گوتیشی ئەو دەیەوێ هونەر و کولتوری کوردی به هەموو دنیا بناسێنێ "قەباحەت ئەوەیە به کوردی گۆرانی نەڵێم".

لاپەڕە 10

ژمارە (34)
دووشەممە 2008/12/1
10ی سەرماوەز 2708
(750) دینار
www.rudaw.net

# رووداو Rûdaw

خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت

# "ئەگەری ئەوە هەیە بەغدا دوای کشانەوەی ئەمریکا هێرشبکاتە سەر کوردستان"

## پسپۆڕێکی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ (رووداو): ئۆباما هێندەی بوش لەگەڵ کورد باش نابێت

تایبەت به رووداو

د.کاتزمان، پسپۆڕی کاروباری عێراق له کۆنگرێسی ئەمریکا، به (رووداو)ی راگەیاند که پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان لەسەردەمی ئۆبامادا "هەر بەباشی دەمێننەوە"،بەڵام هێندەی سەردەمی بوش باش نابێت.پسپۆڕێکی دیکەی ئەمریکیش دەڵێ دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا له عێراق "رەنگە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووچاری هێرشی چەکداری ببێت له لایەن حکوومەتی عێراق".

بەپێی رێککەوتننامەی ئەمنی نێوان ئەمریکا و عێراق SOFA، که له رۆژی 2008/11/27 دوای مشتومڕێکی زۆر لەلایەن پەرلەمانی عێراق پەسەندکرا، هێزەکانی ئەمریکا تاوەکو کۆتایی 2011 دەبێ به تەواوی له عێراق بکشێنەوە، بەڵام سەرۆکی تازە هەڵبژێردراوی ئەمریکا باراک ئۆباما، له کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنیدا بەڵێنیدا ئەو کشانەوەیە له عێراق لەماوەی 16 مانگدا کۆتایی پێ بێنێت.

د. کینز کاتزمان،کە کاری پێشکێشکردنی توێژینەوەیە له سەر عێراق به ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا و، کەسێکە کاریگەری توێژینەوەکانی له ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەمریکا له رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبینرێن و ماوەی چوار ساڵ کارمەندی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا CIAبووە بۆ زانیاری کۆکردنەوە لەسەر عێراق و ئێران، له هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو)دا، گوتی ئۆباما بەڵێنەکەی خۆی لەبارەی کشانەوە له عێراق "بەجێدەگەیێنێت"، بۆ ئەوەش هەر ساڵی یەکەم 40هەزار سەرباز له عێراق دەکێشێتەوە.

(رۆبەرت ئۆلسن)ی پسپۆری کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست له زانکۆی کانتاکی لە ئەمەریکاش کەچەندین کتێب ولێکۆڵینەوەی لەبارەی کوردەوە هەیە،دوای گەڕانەوەی لەسەردانێکی بۆ هەرێمی کوردستان که تێیدا دوو جار له گەڵ سێ هاوکارە ئەمریکییەکەی چاوی به نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و د.محەممەد ئیحسانی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کەوتبوو، له وتارێکدا له ژێر نێونیشانی (ئەمریکا نایەوێت کورد بەهێزبێت) دەڵێ له دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا له عێراق له ساڵی 2011" رەنگە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دووچاری هێرشی چەکداری ببێت له لایەن حکوومەتی عێراق.

کاتزمان له درێژەی هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ (رووداو) دەڵێ" له بەرئەوەی کوردەکان هاوکارێکی ئێجگار باشی بڕیارەکەی بوش بوون بۆ رووخاندنی سەددام، بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا له سەردەمی سەرۆک بوشدا زۆر زۆر باش بوون". سەبارەت بەو پەیوەندییانە له سەردەمی سەرۆکی تازەی ئەمریکادا دەڵێ "پەیوەندییەکان هەر بەباشی دەمێننەوە، بەڵام هێندەی پێشتر نا، چونکە زۆر پێدەچێت ئۆباما زیاتر بایەخ به تورکیا بدات".



وردەکاری زیاتر له لاپەڕە (6) و (18) دا بخوێنەوە

## شەقامی پزیشکانی هەولێریش تێکدەدرێ... ل 2



له قۆناخی یەکەمی جێبەجێکردنی ماستەرپلانی هەولێردا 600 دوکان له دوای جەژن تێکدەدرێن (فۆتۆ: رووداو)

## نێچیرڤان بارزانی:
# پشتگیریی لەئۆتۆنۆمی دەکەم بۆ مەسیحییەکان



رووداو-ئەڵمانیا

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند که جێهێشتنی موسڵ لەلایەن مەسیحییەکانەوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کورسییەکانی لیستی کوردی له ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ، هەروەها گوتیشی ئەو وەک هەڵوێستی خۆی پشتیوانی له چەسپاندنی مافی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییەکان دەکات له دەستووری هەرێمی کوردستاندا.

هاوکات لەگەڵ بڕیاری ئەڵمانیا بۆ وەرگرتنی 2500 پەنابەری عێراقی، که زۆربەیان مەسیحین، رۆژنامەی Frankfurter Rundschau له 2008/11/28 هەڤپەیڤینێکی لەسەر رەوشی مەسیحییەکان له هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی بڵاوکردەوە، کەلەلایەن هاوکاری (رووداو) لەئەڵمانیا سیروان حەجی بەرکۆ سازکراوە. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوهەڤپەیڤنیەدا دەڵێ حکومەتەکەی لەدوای رووخانی رژێمی سەدامەوە هاوکاری مەسیحییە راکردووەکانی شارەکانی عێراقی کردووە، که ژمارەیان 20هەزار خێزان دەبێ و مووچەیەکی مانگانەیان بۆ بڕیونەتەوە.

هەروەها گوتیشی لەبەرژەوەندی کورد نییە، مەسیحی موسڵ به جێبهێڵن، چونکە "له موسڵ کورد و مەسیحی هاوپەیمانن، ئەگەر مەسیحی له موسڵ نەمێنن، ئەو کات دەنگەکانمان کەمدەبنەوە و کورسییەکانمان لەئەنجوومەنی پارێزگادا کەمدەبنەوە".هەروەها گوتیشی ئێستا که له کوردستان نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان له گۆڕێیە " من بەخۆم پشتگیری له حوکمی زاتی بۆ ئەوان دەکەم"، بەڵام گوتی ئەوە مەسەلەیەکی گەرمە و هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە.سەبارەت به بوونی دەشتی نەینەوا به ناوچەیەکی حوکمی زاتی بۆ مەسیحییەکان و لکاندنی به هەرێمی کوستانەوە، دەڵێ ئەوە پەیوەستە بەرای دانیشتووانی ناوچەکە.

دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (4) بخوێنەوە

## پێشمەرگە و پاسەوانەکانی مالیکی بەشەڕدێن

رووداو- بەغدا

پاسەوانەکانی مالیکی و پێشمەرگە پاسەوانەکانی پەرلەمانی عێراق، بەهۆی له رێنمایی لادانی پاسەوانەکانی مالیکی بەشەڕهاتن و ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق به (رووداو)ی راگەیاند " شەڕی دەست بوو، چەکی تێدا بەکارنەهات".

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (پەرلەمان) که لەلایەن پێشمەرگەوە پاسەوانی دەکرێ، بەپێی رێنماییەکان هەموو بەرپرسێکی عێراق دەبێ رێزی پەرلەمان بگرێ، ئەویش به نەبردنی زیاتر له چوار پاسەوانی بێ چەک بۆ نێو پەرلەمان. بەڵام پێش نیوەڕۆی رۆژی 2008/11/30 د.نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، لەکاتی سەردانیکردنی مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، پاسەوانەکانی ویستیان بەنایاسایی بچنە ژوورەوە، لەئەنجامی رێ لێگرتنیان لەلایەن پێشمەرگەکانەوە شەڕ لەنێوان هەردوو لادا هاتە کایەوە.

لەوبارەوە سامی ئەتروشی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق به (رووداو)ی راگەیاند "بەهۆی ئەوەی جگە له چوار پاسەوان، پاسەوانەکانی دیکەی نووری مالیکی ویستیان بەچەکەوە بچنە ژوورەوە، لەلایەن پێشمەرگە پاسەوانەکانی پەرلەمانەوە رێگەیان پێنەدرا، هەردوو لا بەشەڕهاتن".

ئەتروشی روونیکردەوە، بەپێی رێنماییەکان هەر بەرپرسێک بێتە پەرلەمان دەبێت چوارکەسی لەگەڵ بێت و ئەوانیش چەکدار نەبن.لەبەر پابەندنەبوونی پاسەوانەکانی مالیکی شەڕەکە هاتەئاراوە "بەڵام شەڕی دەست بوو، چەکی تێدا بەکارنەهات".

## پەرلەمانی هۆڵەندا ئامادەیە پەرلەمانی کوردستان فێربکات

### هەڤپەیڤینی تایبەتی رووداو لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی هۆڵەندا



تایبەت به رووداو

خێردی فێربێیت، سەرۆکی پەرلەمانی هۆڵەندا له هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند ئەگەر پەرلەمانی کوردستان داوای هاوکاری له پەرلەمانی هۆڵەندا بکات " بەپێی توانا ئامادەم هاوکارییان بکەم".

خێردی فێربێیت، هەرچەندە ئەندامی پارتی کرێکارانی هۆڵەندایە، بەڵام وەک سەرۆکی پەرلەمان بێلایەنانە هەڵسوکەوت دەکات، ئەو دەڵێ" له هۆڵەندا سیاسەتی ( سەرکەوتووەکان هەمووی دەبەن) نییە"،کە لەزۆربەی سیتستەمە دیموکراسییەکانی جیهان پەیڕەو دەکرێ، هەربۆیەش هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی ژمارەیان بگاتە 60هەزارکەس دەتوانن کورسییەک له پەرلەمان وەربگرن . هەر پەیوەست به بنەمای پاراستنی مافی کەمینەکان له کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، دەڵێ " دەبێ کەمێک زیاتری پارتە گەورەکان کات به پارتە بچووکەکان بدرێ، چونکە وا نەبێت ئەوان کاتی کەمتریان دەدرێتێ".

سەرۆکی پەرلەمانی هۆڵەندا،کە لەبەرزۆری رەڤەندی تورکی و عەرەبی له وڵاتەکەیدا، هەر پێشتر (رووداو)ی ئاگادارکردبووەوە که ناتوانێت باسی کێشەی سیاسی کورد بکات، بەڵام له هەڤپەیڤینەکەدا ئامادەی پەرلەمانی هۆڵەندای پێشاندا بۆ هاوکاریکردنی پەرلەمانەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەوانەش پەرلەمانی کوردستان " ئەگەر بیانەوێ فێربن که پەرلەمان دەبێ چۆن کاربکات و کامانەن ئەو مافانەی که پەرلەمان هەیەتی، ئەوا ئێمە ئامادەین فێریان بکەین".

دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (9) دا بخوێنەوە

## سەرۆکی بەشی خوێندنی ئیسلامی له کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان له هەولێر:
# ئەگەر پیاوێک بەچاوی خۆیشی ببینێ ژنەکەی زینا بکات نابێ بیکوژێت

تایبەت به رووداو

پسپۆڕێکی زانستە ئیسلامییەکان رایگەیاند مافی سزادانی خەڵک بەپێی فەرموودەی پیغەمبەری ئیسلام بەدەست کاربەدەستانە بۆیە گوتی " ئەگەر پیاوێک بەچاوی خۆی بینێ خێزانەکەی لەگەڵا کەسێکیتر رادەبوێرێت، نابێت هیچ شتێک بکات، تەنیا دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات"،سەرەڕای مەرجەکانی کوشتن لەسەر زیناکردن،کەچی دەڵێ " لەم سەردەمەدا دادگاش بۆی نییە کەس لەسەر زینا بکوژێت".

هەروەک د.عوسمان محەممەد هەڵەبجەیی، سەرۆکی بەشی خوێندنی ئیسلامی له کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان له هەولێر،روونیکردەوە بۆ سزادانی زیناکاران ئیسلام مەرجی بوونی چوار شایەتی داناوە که بەچاوی خۆیان کرداری تۆمەتبارکراوانیان بینیبێ و قسەیان یەک بێ و تۆمەتباریش دانی پێدا بنێ.

ئەو پسپۆرە له درێژەی قسەکانیدا بۆ (رووداو) لەسەر سزای جووتبوونی ژن و پیاوانی لێک مارە نەکراو که له ئیسلامدا ئەو کردەوە به (زینا) نێونراوە، دەڵێ ئەگەر پیاوێک به چاوی خۆی خێزانەکەی لەکاتی زیناکردندا ببینێ و خێزانەکەیشی دانی پێدانا، بەڵام" چوار شاهێدەکە نەبوون، دادگا تەنیا دەتوانێت لەیەکتریان جیابکاتەوە".

هەروەها دەڵێ "ئەگەر ژن و پیاوێک بەرووتی لەژێر لێفەیەک دابوون، ناتوانرێت لەسەریان بسەپێنێ که زینایان کردووە ئەگەر چوار شاهێدیش بۆ دیتنیان بەم شێوەیە هەبێت، چونکە نازانرێت زینایان لەژێر لێفەکەدا کردووە یان نا". هەروەها دەڵێ بەهۆی نالەباری ئەو هەلومەرجەی ئێستا به هۆی وورووژاندنی ئارەزووە جنسییەکانی گەنجان لەلایەن کەناڵەکانی راگەیاندنەوە هەیە، ئەگەر مەرجەکانی سزادانی زیناکارانیش هەبن " دادوەر بۆی نییە سزایان بدات".

وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (13)دا بخوێنەوە

## راپۆرتە هەواڵ

### عێراق 47 ملیار دیناری هاووڵاتیانی کوردستان نادات



**تایبەت بە رووداو**

◆ دوای ئەوەی داواکاری گشتیی لە هەولێر، داوایەکی لەسەر وەزارەتی بازرگانی عێراق تۆمارکرد، بەهۆی نەدانی نزیکەی 47 ملیار دیناری قەرەبووی بەشە خۆراکی نەهاتووی هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان. د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق،گوتی ئەوە تەنیا تایبەت نییە بە کوردستان و زۆربەی ناوچەکانی عێراق دەگرێتەوە و گوتیشی "ئێمە بەزۆر دەتوانین پارە بۆ بەشەخۆراکی مانگانە دابین بکەین، ئەوجا نۆرەی قەربووکردنەوەیە".

## پاش جەژنی قوربان تێکدانی بازاڕی هەولێر دەست پێدەکات

# دوکاندارانی هەولێر بەناچاری ئامادەن دوکانەکانیان چۆڵبکەن

**رووداو-هەولێر**

بڕیارە پاش جەژنی قوربان لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ماستەرپلانی هەولێردا، بەشێکی بازاڕ تێکبدرێت و نوێنەری دوکاندارەکانیش لەگەڵ ئەوەی ناڕازییە بەبڕیارەکە، بەڵام دەڵێت "ئامادەین بەناچاری چۆڵی بکەین".

بڕیارە لەنێوەراستی مانگی ئایندە دەست بەجێبەجێکردنی قۆناخی یەکەمی نەخشەی بنەڕەتی (ماستەرپلان)ی شاری هەولێر بکرێ. نیهاد قۆجە، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند"لە قۆناخی یەکەمدا بینای حاجی یەحیا، دەڵاڵخانە، بازاڕی حەنان، بینای عوسمانی موهەندیس، ئەوبازاڕو دوکانانەی دیکە کە بەتەنیشت ئەو بازاڕانەوەن، کە هی شارەوانی هەولێرن تێکدەدرێن کە زیاتر لە 600 دوکان دەگرێتەوە".

بڕیاری تێکدانی بازاڕی هەولێر لەچوارچێوەی جێبەجێکردنی ماستەرپلانە 25 ساڵییەیە کەلەلایەن کۆمپانیای دارولهەندەسەی لوبنانیەوە دانراوە، کە یەکێکە لە 10 کۆمپانیا بەنێوبانگەی جیهان لەبواری ماستەرپلان و دیزاینی شارەکاندا، کاردەکات.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، رایگەیاند کە" لە پاش جەژنی قوربان دەستدەکرێت بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە".

بەشێکی زۆری ئەو بازاڕو دوکانانە موڵکی چەند سەرمایەدارێکن، کە دوکانەکانیان بە وەرگرتنی سەرقوفڵانە بەکرێ داوە، ئەوانەی سەرقوفڵانەشیان داوەتە خاوەن موڵکەکان، دوکانەکانیان جارێکیتر بە کرێ داوەتە ئەو کرێچیانەی ئێستا لەو دوکانانەدا کاردەکەن، کەمیان بە خۆیان خاوەنی سەرقوفڵانەکەن.

پارێزگاری هەولێر، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا لە رۆژی 2008/11/25 دا گوتی ئەوان بیریان لە هەموو ئەوشتانە کردووەتەوە" خاوەن موڵکەکان، لە رێگەی یاساوە نرخی بیناو دوکانەکانیان وەردەگرن"، پارێزگاری هەولێر گوتی بەپێی یاسا تەنیا دەکرێ قەرەبووی خاوەن موڵک بکرێتەوە "بەڵام بیرمان لەژیانی دوکاندارەکانیش کردووەتەوە، باشترین دەرفەت بۆیان بازاڕی نیشتیمانە، بەپێی ژمارەی ئەو دوکانانەی لەچوارچێوەی ماستەر پلانی هەولێردا تێکدەدرێن، لەبازاڕی نیشتیمان دوکانمان بۆ وەگرتوون".

بەپێی ئەو چارەسەرەی بۆ ئەو دوکاندارانە دانراوە، ئەوانەی سەقوفڵانەی ئەو دوکانانەیان داوە کە بەر تێکدان دەکەون، دوکانیان لە بازاڕی نیشتیمان پێدەدرێ، ئەو کەسەی سەرقوفڵانەکەی داوەو ئەویش دەیداتەوە هەمان ئەو کەسەی ئێستا لەدوکانەکەیدا کرێچییە"بەبێ وەرگرتنی هیچ سەرقوفڵانەیەکی نوێ دوکانیان پێدەدرێ،هەروەها شوێنی دوکانەکەی ئێستای، کە ئایا لەسەر شەقامی گشتییە یان لەناوەوەیە، لەگەڵ ڕووبەری دوکانەکە لەبەرچاو دەگیرێت و کرێی پێنج مانگی یەکەمیشی لێوەرناگیرێت".

هەرچەندە پارێزگاری هەولێر، ئامادەیی خۆیانی بۆ پێشکێشکردنی هەموو ئاسانکارییەک بۆ ئەو دوکاندارانە خستەڕوو، ئەویش بە دابینکردنی دوکانێکی نوێ لە جیاتی دوکانە نوێیەکانیان، بەڵام هاووڵاتیانی ئەم بازاڕە بەم بڕیارە رازی نین.

عەبدولموتەلیب ئەحمەد، نوێنەری دوکاندارانی بازاڕگەی حەنان، کەتایبەتە بە فرۆشتنی کەرەستە کارەباییەکان، دەڵێت"داوامانکردووە چۆڵکردنەکە دوابخرێت بۆ ساڵێکیتر و شوێنی دوکانەکانمان بۆدیاری بکرێت لەبازاری نیشتیمان، تاوەکو بزاندرێت شوێنەکە باشە یان نا".

نوێنەری ئەو بازاڕە، گازندەی ئەوەش دەکات کە کرێی دوکانەکان لە بازاڕی نیشتیمان زۆر گرانترە" ئێستا کرێی سەرقوفڵانەی دوکانەکانی بازاڕی حەنان 22 هەزار و 500 دینارە، ئایا لەبازاڕی نیشتیمان بەچەند دەیدەن؟".

ئەو دوکاندارانەی کە دوکانەکانیان تێکدەدرێت، ئێستا دەتوانن سەردانی قایمقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر بکەن، بۆ وەرگرتنی کارتی دوکانەکانی بازاڕی نیشتیمان.

نیهاد قۆجە،قایمقامی هەولێر دەڵێت"ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بۆ جوانترکردنی شاری هەولێر، شوێنەکانیان لەبازاڕی نیشتیمان بۆدیاری دەکەین تاوەکو پاش جەژن ئامادەکاری تەواوی بۆبکەن و بچنە ناو ئەو دوکانانە".

جگە لەخاوەن دوکانەکان سەدان دەستگێڕی بازاری دەڵاڵخانەی هەولێریش،بەهۆی ئەو تێکدانەوە شوێنی کاریان لێ تێکدەچێت. ئارام حەسەن، پانتۆڵ فرۆشە لە بازاڕی دەڵاڵخانەی هەولێر و دەڵێ"ژمارەی دەستگێڕەکان، لەژمارەی دوکاندارەکان زیاترە، بۆیە پێویستە حکومەت بیر لەژیانی ئێمەش بکاتەوە".

پارێزگاری هەولێر، جەختی لەوە کردەوە کە"قەرەبووی دەستگێڕەکانیش دەکرێتەوەو شوێنێکی تایبەت بۆ ئەوانیش دیاری دەکرێت".

لەگەڵ ئەوەی دوکاندارەکانی ئەو بازارە نیگەرانن بە تێکدانی بازاڕەکەیان، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچ پاڵپشتییەکی یاسایان نییە، بۆچۆڵنەکردنی دوکانەکانیان، ئامادەن دوکانەکانیان چۆڵ بکەن.

سەدەردین عوسمان، کە نوێنەری ئەو دوکاندارانەیە لەچوارچێوەی ماستەر پلانەکەدا تێکدەدرێ و دوکانەکەی خۆیشی لە بازاڕی دەڵاڵخانەی هەولێرە،بۆ (رووداو) دواو گوتی"داوامانکرد پرۆژەکە بۆ ماوەی ساڵێک دوابخرێت، بەڵام گوتیان هیچ بیانوویەکتان نییە، دوکانمان بۆئامادەکردوون".

نوێنەری دوکاندارەکان،دەڵێ هەرچەندە دوکاندارەکان بەو بڕیارە رازی نین "بەڵام هیچ چارەشمان نییەو دەبێ بڕیارەکە جێبەجێ بکەین، چونکە دەڵێن ئەگەر رازی نین بڕۆن لەدادگە شکات بکەن،بۆیە ئێمەش جگە لە چۆڵکردن هیچ چارەیەکمان نییە".

### لە قۆناخی دووەمدا شەقامی پزیشکان تێکدەدرێ

هەرچەندە کاتی دەستپێکردنی جێبەجێکردنی قۆناخی دووەمی ماستەرپلانی هەولێر دیارینەکراوە،بەڵام ئەو شوێنانەی دەیگرێتەوە دیارن، کە هەر لە دوای تێکدانی بازاڕ دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێ.

پارێزگاری هەولێر، دەڵێت" قۆناخی دووەمی ماستەر پلان ناو شەقامی سی مەترییە، گەڕەکەکانی: مستەوفی، عارەب، تەعجیل، خانەقا، شەقامی پزیشکان دەگرێتەوەو تەواوی عیادەو دەرمانخانە پزیشکییەکان دەگوازرێنەوە".

بەپێی ماستەر پلانی شاری هەولێر، ناو بازنەی شەقامی 30 مەتری دابەشکراوە بەسەر ناوچەی بازرگانی و نیشتەجێبوون و سەوزاییدا. گەڕەکی خانەقا دەکرێتە ناوچەیەکی بازرگانی، گەڕەکی تەعجیل و عارب دەکرێنە شوێنی نیشتەجێبوون و بازرگانی، مستەوفی بەشێوەیەکی گشتی دەکرێتە ناوچەیەکی سەوزایی.

نەوزاد هادی،پارێزگاری هەولێر روونیشیکردەوە کە لە بینای پارێزگای هەولێرەوە، تاوەکو پشت سینەما سیروان دەکرێنە سەوزایی " بینای پارێزگای هەولێرو بەدالەی ناوەندی و بینای فەرمانگەی تاپۆو دادگەش تێکدەدرێن".



#### چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی قۆناخی یەکەم

– خاوەن موڵکەکان نرخی بیناو دوکانەکانیان وەردەگرن.
–خاوەن سەرقوفلانەی دوکانەکان بەهەمان شێوە دوکانێکی لەبازاڕی نیشتمان پێدەدرێ بەبێ دانی هیچ سەرقوفلانەیەکی تازە.
–مەرجە خاوەنی سەرقوفلانەکە دوکانەکە بداتەوە هەمان کرێچی پێشووی خۆی.
–رەچاوی شوێن و رووبەری دوکانە تێکدراوەکە دەکرێ لەکاتی پێدانی دوکانە تازەکەی.
–پێنج مانگ کرێ لە دوکاندارەکان وەرناگیرێ لە بازاڕی نیشتمان.
–دەستگێڕەکانی دەڵاڵخانە بە دیاکردنی شوێنێکی تایبەت بۆیان یارمەتیدەدرێن.

**ئەو شوێنانەی لە قۆناخی یەکەم دا تێکدەدرێن**

بینای حاجی یەحیا، دەڵاڵخانە، بازاڕگەی حەنان، بینای عوسمان موهەندیس، ئەو بازاڕو دوکانانەی دەکەونە تەنیشتیان و دوکانەکانی شارەوانی ئەو بازاڕانەوەن کە زیاتر لە 600 دوکان دەگرێتەوە.

**ئەو شوێنانەی لە قۆناخی دووەمدا تێکدەدرێن**

گەڕەکەکانی: مستەوفی، عارەب، تەعجیل، خانەقا، شەقامی پزیشکان دەگرێتەوە. تەواوی عیادەو دەرمانخانە پزیشکییەکان دەگوازرێنەوە لە قۆناخی دووەمدا.

# بۆشایی پەروەردەکان زۆرە و مامۆستا دامەزراندن کەمە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

هەینی حەمید،27ساڵ، دەرچووی بەشی کوردی کۆلێژی زمانە، ماوەی چوار مانگە لەچاوەڕوانی دامەزراندن دایە، وەک خۆی باسیکرد تەواو دڵتەنگ بووە بەوەی هەر رۆژێک بەشێوەیەک قسە لەسەردامەزراندنیان دەکرێت، هەینی گوتی"گرفتی دانەمەزراندنی مامۆستا لەقوتابخانەکان ئەوە دەگەیێنێت کەوا حکومەت ناتوانێت پرۆسەی پەروەردە بەرەو پێشەوە ببات"، ئەوە لەکاتێکدا کە زۆربەی پەروەردەکانی دەرەوەی شار بەدەست کەمی مامۆستاوە دەناڵێنن.

ئەو دەرچووەی زانکۆ، ئێستا لە سێ قوتابخانەی سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر وانەبێژە، ئەوەش بەبەڵگەیەکی بوونی بۆشایی کەمی مامۆستایان لە قوتابخانەکان دادەنێ. هەینی گلەیی زۆری لەوەزارتی پەروەردە هەبوو کە هەوڵی دامەزراندنی مامۆستایانی نەداوە "سەدان قوتابخانە بێ مامۆستایە، کەچی ئەنجوومەنی وەزیران دەیانەوێت ئەو بێ پلانیەی لەساڵانی رابردوو لەدامەزراندنی فەرمانبەرانی وەزارەتەکان کردوویانە، بەدانەمەزراندنی مامۆستایان هاوسەنگ بکەنەوە".

بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتی پەروەردە دراونەتە (رووداو)، لیستی ئەو مامۆستایانەی بۆ ساڵی 2008-2009 بۆ قۆناخەکانی 7تا12 بنەڕەتی بۆ جاری دووەم بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بەرزکراوەتەوە بریتیبووە لە ناوی 5304 مامۆستا، لەم ژمارەش بۆ پەروەدەی هەولێر 1464، پەروەردەی سلێمانی 1483، پەروەردەی دهۆک 1709، پەروەردەی گەرمیان 315، بۆ کەرکوک 134، پەروەردەی کۆیە 121 و بۆخانەقینیش 78 مامۆستا بۆ دامەزراندن داواکراوە.

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران، د.محەممەد قەرەداخی ئاماژەی پێدا تەنیا بۆ ئەمساڵی خوێندن وەزارەتی پەروەردە ناوی نزیکەی 10 هەزار مامۆستای بۆ هەردوو قۆناخی ئامادەیی و بنەڕەتی بۆ دامەزراندن بەرزکردووەتەوە، بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران دەڵێت ئەم ژمارەیە زۆرەو ناتوانرێت لەبودجەی ئەمساڵ دابمەزرێنرێت، بۆیە داوا لە وەزیری پەروەردە کراوە پێداچوونەوە بەلیستەکاندا بکات، چەند مامۆستا پێویستە بەگوێرەی شارو ناوچەکان ناوەکانیان بەرز بکاتەوە بۆ دامەزراندن".

سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران گوتیشی" دامەزراندن لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران بۆ گشت دامودەگاکانی حکومەت وەستێنراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی نابێت قوتابخانە بێ مامۆستا بێت رێگە بەدامەزراندنی هەندێک مامۆستا دراوە".

بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی سۆران یەکێکە لەو پەروەردانەی بەردەوام بەهۆی دووری شوێنەوە کێشەی کەمی مامۆستای هەیە، ئەمساڵ داوای دامەزراندنی 400 مامۆستای کردووە، بەڵام تا ئێستا تەنیا ناوی 66 مامۆستای بۆ گەڕاوەتەوە.

محەممەد ساڵح، بەڕێوەبەری پەروەردەی سۆران ئاماژەی بەوەدا کە هەرگێز ناتوانن بەو ژمارەیە بۆشاییەکانیان پڕ بکەنەوە"لەبەر کەمی میلاک ناتوانین لە 23 قوتابخانەی ناوچەی سیدەکان و 7 قوتابخانەی خەلیفان و2 قوتابخانەی دەروبەری رەواندوز قوتابخانە بۆ قوناخەکانی 7تا 12 بکەینەوە".

ئەو بەڕێوەبەرە پێیوابوو کێشەی هەرە گەورە خراپ دابەشکردنی میلاکە نەک دامەزراندنی مامۆستا "پەروەردەکانی ناو شار رێژەیەکی زۆر مامۆستای زیادیان هەیە کە دەتوانرێت سودیان لێ ببنرێت بۆ پرکردنەوەی بۆشایی پەروەردە دوورەکان"، ئەو بەڕێوەبەرە ئەو شێوازەی ئێستای وەزارەتی پەروەردەی لەدامەزراندنی مامۆستا بە "ناسەرکەوتوو" وەسفکرد و داوایکرد وەزارەتی پەوەردە دەسەڵات بداتە بەڕێوەبەری پەروەدەکان بۆ دامەزراندنی مامۆستایان، گوتیشی"لەرێگەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان و پەروەردەکانیش ما مۆ ستا بەشێوەی گرێبەست بۆ ماوەی ساڵک دابمەزرێنن، ئەگەر دوای ساڵێک لەقۆناخی ئەزموونی مامۆستاکە سەرکەوتوو بوو ئینجا فایلەکەی بەرز بکرێتەوە بۆ دامەزراندن، نەک وەک ئێستا مامۆستا یەک هەفتە دادەمەزرێت و دواتر لەبەر دووری شوێنەکە دەوام بەجێدەهێڵێت".

دلێر شێخ شەفیع بارزانی، بەڕێوەبەری پەروەردەی مێرگەسۆریش بە (رووداو)ی راگەیاند پەروەردەکەیان بەهۆی زۆربوونی رێژەی قوتابیانی پێویستی بە زیاتر لە 300 مامۆستا هەیە، بەڵام تائێستا 56 مامۆستایان بۆ دابینکراوە، ئەمە لەکاتێکدایە وەک ئەو بەرێوەبەرە ئاماژەی پێدا "نزیکەی 200 مامۆستا لەهەردوو قۆناخی بنەڕەتی و ئامادەیی نووسراوی گواستنەوەیان پرکردووەتەوە کە مافی خۆیانە بگوازرێنەوە، بەڵام لەبەر کەمی میلاک ناتوانرێت بگوازرێنەوە". پەروەردەی مێرگەسۆر زیاتر لە13000 قوتابی هەیە و کۆی ئەو قوتابیانەی تەنیا بۆ خوێندنی ئەمساڵ روویان لەقوتابخانەکان کردووە 1449 قوتابییە.

شێخ دلێر ئاماژەی بەوەدا ئەوان بەهیچ شێوەیەک ناتوانن بەم رێژە کەمە میلاکەکانی خۆیان پڕ بکەنەوە " زۆربەی ئەو مامۆستایانەی ناویان گەڕاوەتەوە دەرچووی کۆلێژی بنیاتن و هیچ پسپۆریەکی کیمیاو فیزیا و زیندوەرزانیان تێدا نییە کە زۆر پێویستیمان پێیان هەیە".

بەرێوەبەری پەوەردەی مێرگەسۆر راشیگەیاند کە پەروەردەکەیان لەبەرکەمی میلاک لەزۆر گوندەکان نەیتوانیوە قۆناخی ئامادەیی بکاتەوە "بۆیە قوتابیانی گوندەکانی دەوروبەری ناحیەکان بۆ خوێندن چەندین کیلۆمەتر دەبڕن بۆ نموونە قوتابیانی لەدەشتی بەرازگرەوە دێنە ناحیەی پیران، کە 20 کیلۆمەتر لێیانەوە دوورە".

شێخ دلێر ئاماژەی بەوەشدا کە 80%ی مامۆستایانی پەروەردەکەیان خەڵکی دەرەوەی ناوچەکانی بارزانن، بۆیە هەرچەندە پەروەردە خانوو شوێنی حەوانەوەی بۆ دابینکردوون، بەڵام زۆربەی مامۆستاکانیان لەبەر دووری ناوچەکان هەوڵی خۆگواستنەوە دەدەن، ئەو بەرێوەبەرە بەپێویستی زانی "ئیمتیازی زیاتر بدرێتە ئەو مامۆستایانەی لەشوێنە دوورەکان دادەمەزرێن، هەر ساڵێکیان بەدووساڵ بۆ هەژمار بکرێت و دەرماڵەی زیاتریان بۆ دابین بکرێت".

بەگوێرەی ئەو ئامارەی لەبەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی دەست (رووداو) کەوتووە ئەم بەرێوەبەرایەتییە گشتییە کە 11 بەرێوەبەرایەتی لەخۆ دەگرێت نزیکەی 1976 قوتابخانەی ئامادەیی و بنەڕەتی هەیە، بۆ ئەمساڵی خوێندنیش داوای دامەزراندنی نزیکەی 1201 مامۆستا بۆ هەردوو قۆناخی بنەڕەتی و ئامادەیی لە وەزارتی پەروەردە کردووە.

شێخ حسێن مستەفا قەرەداخی، بەرێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی ئەوەی خستەڕوو کە تائێستا هیچ نووسراوێکی فەرمی نەگەڕاوەتەوە بو ئەو ژمارەی داوایان کردووە، گوتی"بیستوومانە 301 مامۆستا بۆ پۆلەکانی 1تا6 بنەڕەتی و 600 مامۆستای ئامادەییمان بۆ دادەمەزرێنن".



بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بۆ ئەمساڵی خوێندن ناوی1450 مامۆستای بنەڕەتی بەرزکردووەتەوە، لەو ژمارەیەش تەنیا ناوی 300 مامۆستایان بۆ گەڕاوەتەوە. پاکیزە تەلعەت، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "بە باشمانزانی لەو ژمارەیە زیاتر ئەو فۆرمانە بەرز بکەینەوە کە لەلایەن دەرچووی کۆلێژی بنیات پر کراوەتەوە کە 58 فۆرم بوو، بۆ تەواوکردنی رێژەکەش پەنامان بردە بەر ئەو فۆرمانەی کە هی دەرچووانی پەیمانگاکانی دەرەوەی هەولێرن، بەتایبەتیش ئەولەویەت دراوەتە دەرچووانی بەشەکانی ئینگلیزی و بیرکاری".

### هیوادارین وەزارتی پەروەردە بەهانمانەوە بێت

بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر

بەرێوەبەری گشتیی پەروەردەی پارێزگای هەولێر، ئەوەشی خستەڕوو کە لەلایەن وەزارەتی پەوەردە ئاگادار کراونەتەوە بۆ دامەزراندن دەتوانن 150 فۆرمی دیکە بەرزبکەنەوەو گوتیشی "هەوڵمانداوە فۆرمی ئەو دەرچووانە بەرزبکەینەوەکە لەپەیمانگاکانی سۆران و مێرگەسۆر دەرچوون تا بتوانین هەر لەناوچەکانی خۆیان دایانبمەزرێنین".

هەرچەندە بەپێی ئامارەکان پەروەردەی گشتیی هەولێر تائێستا لەلایەن پەروەردەکانەوە بەهۆی کەمی میلاک لەقۆناخی ئامادەیی داوای دامەزراندنی نزیکەی 1500 مامۆستاکراوە، بەڵام تائێستا هیچ پلەیەک بۆ دامەزراندنیان دابین نەکراوە، بەرێوەبەری گشتی پەروەردی هەولێریش ئاماژە بەوە دەدات "لەچاوەروانی ئەوەداین وەزارەتی پەروەردە بڕیار لەسەر ژمارەی پلەکان بدات تا داواکارییەکان بەرزبکەینەوە".

پاکیزە تەلعەت باسی لەوەشکرد ئەگەر ئەو رێژەی کە داوایان کردووە بۆ دامەزراندن دانەمەزرێن، ئەوا بە ناچاری وەک ساڵانی رابردوو دەبێت پەنا ببەنە بەر پڕکردنەوی میلاکاتەکان بەموحازەرات، هەروەها گوتیشی"لەشوێنە دوورەکان مامۆستای موحازریش دەست ناکەوێت، لەساڵی رابردوو لەبەر کەمی میلاک لەبابەتە زانستیەکان مامۆستا هەبوو لە 10 گوند وانەبێژ بوو".

بورهان محەمەد فەرج، بەرێوەبەری گشتیی ئامادەیی و پیشەییەکان لەدیوانی وەزارەتی پەروەردە بە (رووداو)ی راگەیاند کە سیستمی دامەزراندنی ئەمساڵ وەک ساڵانی پێشووتر نییە کە بەلێشاو مامۆستا دابمەزرێت، بەڵکو بەگوێرەی پێداویستی پەروەردەکان بەلستێک ناوەکان بەرز دەکەینەوە، گوتیشی"زۆربەی پەروەردەکان ناوەکانیان بەرزکردووەتەوە، تەنها پەروەردەی گشتی هەولێر نەبێت".

بەرێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر گوتی"هیوادارین وەزارتی پەروەردە بەهانمانەوە بێت بۆ ئەوەی بتوانین بۆشاییەکان لەقوتابخانەکان پڕبکەینەوە".



قوتابیان لە زیادبووندان و دامەزراندنی مامۆستایانیش کەمبووەتەوە (فۆتۆ:رووداو)

## رووداو دەرناچێت

رۆژی دووشەممەی داهاتوو هاوکات دەبێ لەگەڵ جەژنی قوربان، بۆیە بەو بۆنەیەوە وێرای پیرۆزباییمان بۆ موسڵمانان، رایدەگەیێنین کە (رووداو) هەفتەی داهاتوو دەرناچێت.

رووداو

## ڕیپۆرتاژ



بۆ پارە خۆم نافرۆشم

رووداو-موسڵ

◆ ئەیوب تەیار رێکانی رەتیکردەوە هیچ پارەیەکی لە نووری مالیکی وەرگرتبێت. ئەیوب رێکانی کە کەسێکی ناسراوی عەشیرەتی رێکانییە و لە شاری موسڵ نیشتەجێیە لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی ئامێدی ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە کە دوو ملیۆن دیناری لە نووری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق وەرگرتبێت و گوتی" بەهیچ شێوەیەک خیانەت لە میللەتی خۆم ناکەم وخۆم نافرۆشم و من دژی پێکهێنانی ئەنجوومەنەکانی ئیسنادم".لەم دواییەدا بڵاوکرایەوە کە مالیکی بڕی 56 ملیۆن دیناری بۆ 28 کەسی موسڵ ناردووە کە 7 یان کوردن و یەکێکیان ئەیوب رێکانییە. بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنی داهاتوودا دەنگ بە لیستی مالیکی بدەن.

### دیمستۆرا ئاوەکەی خۆی بۆ ئاگری کەرکووک دواخستەوە

# کورد واز لەپۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک دێنێت

**رووداو-کەرکوک**

کورد پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەدەست دەدات و لەبەرامبەریشدا 10هەزار فەرمانبەری کورد لە دامودەزگاکانی کەرکووکدا دادەمەزرێن. بەڵام هەروەک سەرۆکی لیستی کوردستانی لە ئەنجوومەنی پارێزگا دەڵێ جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنەش لە بواری لادانی فەرمانبەرە عەرەبەکان و دامەزراندنی فەرمانبەری کورد و تورکمان ئاسان نییە .ئەگەر ئەم رێککەوتنەش وا دەربچێت کەواتە کورد بێ بەرامبەر پۆستێکی لە کەرکووک لەدەستدەچێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ستیفان دیمستۆرا، نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق کە لە 2008/12/15ەوە هاتووەتە نێو کێشەی کەرکووک و "ناوچە کێشە لەسەرەکان"ی دیکەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا، دەبوایە بەپێی ئەو وادەیەی خۆی دیاری کردبوو، مانگی تشرینی دووەم راپۆرتەکەی بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک و 40 ناوچەی دیکەی کێشە لەسەر پێشکێش بکات، ئینجا دوایخست بۆ پێش وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە 2008/1/31 و ئێستاش دەڵێ دوای دەخات بۆ مانگی ئادار"ئاوەکە دوای هەڵبژاردنەکان دێت" . دیمستۆرا لەکاتی راگەیاندنی ئەو دواخستنە گوتی "نەتەوەیەکگرتووەکان لەوێیە بۆ ئەوەی ئاو بە ئاگر دابکات نەک نەوتی پێدابکات" .بەهۆی ئەو دواخستنە یەک لەدوای یەکە، وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی حکومەتی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا رەخنەی لەو بێ بەڵێنییە گرت و گوتی" هیوادارین نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق UNAMI نەکەوێتە ژێر کاریگەری بووچوونە سیاسییە تەنگەکان و ئارەزووە کەسییەکان نەخاتە سەرووی ئەو دەستوورەی کە گەلی عێراق پەسەندی کردووە" . بەپێی ئەو دەستوورەش دەبووایە کێشەی ئەو ناوچانە تا کۆتایی 2007 چارەسەر کرابان بەپێی مادەی 140 .



کۆبوونەوەی عەرەبەکانی ئەنجوومەنی ئیسناد لە کەرکووک لە رۆژی 2008/11/15 (فۆتۆ:AFP)

پاش پێکهێنانی لیژنەیەکی حەوت کەسی لەپەرلەمانی عێراق بۆ دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای کەرکووک و پێداچوونەوە بە تۆماری نفوس، کێشەی ئاوارەکان، دەستنیشانکردنی ئەو زیادەرۆییانەی کراوەتە سەر موڵکی حکومەت و هاووڵاتیان، رۆژی 2008/12/25 لیژنەی هەماهەنگی نێوان لیستەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لەسەر دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ دابەشکردنی پۆستەکان لەو پارێزگایەدا بەرێژەی 32% بۆهەریەک لە کورد و عەرەب و تورکمان، 4%یش بۆ کلدان و ئاشووری رێککەوتن.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بە (رووداو)ی راگەیاند "پۆستەکان لەپارێزگارو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاوە تاوەکو فەرمانبەر و کارگوزارێک سەرلەنوێ بەپێی ئەو رێژەی لەسەری رێککەوتووین دابەشدەکرێتەوە" .

لیستی کوردستانی لە ئەنجامی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی 2005 ی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دا توانی پۆستی پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگار بەدەستبێنێ کە تائێستا بەدەسیتەوەیە، بەڵام بەهۆی ئەم رێککەوتنە کورد یەکێک لەو پۆستانە لەدەستدەدات.

ئەحمەد عەسکەری،کە ئەندامێکی لیستی برایەتی کەرکووکە،بە پێچەوانەی زۆر کوردەوە پێیوانییە ئەم رێککەوتنە لە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد بێت"ئاساییە کورد یەکێک لەو پۆستانە بداتە نەوتەوەیەکی دیکە، چونکە بەهۆی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی فەرمانبەرانی کەرکووک لە سەر بنچینەی رێژەی 32%زیاتر لە 10هەزار فەرمانبەری کورد لە کەرکووک دادەمەزرێن" .

محەممەد کەمال، سەرۆکی لیستی برایەتی کەرکووک لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک،کە لە کۆی 43 کورسی 26 کورسی هەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە بەپێی بەڵگەنامەکانی بەریتانیا لەساڵی 1919، یەکەم ئەنجوومەن کە لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا هەڵبژێردراوەوە، لە 12کەس پێکهاتووە: (6 کورد، 3 تورکمان،1 کلدۆئاشووری، 1 جولەکە، 1عەرەب).،"ئێستا 32% بۆکورد لەوانەیە لەڕووی ئەتەکیەتەوە خۆش نەبێت، بەڵام لەهەموو دانوستانێکدا هەندێک خاڵی سودمەند و هەندێک خاڵی زیان بەخش هەیە" .

محەممەد کەمال دەڵێ، ئەو دابەشکردنەوەی پۆستانە تا کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی تازەی ئەنجوومەنی کەرکووک دەبێ " تا ئەوکات کورد بەپێی ئەو رێککەوتنە پۆستێک لە دەستدەدات، بۆ ئەوەش واز لە پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا دێنێت" .

هەروەک سەرۆکی لیستی برایەتی کەرکووک، روونیکردەوە پێگەی نەتەوەکان لەرووی ئیدارییەوە، واتە لە رووی رێژەی فەرمانبەرەکانیانەوە ئێستا بەو شێوەیە: کورد 18%، تورکمان22%، عەرەب 56% و کلدان و ئاشوری 1.45%.

محەممەد کەمال دەڵێ ئەگەر رێککەوتنامەکە بێ گرفت جێبەجێبکرێ بەسوودی کورد و تورکمانە "بەپێی ئەوە کورد سوودمەند دەبێت و زیاتر لە 10 هەزار فەرمانبەری دادەمەزرێن" .

بەپێی ئەم بڕیارە دەبێت زیاتر لە 20 هەزار فەرمانبەری عەرەب لەکار لابدرێن و کورد و تورکمان جێگەیان بگرنەوە .

سەرۆکی لیستی برایەتی کەرکووک، پێیوانییە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە کارێکی ئاسان بێت"چۆن دەتوانرێت لەماوەیەکی کەمدا ئەو هەموو فەرمانبەرە عەرەبە دەربکرێن، یان ژمارەیەکی زۆری کورد و تورکمان دابمەزرێن، بۆیە لەوانەیە دیسانەوە پەنابرێتە بەر رێککەوتن" .

### لەساڵی ئایندەوە

# هەرێمی کوردستان رۆژانە

# 350 هەزار بەرمیل نەوت دەنێرێتە دەرەوە



نەوتی کەرکووک لە بەنداوی ئەتاتورکی شارۆچکەی بۆزۆڤای سەر بە ویلایەتی روحای باکووری کوردستان (فۆتۆ:AFP)

**عەلی حەمەساڵح**

**رووداو-هەولێر**

حکومەتی هەرێمی کورستان و بەغدا گەیشتوونەتە رێککەوتن بۆ فرۆشتنی نەوتی چاڵە تازە دۆزراوەکانی هەرێمی کوردستان و لەساڵی ئایندەوە رۆژانە 350 هەزار بەرمیل نەوت لەکوردستانەوە دەچێتە دەرەوە،ئەوەش واتای چارەسەربوونی کێشەی گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان دەگەیێنێ.

رۆژی 2008/11/24 د.حوسێن شەهرستانی، ئەو وەزیرەی لە دوای رووخانی رژێمی سەدامەوە وەزیری نەوتی عێراق سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆبووەوە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی هاوبەشدا هەردوولا بە زمانێکی ئاماژەدەر بە هەبوونی نیازی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان قسەیان کرد.

لەو کۆنگرە رۆژنامەڤانیەدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گوتی هەموو ئەو تۆمەتانەی سەبارەت بە فرۆشتنی نەوتی بیرە تازە دۆزراوەکان بڵاودەکرێنەوە راست نین و "هەرێمی کوردستان تا ئێستا یەک لیتر نەوتی نەفرۆشتووە" . پێش سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، کاربەدەستانی دیکەی کوردستانیش جەختیان لەوە دەکردەوە کە ئەو نەوتەی لە رێگەی وشکانی کوردستانەوە دەچێتە دەرەوە، ئەو نەوتە رەشەیە کە عێراق دەیفرۆشێت.

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک لە کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی و د.حوسێن شەهرستانی، بڕیار لەسەر ئەو رێگایانەدرا کە نەوتی کوردستانی پێدا بچێتە دەرەوەو کە هەموویان لە ژێر چاودێری حکومەتی بەغدا دا دەبن.

موعتەسەم ئەکرەم، بریکاری وەزیری نەوتی عێراق، سەردانەکەی شەهرستانی بۆ هەولێر بە"سەردانێکی گرنگ" دانا و گوتی "کاریگەرییەکی باشی هەبوو لەسەر پێشەوەچونی گفتوگۆکان و چەندین گرفتیش چارەسەرکرا" .

موعتەسەم ئەکرەم، کە لە سەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان بریکاری وەزیری نەوتی عێراقە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی لەو سەردانەدا چەندین بڕیاری گرنگ درا"نەوتی خورمەلە بەنەوتی ناوەندەوە دەبەسترێتەوە، بڕی بەرهەمهێنانیش زیاددەکرێ لە 33هەزار بەرمیلەوە بۆ 100 هەزار بەرمیل لەرۆژێکدا، بەمەرجێک بەشی پاڵاوگەی تەقەتەقی لێبدرێت و کە 20 هەزار بەرمیلە لەرۆژێکدا" .

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەش لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان هەولێر و بەغدادا پێکدەهێنرێ .هەروەها بریکاری وەزیری نەوت ئەوەشی بە (رووداو) راگەیاند کە جگە لەنەوتی خورمەلە، کە ناوچەیەکی سەر بە ناحیەی دیبەگەیە و 30 کیلۆمەتر لە شاری هەولێرەوە دوورە "بڕیاردرا نەوتی تەقتەقیش لەرێگەی بۆڕییەوە بەنەوتی کەرکووکەوە ببەسترێتەوە، کە حکومەتی کوردستان دەڵێ رۆژانە 25 هەزار بەرمیل ئامادەیەو بەپێی گوتەی ئەو کۆمپانیایەی کاری تێدادەکات ئەم برە زیاددەکات بۆ 150 هەزار بەرمیل" . بە کۆکردنەوەی ئەو نەوتەی لە خورمەلە و زاخۆ و تەقتەق دەنێردرێتە دەرەوە دەکاتە 350 هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا.

سەبارەت بەنەوتی کێلگەی نەوتی کەبەرۆکی قەزای زاخۆش،کە بەپێی لێدوانەکانی کۆمپانیای DNO ئامادەیە بۆ ناردنە دەرەوە گوتی"نەوتی زاخۆ بەو بۆڕییانەوە دەبەسترێتەوە کە نەوت دەنێرنە تورکیا، ئێستا رۆژانە 50 هەزار بەرمیل نەوت ئامادەیە، بەڵام ئەو کۆمپانیایەی کاری تێدا دەکەن گوتوویانە دەتوانین بیکەینە 100هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا، واتە بڕی بەرهەمهێنان زیاد دەکرێت" .

د.حوسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، لەکۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەی هەولێردا گوتی لەو سەردانەیدا بۆ کوردستان باس لە گرفتی گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان نەکراوە"لە کۆبونەوەکانی داهاتودا کە لە هەولێر و بەغدا ئەنجامدەدرێن ئەو کێشانە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێ و رێگە چارەی پێویستیان بۆ دەدۆزرێتەوە" .

شەهرستانی، ئامادەیی وەزارەتەکەیشی دەربڕی بۆ بەشداریکردنی هەرێمی کوردستان لەو گرێبەستە نەوتیانەی کە لە بەغدا ئەنجامدەدرێن"خۆشحاڵین کە هەرێمی کوردستان بەشداربێت لەو گرێبەستە نەوتیانەدا" .

لیژنەی دارایی و نەوت وغاز کە یەکێکە لەو پێنج لیژنەیەی بۆچارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی بەغدا لەهەریەک لەد. عادل عەبدولمەهدی، د.تاریق هاشمی جێگرانی سەرۆک کۆمار و، د.بەرهەم ساڵح، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، د.رۆژ نوری شاوەیس نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەغدا، د.حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق پێکهاتووە،کاری سەرەکی ئەم لیژنەیە چارەسەرکردنی گرفتی گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان و دابەشکردنی داهاتی نەوتی عێراقە بەسەر هەموو گەلی عێراقدا.

د.عەلی حوسێن بەلۆ، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز، لەپەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی راگەیاند"لایەنە عێراقییەکان لەسەر ئەوە رێککەوتون کە پرۆژە یاسای نەوت و غازی عێراق، نوسخەکەی مانگی شوباتی 2007 کەهەموو لایەک لەسەری رازیبوون، بهێندرێتە پەرلەمان بۆ گفتگۆ لەسەرکردن و دەنگ لەسەردانی" .

بەپێی ئەم پرۆژەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکاندا گرێبدات بۆ دەرهێنانی نەوت وارۆ بکات، بەڵام سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق دەڵێت"ئەو گرێبەستانەی لەماوەی رابردوودا وارۆ کراون، لیژنەی دارایی و نەوت و غاز بڕیاریان لەسەر دەدات" .

لەبارەی بەیاساییکردنی ئەوگرێبەستانەی کوردستان لە کۆبونەوەکانی ئەو لیژنەیەدا، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق، ئەوەی بۆ (رووداو) خستەڕوو کە"کاتێک بڕیاری ئەوە درا کە نەوتی کوردستان لەگەڵ نەوتی عێراقدا بنێردرێتە دەرەوە، بەرۆشتنی نەوتەکە گرێبەستەکانی کوردستان دانیان پێدا دەنرێ، چونکە ئەگەر گرێبەستەکان بەنایاسایی لەقەڵەمبدرێن، ناتوانرێ نەوتی ئەو بیرە نەوتانە بنێردرێتە دەرەوە" .

بەپێی گوتەی بریکاری وەزارەتی نەوتی عێراق، بڕیارە لە سەرەتای ساڵی ئایندەوە نەوتی کوردستان بچێتە دەرەوە"بۆڕییە نەوتییەکانی کوردستان پەیوەست دەکرێت بەبۆڕییەکانی دیکەی عێراقەوە بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت،بەڵام هەندێک کێشەی لاوەکی وەک دانی خەرجی کۆمپانیاکان و بەستنەوەی هەندێک لەبۆڕییەکان بەیەکەو ماوەو ئەوەش لەبەغدا چارەسەر دەکرێن" .

### بۆ UNHCR

# نیو ملیۆن تورکمان لە هەولێر دەژین



سەنعان ئەحمەد ئاغا

**سەرۆکی پێشووی بەرەی تورکمانی سەنعان ئەحمەد ئاغا دانەیەکی ئەو روونکردنەوەیەی کە بە زمانی ئینگلیزی بۆ کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان UNHCR ی ناردووە، بەتایبەتی داوە بە (رووداو) کە وەکو بۆچوونێک بڵاویدەکەینەوە.**

ئێمە تێبینیمان لە سەر ناوەڕۆکی راپۆرتەکەی مانگی ئەیلولی 2007ی رێکخراوەکەتان هەیە سەبارەت بە راپۆرتی هەڵسەنگاندنی پارێزگای هەولێر. لەگەڵ ئەوەی ئێمە بێگومانین لە بێلایەنی رێکخراوەکەتان و بیروڕای بێلایەنی ئێوە و، کارەکانی رێکخراوەکەشتان لەبەرچاو دەگرین لەپێناو خزمەتکردنی خەڵک و پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان نەتەوەکان، بەڵام ئێمە پێمانوایە ئێوە بارودۆخی راستەقینەی تورکمانتان لە شاری هەولێر پشتگوێ خستووە. ئێمە دەمانەوێت هەندێک وشەی نێو راپۆرتەکە روون بکەینەوە، وەکو وشەی "هەندێ تورکمان" کە ئێوە سەبارەت بە ناسنامەی دیمۆگرافیای تورکمانی هەولێر لەو راپۆرتەدا بەکارتان هێناوە، هەروەها ئێوە ناوی پارتە تورکمانییەکانیشتان پشتگوێخستووە و نووسیوتانە "گرووپی کەمایەتی وەکو پارتە تورکمانییەکان" .

راپۆرتەکە پێچەوانەی بارودۆخ و کەشوهەوای ژیانی راستەقینەی تورکمانەکانی شاری هەولێرە و ئێمە پێمانوایە ئێوە زانیاری تەواوتان لەسەر ئەو مەسەلەیە نەبووە. ئێمە بەباشمانزانی لە رێگەی ئیمەیلەوە پێوەندی بە رێکخراوەکەتانەوە بکەین، بەمەبەستی راستکردنەوەی هەڵەکانتان بۆ ئەوەی لە راپۆرتی داهاتووتان لەسەر تورکمان سوودی لێ وەربگرن:

ئێستا نێزیکەی نیو ملیۆن تورکمان لە شاری هەولێر دەژین و چەندین قوتابخانە و باخچەی منداڵانی تورکمانی لەو شارەدا هەن وەک:

**1- باخچەی ساوایان:**

A- ئینگی چوگۆک باهچەسی.

B- ئیبیک چوگۆک باهچەس.

**2- قوتابخانەی سەرەتایی:**

A- قوتابخانەی سەرەتایی تورکمان ئیللی.

B- قوتابخانەی سەرەتایی کەرکووک.

C- قوتابخانەی سەرەتایی سالگوک.

D-قوتابخانەی سەرەتایی قەرە قۆینلۆ.

E- قوتابخانەی سەرەتایی دۆغوش.

F- قوتابخانەی سەرەتایی گۆگبورو.

G- قوتابخانەی سەرەتایی فەتهول.

H- قوتابخانەی سەرەتایی یونس پێغەمبەر.

I- قوتابخانەی سەرەتایی ئاق قۆینلو.

**3- قوتابخانە ناوەندییەکان:**

A- قوتابخانەی ناوەندی عیماد عەلادین.

B- قوتابخانەی ناوەندی ئەتابەک.

C- قوتابخانەی ناوەندی غەریبی.

D- قوتابخانەی ناوەندی ئەوگوسکان.

هەروەها لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، بەشی زمانی تورکی هەیە.

لەبارەی پارت و کۆمەڵە و یانە تورکمانییەکانەوە، کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە رێگەیان پێدراوە و لە تورکمانی شاری هەولێر پێکهاتوون، ئەوانەی خوارەوەن:

1- تورکمان قارداشلق ئۆجاغی.

2- نووسینگەی تورکمانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

3- بزووتنەوەی باغمسیسی تورکمان.

4- نووسینگەی هەولێری بەرەی تورکمانی عێراقی.

5- بزووتنەوەی چاکسازی تورکمانی.

6- بزووتنەوەی دیموکراتی تورکمانی کوردستان.

7- پارتی دیموکراتی تورکمانی کوردستان.

8- پارتی قورتولشی تورکمانی.

9- ئۆرگوتو لیبرالیزمی تورکمان.

10-ئەیتم ئۆرگوتو تورکمانی کوردستان.

11- یانەی وەرزشی تورکمان.

هەروەها چەندین گورانیبێژ، شاعیر و شێوەکار و رۆژنامەنووسی دیکە هەن، لەگەڵ ئەوەش چەند وەزیرێکی تورکمانی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەن، هەروەها چەندین تورکمان نوێنەرایەتی لیستی کوردی دەکەن لە پەرلەمانی عێراق و چەندین تورکمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستانن، لەبەرئەو هۆیانەی سەرەوە، زۆر زەحمەتە تورکمانی هەولێر بە "هەندێک" پێناسە بکرێن.



**سیستانی دوعا بۆ سوپای عێراق دەکات**

رووداو - نیوزماتیک

◆ سەرلەشکری سوپای عێراق بابەکر زێباری بەدووری زانی لە دوای کێشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراق هیچ کێشەیەک لەناوچە "ناکۆکی لەسەرەکان" رووبدات . زێباری رۆژی 2008/11/30لە دوای سەردانی نەجەف و دیداری لەگەڵ ئایەتوڵلا سیستانی گوتی "سیستانی پێشوازییەکی گەرمی لێکردم و دوعاشی بۆ سوپای عێراق کرد".

## سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی:

# من پشتگیریی لە ئۆتۆنۆمی دەکەم بۆ مەسیحییەکان



نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (فۆتۆ:سیروان حەجی بەرکۆ)

**رۆژنامەی ئەڵمانی Frankfurter Rundschau کە یەکێکە لە گەورەترین و گرنگترین رۆژنامەکانی ئەڵمانیا لە ژمارەی رۆژی 2008/11/28، هەڤپەیڤینێکی لەسەر رەوشی مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی بڵاوکردەوە.**

**یەک رۆژ پێش بڵاوکردنەوەی هەڤپەیڤینەکە، وەزیرانی ناوخۆی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بڕیاریاندا نزیکەی 10 هەزار هاووڵاتی عێراق کە لە ئوردون وسوریا نیشتەجێن بێننە ئەورووپا و مافی مانەوەیان پێببەخشن. ئەڵمانیا بڕیاریداوە لەو 10هەزارە مافی مانەوە بداتە 2500 پەنابەری عێراقی. زۆربەی ئەو پەنابەرانە مەسیحین. لە ئەورووپا بەگشتی و لە ئەڵمانیا بەتایبەتی سەبارەت بە رەوشی مەسیحییەکانی باشووری کوردستان، هاوکاری حکوومەتی کوردی بۆ مەسیحییەکان بەکەم دەبینرێت.**

**لەو هەڤپەیڤینەدا، نێچیرڤان بارزانی ئاشکرای دەکات کە لەو کاتەی مەسیحیەکان لە هەرێمەکانی دیکەی عێراق رووبەڕووی کوشتن وکۆچپێکردن دەبنەوە، لە هەرێمی کوردستان لە رەوشێکی ئارام دەژین . رووداو، وەرگێڕدراوی کوردی ئەو هەڤپەیڤینەی هاوکارمان (سیروان حەجی بەرکۆ)، بڵاودەکاتەوە:**

**Frankfurter Rundschau: پێش ماوەیەک لە موسڵ ژمارەیەکی زۆر مەسیحی کوژران و ناچارکران دەستبەرداری ماڵ و حاڵیان ببن و رابکەن. ئەوکات هەندێک لایەن کوردیان بە ئەنجامدانی ئەو تاوانانە تۆمەتبارکرد. ئێوە لەو بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە مەسیحییەکان لە موسڵ دەربکرێن. ئەمەش لەبەر ئەوەی لە موسڵ کورد و مەسیحی هاوپەیمانن. ئەگەر مەسیحی لە موسڵ نەمێنن، ئەو کات دەنگەکانمان کەمدەبنەوە و لەئەنجوومەنی پارێزگا دا کورسییەکانمان کەمدەبنەوە. ئەمە بە زیانی ئێمە تەواو دەبێت. لێرەدا پرسیارێک دەکەم: ئایا رێی تێدەچێت نەتەوەیەک بەدەیان ساڵ رووبەڕووی چەوسانەوە بووبێتەوە، ئەمڕۆ ئەو بەهەمان شێوە میللەتانی دیکە بچەوسێنێتەوە؟ بۆ ئێمە وەکو کورد ئەو کارە نە لەرووی ئەخلاقی و، نە لەرووی سیاسییەوە کارێکی بەجێ نییە.

پشتگیری ئێمە بۆ مەسیحییەکان پشتگیرییەکی سیاسی نییە، زیاتر پشتگیرییەکی ئەخلاقییە. بۆ ئێمە گرنگ نییە ژمارەی مەسیحییەکان چەندە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەوان لە کوردستان دەژین و شوێنەوارە مێژووییەکانی ئەوان لەو وڵاتەدا هەن. کاتێک رژێمی سەدام گوند و دێهاتەکانی ئێمەی خاپوور کرد، کەس لە ئێمەی نەپرسی کامە گوند هی کوردانە و، کامەیان هی مەسیحی و کامەیان هی ئێزدیانن. تاوانمان ئەوەبوو کە ئێمە بەیەکەوە لەسەر ئەو خاکە دەژیاین. لەسەر ئەو بنەمایە گوندەکانمان خاپوورکران. لەدوای شەڕی عێراق، مەسیحییەکانی بەسرە و بەغدا ناچارکران رابکەن، ئەوکات ئێمە دەرگاکانمان بۆ کردنەوەو بەهەزارانمان لێرە نیشتەجێکردن، هەروەها ئەوکات بەگوێرەی توانا سنووردارەکانمان هاوکاری ئەو خێزانە مەسیحیانەمان کرد.

**Frankfurter Rundschau: ئێوە چیتان کرد؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەوانمان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک نیشتەجێکردن و، مووچەیەکی مانگانەمان بۆ هەر خێزانێکیان بڕیەوە. لەوکاتەوە نزیکەی 100 گوندی ئەوانمان لە پارێزگای دهۆک ئاوەدانکردوونەتەوە. زۆر شتمان بۆ ئەنجام داون، زۆر لەمێژە ئەوە دەکەین و هەر باسیشی ناکەین. مەسیحییەکان لە کوردستان سەنتەری رۆشەنبیریی و تەلەڤزیۆنی خۆیان هەیە، دەتوانن لە قوتابخانەکان بە زمانی خۆیان پەروەردە بکرێن و دابونەریتەکانیان پێڕەو بکەن . لە هەرێمی کوردستان مەسیحییەکان لە زۆر پۆستی هەستیاری حکوومەتدان . ئەوانە مافی سروشتی ئەوانن. ئێمە ئەوان وەکو هاووڵاتی ئەو هەرێمە تەماشا دەکەین.

**Frankfurter Rundschau: ژمارەی ئەو مەسیحیانەی هاتوونەتە کوردستان چەندە؟**

**نێچیرڤان بارزانی** : نزیکەی 20 هەزار خێزان هاتوونەتە کوردستان، کە ژمارەیان لەنێوان 80 هەزار تا 100 هەزار کەس دەبێت.

**Frankfurter Rundschau: ئێوە لە دوا رۆژ کام مۆدێل بۆ مەسیحییەکانی عێراق و کەمەنەتەوەکانی دیکە بە گونجاو دەبینن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئێمە ئێستا خەریکی نووسینی دەستووری هەرێمی کوردستانین. ئێمە پێیان ناڵێین کەمە نەتەوە، بەڵکو وەکو نەتەوە ناویان دێنین .ئێمە مافی ئەو نەتەوانە لە چوارچێوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا دیاری دەکەین.من بەخۆم پشتگیری لە حوکمی زاتی بۆ ئەوان دەکەم. ئێمە لە کوردستان زۆر گرنگی بەپاراستنی ئەوان دەدەین. وا لێکنادەینەوە کە لە کوردستان تەنیا کورد دەژین، بەڵکو خۆمان بە کوردستانی دەزانین. لە کوردستان کورد، لەنێو کوردیش دا کوردی ئێزدی و کوردی شەبەک هەن، تورکمان و مەسیحی دەژین. تاوەکو ئێستا روون نەبووەتەوە ئایا حوکمی بەچ شێوەیەک لەنێو دەستووردا دەچەسپێت، ئەوە مەسەلەیەکی گەرمە و ئێمە ئێستا لە کوردستان گفتوگۆی لەسەر دەکەین..

**Frankfurter Rundschau: ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەتەنیا دەتوانێت کێشەی کەمە نەتەوەکان لە عێراق چارەسەربکات؟ ئەورووپا و بەتایبەتی ئەڵمانیا لەو رووەوە دەتوانن چی بکەن؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** بەداخەوە، کاتێک ئێمە یارمەتی مەسیحیەکانمان دەدا، کەس نەهات بڵێ ئایا ئێمە دەتوانین چ بۆ ئەوان بکەین . حکوومەتی فیدرالی لە بەغدا جگە لە بڵاوکردنەوەی چەند لێدوانێکی نارەزایی شتێکی دیکەی نەکرد و لە رووی پراکتیکی هاوکاری ئێمەی نەکرد. نەتەوە چەوساوەکان پێویستیان بە هاوکاری بەردەوام هەیە، بۆ ئەوەی بتوانن بگەڕێنەوە هەرێمەکانیان.

**Frankfurter Rundschau: سوودی کوردستان لە پشتگیریکردنی مەسیحییەکان چییە؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** سوودەکە زیاتر ئەخلاقییە، دواتریش سوودی سیاسییە. ئەوان نەتەوەیەکن کە لەگەڵ ئێمە ژیاون و ئازارێکی هاوبەشمان هەیە .

**Frankfurter Rundschau: ژمارەیەکی زۆر لەمەسیحییەکان لەدەشتی موسڵ لەگەڵ کورد دەژین،ئایا ئێوە دەتانەوێت ئەو هەرێمە بخەنە سەر هەرێمی کوردستان؟**

**نێچیرڤان بارزانی:** ئەگەر خەڵکی ئەو هەرێمە بە رێگەی ریفراندۆمێکی ئازاد داوای ئەوە بکەن، بەسەر چاوان. ئەگەر داوا ناکەن، نەخێر. ئێمە بەخۆمان هیچ فشار ناخەینە سەر ئەوان و ئەوان ناچاری کارێکی بەوشێوەیە ناکەین.

# تورکیا هێڵی سوور بۆ بەرەی تورکمانی دادەنێت



هێمن خۆشناو
heminxoshnaw@yahoo.com

**رووداو – هەولێر**

دوای سەرکەوتنی پارتی دادو گەشەپێدان AKP لە هەڵبژاردنەکانی 2005، گۆڕانکاری لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا هاتە کایەوە، بەرەی تورکمانی یەکێک بوو لەو لایەنانەی بەر ئەو گۆڕانکارییە کەوت و لەمانگی تەممووزی ئەمساڵ، دۆسیەی بەرە لە سوپا وەرگیرایەوەو رادەستی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کرا.

تورکمانەکانی کوردستان و عێراق تاوەکو راپەڕینی 1991 ،تەنیا خاوەنی یەک حیزبی سیاسی بوون کە ناوی یەکێتی ئیسلامیی تورکمانی عێراقە. ئەو حیزبە کە ئێستاش بەشێکە لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق ولیستی ئیئتیلاف کە عەبباس بەیاتی سکرتێریەتی. دوای راپەڕین چەند پارتێکی تورکمانی دامەزران، لە 24ی نیسانی 1995 چوار پارتی تورکمانی بەرەیەکیان بەناوی بەرەی تورکمانی دامەزراند، بەڵام نەیتوانی هەموو لایەنە تورکمانییەکان کۆبکاتەوە، لەوانەش یەکێتی ئیسلامیی عێراق و ئەو پارتە تورکمانیانەی بەشداری پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستانن.

بەرەی تورکمانی کە بانگەشەی نوێنەرایەتی هەموو تورکمانەکانی دەکرد، لە هەڵبژاردنەکاندا توانی تەنیا یەک کورسی پەرلەمانی عێراق بەدەستبێنێ. هەر دوای رووخانی رژێم دوای گواستنەوەی بنکەی بەرەی تورکمانی لە هەولێرەوە بۆ کەرکووک، تورکمانەکانی هەولێر لەنێو بەرەی تورکمانیدا هەستیان بە پشتگوێخستنێکی زۆر کرد.

بەرەی تورکمانی، تاوەکو ئێستا دانی بە حکومەتی کوردستان دانەناوە و خاوەنی نەخشەی (وڵاتی تورکمان —تورکمن ایللی)یە کە لە تەلەعفەرەوە دەستپێدەکات و هەولێر و بەشێکی موسڵ و کەرکووک و خانەقین دەگرێتەوە .بەرەی تورکمانی هەر لەسەرەتاوە هەر وەک تورکیا دژایەتی بوون و جێبەجێکردنی مادەی 140 بووەو داوادەکات کەرکووک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ.

لە کۆنگرەی پێنجەم دا کە لە مانگی تەممووزی ئەمساڵ بەسترا، بەرەی تورکمانی وەکو کوالسیۆنێکی حیزبە تورکمانییەکان خۆی هەڵوەشاندەوەو وەکو حیزبێکی سیاسی بەناوی بەرەی تورکمانی خۆی راگەیاندەوە، ئەم هەنگاوەی بەرە تێڕوانینی جیاوازی لێکەوتەوە. هەندێکیان وەکو داواکاریەکی تورکیایان هەڵسەنگاند و هەندێکی دیکەش بۆ هۆکاری تەکنیکیان گەڕاندەوە.

جەمال شان، سەرۆکی پارتی نیشتمانیی تورکمانی عێراق، کە بەگەورەترین حیزبەکانی ناو بەرەی تورکمانی دادەنرا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو گۆڕانکارییە پەیوەندی بە یاسای پارتە سیاسییەکانەوە هەیەو گوتی "ئەگەر بەرەی تورکمانی وەکو پێکهاتەی رابردوو بمابایەوە، ئەوە پارتەکانی ناو بەرە نەیاندەتوانی سوود لەیاسای پارتە سیاسییەکانی عێراق وەربگرن".

بەڵام کەنعان شاکر، سەرۆکی بزوتنەوەی تورکمانە بێلایەنەکان، کە ئەویش حیزبەکەی لەناو بەرە دابوو، دەڵێت "ئەو هەنگاوە پەیوەندی بەئازدی پارتەکانی ناو بەرەوە هەیە"، هەروەها دەڵێت "ئێستا بەرەی تورکمانی قەوارەی سیاسی خۆی هەیە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، حیزبەکانی دیکەی ناوبەرەش بە هەمانشێوە وەکو قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ لەلایەن کۆمسیۆن دەناسرێن".

بەڵام نووسەری تورک ئومێد ئۆزداغ، پێش بەستنی کۆنگرە لە 2008/5/12 دا لەوتارێکیدا لە ماڵپەڕیTURKFON کە دواتر لە ماڵپەڕی بەرەی تورکمانیش بڵاوکرایەوە جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە AKP هەوڵدەدات بەرەی تورکمانی کۆنترۆڵ بکات بۆ ئەمەش دەیەوێت" یان سەعدەدین ئەرگیچ لەسەرۆکایەتی بەرە لابدات یان پێکهاتەی بەرە بگۆڕێت".

سەعدەدین ئەرگیچ، کە لە کۆنگرەی چوارەم دا بووە سەرۆکی بەرە، هاوکات تاکە ئەندامی بەرەی تورکمانییە لەپەرلەمانی عێراق، وەک سەرکردەیەکی نزیک لەسوپای تورکیا دەناسرێت.

دوای گەڕانەوەی سەعدەدین ئەرگیچ لەتورکیا لە 29 /2008/3 سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی بەئامادەبوونی هەموو ئەندامانی، کۆبوونەوەیەکی لەبەغدا سازکرد، ئەرگیچ رووبەڕووی رەخنەی توندی بەشدارانی کۆبوونەوەکە بووەوە، بەتایبەتی لەلایەن ئەنوەر بەیرەقدار، سەرۆکی پارتی عەدالەتی تورکمانی، کە لەساڵی 1994 دامەزراوە و لەساڵی 2005 چووەتە ناو بەرەی تورکمانی و، بەحیزبێکی نزیک لە AKP دەناسرێت.

بەیرەقدار لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکایەتی ئەرگیچی وەکو دیکتاتۆر و پاکتاوکار بەناو کرد و پێشنیازی کرد ئەرگیچ لە سەرۆکایەتی بەرە لابدرێت، پێشنیازەکەشی پەسەند کرا، بەڵام جێبەجێکردنی بۆ دوای کۆنگرەی بەرە دواخرا.

جەمال شان، ئەو قسانەی پشتڕاستکردەوەو گوتی "بەڵام لەکۆنگرەی پێنجەمی بەرە جارێکیتر ئەو ئەرکە بە ئەرگیچ سپێردرایەوە".

سەرچاوە تورکییەکان پێیانوایە ناکۆکییەکانی ناو بەرە زۆر لەوە گەورەترن کە لەنێوان ئەرگیچ و بەیرەقدار کورت بکرێنەوە، بەڵکو ئاماژە بەوە دەدەن ئەو ناکۆکیانە پەیوەندییان بەململانێکانی نێوان سوپاو حکومەتی تورکیاوە هەیە.

نەوزاد چیچەک، بەڕێوەبەری هەواڵ لە رۆژنامەی TARAFی تورکی لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "وەزارەتی دەرەوە دەیگووت دەبێ سەعدەدین ئەرگیچ لەسەرۆکایەتی بەرە دوور بخرێتەوە، بەڵام سوپا پێی باش بوو ئەو لەجێگەی خۆی بمێنێتەوە، لە دواییدا لەسەر مانەوەی ئەرگیچ رێککەوتن".

ئومێد ئۆزداغیش پێیوایە کە "دەریا کانبای باڵیۆزی تورکیا لەعێراق و حوسێن ئەکنی بەرپرسی یەکەمینی کۆنسوڵخانەی تورکیا لەموسڵ سەبارەت بەلابردنی ئەرگیچ لەگەڵ AKP هاوڕانە".

لە دوای سەردانی ئەردۆغان بۆ بەغدا، کەناڵی ئاسمانی تەلەڤزیۆنی بەرە بە باڵیۆزخانەی تورکیا لە عێراق پەیوەستکرا، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە حکوومەتی تورکیا بەسەرۆکایەتی AKP سوورە لەسەر کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بەرەی تورکمانی.

سەفین دزەیی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشتر ئەوەی بۆ (رووداو) پشتڕاستکردبووەوە کە "دوای سەردانی ئەرۆدغان بۆ بەغدا بەرەی تورکمانی هەست بەنیگەرانی دەکات"، هەروەها گوتی "رادەستکردنەوەی دۆسیەی بەرەی تورکمانی بەمەدەنییەکان مانای وایە تورکیا بەچاوێکی دیپلۆماسیانە سەیری بەرەی تورکمانی دەکات".

بەڕێوەبەری هەواڵ لە رۆژنامەی TARAFی تورکی ئەم هەوڵەی تورکیا وەکو گۆڕانێک ناو دەبات و پێیوایە لەمەودوا حکوومەتی AKP هەوڵدەدات بەیەکسانی لەگەڵ هەموو قەوارە سیاسیە تورکمانییەکان هەڵسوکەوت بکات، هەروەها دەڵێت "پێموایە سوپا و حکوومەتیش لەو روانگەیەوە گەیشتوونەتە رێککەوتنێک".

لەدوای بوونی بەرەی تورکمانی بەحیزبێکی سیاسی، ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی پارتە تورکمانیەکان دامەزراوە، ئەو ئەنجوومەنەش نوێنەری هەموو تورکمانەکان لەناوچە جیاجیاکانی عێراق لە خۆ دەگرێت و بوونە نوێنەریش لەو ئەنجوومەنە بەرێگای هەڵبژاردن دەبێت کە لە 71 ئەندام پێکدێت.



سەرۆک و ئەندامانی بەرەی تورکمانی لەگەڵ سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گیول




## ئۆباما وەڵامی هیجری دەداتەوە

رووداو-هەولێر

◆ باراک ئۆباما سەرۆکی تازەی هەڵبژێردراوی ئەمەریکا هیوای خواست حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران درێژە بەچالاکییەکانی بدات. لە وەڵامی پیرۆزباییینامەیەکی مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئۆباما سوپاسنامەیەکی ئاراستەی هیجری کرد و تێیدا هاتووە " من و سێناتۆر بایدن هیواداریین ئێوە درێژە بە چالاکی بدەن لە کۆمەڵگاکەتان ". محەممەد سالّح ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیوەندییەکدا لەگەڵ (رووداو) وەڵامنامەکەی ئۆبامای پشتڕاستکردەوە.

### فەرهاد تەجری، ئەندامی کوردی پەرلەمانی ئێران:

# کۆمەڵە و دیموکرات وێنەی کوردیان لەپێش چاوی خەڵکی ئێران ناشرین کرد



بیلال سەعید
رووداو- سلێمانی

لەکاتێکدا حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، ئەندامە کوردەکانی ئەنجوومەنی شورای ئیسلامیی ئێران (پەرلەمان) بە داردەستی رژێمی ئێران دادەنێن، فەرهاد تەجری کە یەکێکە لە ئەندامە کوردەکانی پەرلەمانی ئێران، هۆکارێکی سەرەکی بایەخنەدانی حکومەتی ئێران بە ناوچە کوردییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ کردەوەکانی کۆمەڵە و دیموکرات و حیزبە کوردییەکانی دیکە و دەڵێ "ئەوان رۆژهەڵاتی کوردستان دێنێتەوە"بەشێکیان پەیوەندییان بەسەردەمی پێش شۆرشی ئیسلامییەوە هەیە، جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، باری ئەمنی ئەو ناوچانە کە حیزبەکانی کۆمەڵەو دیموکرات وحیزبەکانی دیکە هەندێک کاریان کردن کاری کردە سەر زهنی خەڵکی ئێران و کوردیان لە پێش چاوی خەڵکی ئێران ناشرین کرد، کەم ئەزموونی پەرلەمانتارانی کورد". هەروەها دەڵێ" حکومەتیش باش دەزانێ پێشووتر بەهۆی ئەو بارودوخانەوە کاری باشی لەناوچە کوردنشینەکان نەکردووە".گوتیشی

## کوردبوون هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەکردووم

کوردیان لەپێش چاوی خەڵکی ئێران ناشیرین کردبوو".

فەرهاد تەجری، نوێنەری شارە کوردییەکانی گیلان غەرب و قەسری شیرین و سەرپیل زەهاو لە پەرلەمانی ئێران، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی و مافی مرۆڤی پەرلەمانە و وەک خۆی دەڵێ "یەکیکم لەکەسە نزیکەکانی عەلی لاریجانی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران".چوار هۆکار بۆ خزمەت نەکرانی ناوچەکانی

" بەرپرسانی ئێران هیچ جۆرە جیاوازییەک لەنێوان شارەکانی ئێران ناکەن وقەت ناڵێن ئەوە کوردەو ئەوە فارسە، بەڵکو وەک یەک سەیر دەکرێن".

جگە لەوەی ئێران تاوەکو ئێستا بەندی 15 دەستووری خۆی جێبەجێنەکردووە، کە رێگە بە خوێندن بە زمانی دایک دەدات و قوتابیانی کورد تاوەکو ئێستا لە خوێندنی کوردی بێبەشن، ئەو بەشە کوردیەی لە سنەش کرابووەوە داخرا، زۆربەی هەرە زۆری کاربەدەستەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کورد نین و کورد هیچ مافێکی سیاسی دەستوورییان نییە لە ئێران. هەروەها ناسینەوەی ناوچە کوردنشینەکان بەهۆی کەمی خزمەتگوزارییەکانی ئاسانە .

ئەو ئەندامەی پەرلەمانی ئێران دەڵێ حکومەتی ئێران جیاوازی لەنێوان شارەکاندا ناکات لەکاتی دانانی بودجەدا، بەڵام لە هەمانکاتدا دەڵێ ئێستا کردەوەکانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)" جاریکیتر بارودۆخی ئەمنی ناوچە کوردنشینەکانی تێکداوەو ئەمەش بیانوو دەداتە دەست حکومەت کە پرۆژەی خزمەتگوزاری و گەشەپێدان نەهێنێتە ناوچەکە و بودجەی ناوچە کوردییەکان جاریکیتر بۆناوچەکانی دیکە ببرێت".

لە رۆژانی 25-2008/11/28 پێشانگای ئێران لە سلێمانی کرایەوە و 40%ی بازرگانەکان و کۆمپانیا بەشدارەکانی پێشانگاکە لە قەسری شیرین و سەرپیل زەهاوەوە هاتبوون.فەرهاد تەجری دەڵێ ئەو لە هەوڵدان دایە لە گەڵ وەزیرەکانی ئێران بۆ بەیاخدان بەو ناوچانەی ئەو نوێنەرایەتیان دەکات "لەهەوڵدام لەگەڵ وەزیرەکان قسە بکەم لەپێناو باشترکردنی باری گوزەران و خزمەتکردنی زیاتری شارەکانی قەسری شیرین و گەیلان غەرب و سەرپیل".لەبەر ئەوەی وەک ئەو گوتی"گرنگترین کێشەی ئەو شارانە، بێکاری گەنجانە، چونکە هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان نییە کە گەنجان بتوانن کاری تێدا بکەن".

لەنێو ئەو بێکارییەی لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، دیاردەی بڵاوبوونەوەی مادە بێهۆشکەرەکان لە نێو گەنجاندا زۆر بەرچاوە، حیزبە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانیش دەڵێن حکومەت بەمەبەستەوە مادە بێهۆشکەرەکان لە کوردستان بڵاودەکاتەوە.

فراکسیۆنی کوردی لە سەردەمی ئەندامێتی بەهائەدین ئەدەب دا زۆر کاریگەرتربوو لەو فراکسیۆنە ئێستا . بەڵام تەجری دەڵێ ئەو لە هەوڵدانی زۆردایە بۆ باشکردنی باری ئابووری ئەو ناوچە کوردنشینانەی ئەو نوێنەرایەتی دەکات و دەڵێ " لەماوەی رابردوو کە هەوڵدرا مەرزی پەروێزخان دابخرێت لەگەڵ 56 پەرلەمانتاری دیکە دەنگم بەوەدا کە ئەو مەرزە دانەخرێت و نامەیەکمان دایە سەرۆک کۆمار کە ئەو مەرزە گرنگە دانەخرێت چونکە مایەی بەرەکەتە بۆ عێراق و ئێران". گوتیشی ئێستاش سەرجەم کارەکانی کردنەوەی مەرزی تیلەکۆ تەواو بووە و لەماوەیەکی نزیکدا کەمدا دەکرێتەوە کە دەکەوێتە ناوچەی نێوان مەیدان-قورەتوو لە نزیک

> **پژاک بیانوو دەداتە دەست ئێران کە خزمەتگوزاری نەگەیێنێتە ناوچە کوردییەکان**

شاری کەلار.

تەجری کە یەکێکە لەکەسە نزیکەکانی عەلی لاریجانی، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران دەڵێت "ئێستا بارودۆخەکە زۆر باشترە، چونکە کورد تێگەیشتووە کە دەتوانێ بەشداربێت لەبڕیارە سیاسیەکانی ئێران".

لەدەستووری ئێران شێوازی سەرۆکایەتی بەوە دیاریکراوە ئەو کەسەی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی خۆی هەڵدەبژێرێت پێویستە "پیاوێکی سیاسی" بێت، ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی کە راڤەی جیاوازی بۆ دەکرێت و هەندێ کەس پێیوایە ئەوەی دەبێتە سەرۆک کۆمار بەپێی ئەو مادەیە دەبێ پیاو بێت. تەجری دەڵێ"تا ئێستا ئەوە یەکلایی نەکراوەتەوە، بۆیە ئەگەری



ئیبراهیم عەزیزی

## یەکێک لە جێگرەکانی سەرۆک کۆماری ئێران کوردە

ئەوە هەیە ئەو مادەیە بگۆڕێت". بەڵام دەڵێ هیچ رێگرییەکی یاسایی نییە کوردێک خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری هەڵبژێرێت .

ئەو پێیوایە "مەسەلەی کورد لەئێران جیاوازە لەشوێنەکانی دیکە، چونکە کورد پەیوەندی دێرینی هەیە لەگەڵ فارس هەیە و هەرکاتێک کوردی کوردستانی عێراق کێشەیان بۆ دروست کرابێت هاتوونەتە ئێران و ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ئەیسەلمینی کە بەرپرسانی ئێران حساب بۆ نەتەوەی کورد دەکەن"،هەروەها گوتی کورد لە ئێران چەند پۆستێکی بەدەستەوەیە وەک ئیسماعیل نەجاڕ، کە ئوستاندار (پارێزگار)ی سنەیە "هەروەها ئیبراهیمی عەزیزی جێگری سەرۆک کوماریش کوردە" .ئەو دەڵێت "ئەوانە ئەگەر بیانەوێت خۆیان بپاڵێون بۆ سەرۆک کۆمار ئاساییە و هیچ رێگریەک نییە".

ئەو دەیەوێ وێنەیەکی زۆر جوان لە پێکەوەژیانی وەک یەکی نەتەوەکان لە ئێران نیشانبدات و دەڵێ "ئێستا خەریکە تێکەڵاوییەکی زیاتر دروست دەبێ، کێشەی نەتەوە نییە لە ئێران، تەنانەت ئێران خەریکە هاوشێوەی یەکێتی ئەوروپای لێدێت".

دوای هاتنە سەرکاری رژێمی سیاسی ئێستای ئێران، دوای شۆرشی گەلانی ئێران و دەستپێبوونی شەڕ لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان حیزبە کوردییەکان و کۆماری ئیسلامی ئێران، ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتیانی شاری (سەرپیلی زەهاو) ئاوارەی ئۆردووگای رومادی بوون، کەئێستا زۆریان لەکەمپی کاوە و باریکە دەژین لە هەرێمی کوردستان، فەرهاد تەجری گوتی "ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان کێشەی سیاسیان هەبێت بۆیە نەگەڕابنەوە".

وەک لەقسەکانی ئەو پەرلەمانتارە دەرکەوت تاکو ئێستا نەیزانیووە ئەم ژمارەیە زۆرە لە هاووڵاتیانی ناوچەکەی لە هەرێمی کوردستاندا هەن،بۆیە گوتی "بەڵێنیان پێدەدەم بەدوای ئەو مەسەلەیەدا بچم، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هیچ هاووڵاتیەکی خەڵکی سەرپیل نەهاتووەتە لام باس لەحاڵەتیکی وابکات، داوا لەو هاووڵاتیانە دەکەم نامەیەک ئاراستەی ئێمە بکەن بۆ ئەوەی کاریان بۆ بکەین بە رێگایەکی یاسایی بتوانن بگەڕێنەوە ئێران".

# جیاوازییەکان لەنێوان بێشکچی و ئۆجەلاندا دەتەقنەوە

### ئیسماعیل بێشکچی بۆ (رووداو):

## بەیەکچوواندنی من لەگەڵ زیا گوگ ئالپ لەلایەن ئۆجەلانەوە شتێکی راست نییە

### عەبدوڵڵا ئۆجەلان:

## بێشکچی دەیزانی هەڵوێستی من دەربارەی دەوڵەت چبووە

رووداو-ئەنقەرە

لە سیاسەتدا دۆست و دوژمنایەتی هەتا سەر نییە، ئەم راستییە گوزارە لە پەیوەندییەکانی نێوان سەرۆکی PKKو کۆمەڵناسی نێوداری تورکیا ئیسماعیل بێشکچی دەکات، کە دوای دۆستایەتی چەند ساڵە ئێستا کەوتوونەتە رەخنە لەیەک گرتن. بێشکچی بە (رووداو)ی راگەیاند بەیەک چواندنی ئەو و زیا گۆک ئاڵپ لەلایەن ئۆجەلانەوە شتێکی راست نییە .

لە دوای رفاندنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە 1999/2/15 لە کینیاوە بۆ زیندانی دوورگەی ئیمرالی، رەخنە لەیەکتر گرتن لە نێوان بێشکچی و ئۆجەلان دا دەستی پێکرد و لەم رۆژانەی دواییدا ئەو رەخنە لە یەکتر گرتنە ئاراستەیەکی ئاشکراتری بەخۆوە بینی.

بێشکچی تاوەکو بەر لە دەستگیرکردنی ئۆجەلان، بەردەوام پشتگیری لە PKK دەکرد کە ئەوکات PKK دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرزکردبووەوە، بێشکچی ئەوکات وەک مرۆڤێکی مەزن و بوێرنە سەیری ئۆجەلانی دەکرد، بەڵام کە ئۆجەلان دوای دەستگیرکرانی دەستبەرداری دروشمی سەربەخۆیی کوردستان بوو و زیاتر لە پێشوو هێرشیکردە سەر نەتەوەیبوونی تاکی کورد، بێشکچی رەخنەی لەو هەڵوێستانەی گرت، ئیتر بێشکچیش لە دەزگاکانی راگەیاندنی PKK دا ونکرا، کە پێش ئەوە پەرتووک و وتارەکانی بە چەندین زمان بڵاودەکردنەوە.

بێشکچی کەسایەتییەکی زانستی و ئەکادیمییە، لەساڵی 1932 لەشاری چۆرمی



بێشکچی

تورکیا لەدایکبووەو،بەکالۆریۆسی لە رامیاری و دکتۆرای لە بواری کۆمەڵناسیدا وەرگرتووە، بۆ یەکەمجار بەهۆی سەربازیکردنی لە شاری بەتلیسی باکووری کوردستان کوردی ناسیووە، ئەوکاتەی مامۆستای زانکۆبووە لەساڵی 1967 یەکەم لێکۆلینەوەی لەسەر کورد نووسیووە و لەساڵی 1971 بۆ یەکەمجار خراوەتە زیندانەوەو لەماوەی 1987 تاوەکو 1992 بەهۆی لێکۆلینەوەکانی لە سەر کورد بەردەوام بە دۆزی جیاجیا بەردەوام زیندانیکراوەو سزای دارایی بەسەردا سەپێندراوە .

لەدوا هەڤپەیڤینیدا لەگەڵ ماڵپەڕی کوردستان- پۆست کە ماڵپەڕێکی کوردییە بە زمانی تورکی، بێشکچی قسەکانی خۆی لە ناساندنی PKK وەکو بزووتنەوەیەکی زۆر گەورە دووپاتدەکاتەوە، بەڵام رەخنەی ئەوەی لێدەگرێ کە" داواکانی زۆر بچووکن". سەرۆکی زیندانکراوی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە دیداری 2008/11/18 لە زیندانی ئیمڕالی لەگەڵ پارێزەکانی،رەخنەی لەو لێدوانانەی بێشکچی گرت و دەڵێت "ئایا بێشکچی نازانێت هەڵوێستی من دەربارەی دەوڵەت چبووە؟ یان بێشکچی خۆی بە زیا گۆکئاڵپی کورد دەبینێت".

زیا گۆک ئاڵپ بەبنەچە کوردێکی زازایە و لەساڵی 1876 لە ئامەد لەدایکبووەو لەساڵی 1924 کۆچی دوایی کردووە.

نووسەر و کەسایەتی سیاسی باکووری کوردستان ئیبراهیم گوچلو کە کەسێکی نزیکی بێشکچییە لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) دەڵێ کە هیچ کێشەیەکی شەخسی لە نێوان بێشکچی و ئۆجەلان دا نییە" ئەو ناکۆکییانە لە دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان هاتنە ئاراوە، کاتێک ئۆجەلان ستراتیژی خۆی گۆڕی و دەسبەرداری کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتوو بوو ".

بێشکچی بەهۆی توێژینەوە زانستییەکانی سەبارەت بە کێشەی کورد، 17 ساڵ زیندانیکراوەو،لە ساڵی 1979 بە تۆمەتی" دروستکردنی رێکخراوێکی نهێنی" تا ساڵی 1987 زیندانی دەکرێت، لەبەر ئەوەی بێشکچی ئەو سزا داراییەی بەسەریدا سەپێنرابوو، نادادتە دەوڵەت تا ساڵی 1999 لە زیندان دەمێنێتەوە. لە کۆی 36 پەرتووکی بێشکچی 32 پەرتووکی قەدەخەن.

ئیبراهیم گوجلو پێیوایە بێشکچی بە دیدێکی رووناکبیرانە و زانستیانە سەیری کێشەی کوردی کردووە" بێشکچی بۆ پێشڤەچوونی کێشەی کورد کاری کردووە، لەو سەردەمەی لە زانکۆی ئەرزروم بوو، پەیوەندی لەگەڵ کورد و پارت و رێکخراوو رۆژنامەنووسە کوردەکان هەبوو". هەوەها ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە بێشکچی لەساڵانی هەشتاکان تا دەستگیرکردنی ئۆجەلان، سەرەڕای کەموکوڕییەکانی PKK بەتایبەتی دژی بەرهەڵستکارانی، لایەنگری PKK ی کردووە، چونکە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی دەکرد.

ئۆجەلان لەدیداری هەفتانەی لەگەڵ پارێزەرانیدا لە دوورگەی ئیمڕالی بێشکچی بە زیا گۆک ئاڵپ چوواند .

ئیسماعیل بێشکچی، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ناشیاوی ئەو وێچووندانەی خستەڕوو، بە جۆرێک لە داخبارییەوە، ئەو لایەنگرەی سەربەخۆیی کوردستان باسی لە هەڵوێستە دژ بە کوردەکانی زیا گۆک ئاڵپی کرد و گوتی" زیا گۆک ئاڵپی هیچ کاتێک هەستی بە کوردبوونی خۆی نەکرد و بەردەوام هەستی بە تورکبوون دەکرد. زیا گۆکئاڵپ نەیگوت نەتەوەیەک بەناوی کورد نییە، زمانێک بەناوی کورد نییە، بەڵام دەیگووت تورکبوونی کورد بە قازانجی کوردە. زیا گۆکئاڵپ چ لەسەردەمی ئیتیحاد و تەرەقی چ لەسەردەمی کۆمار، کەسێکی زۆر نزیکی دەوڵەت و دەسەڵات بوو. زیا گۆک ئاڵپ کێشەی لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی هەبوو"، لەبەر ئەوەش بێشکچی هەر بەخۆی دەڵێ " بەیەک چوواندنی بێشکچی و زیا گۆک ئاڵپ



ئۆجەلان

شتێکی راست نییە".

یەکێک لە ناکۆکییە بنەڕەتیەکانی نێوان ئۆجەلان و بێشکچی دەربارەی نەوەیبوونی کوردە، ئۆجەلان بەهەمان شێوەی نەتەوەیبوونی تورک، عەرەب و فارس، رەخنە لە نەتەوەیبوونی کوردیش دەگرێ .

ئۆجەلان پێش دەستگیرکردنیشی هەندێجار ئەو رەخنانەی دەگرت، بەڵام لە هەمانکاتدا لێکۆڵینەوەکانی بێشکچیش کە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە نەوەیبوونی نەوتەوەیەکی داگیرکراوی وەک کورد جیاوازە لە نەتەوەییبوونی نەتەوە سەردەستەکانی، لەلایەن راگەیاندنی PKKەوە بڵاودەکرانەوە، بەڵام لەومانگەدا ئەو جیاوازی بیرکردنەوەیەش لە نێوانیاندا تەقیەوە.

ئیبراهیم گوچلو کە ناوی لە قسەکانی ئۆجەلان دا هاتووە، پێیوایە نەتەوەپەرستی کورد نەتەوەپەرستییەکی سروشتییە" چونکە هەڵگری هیچ ئایدیۆلۆژیایەک نییە، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تێدەکۆشێت، دژی مافی نەتەوەکانیتر ناوەستێتەوە".

هەروەها ناوبراو بۆ (رووداو) جەخت لەوە دەکاتەوە "ئەگەر نەتەوەپەرستی تورکیا دانی بە مافەکانی کورد دابنایە، لەناو قەوارەیەکی جوگرافی بەهاوبەشی لەگەڵ کورد بژیابا و کورد لە دەسەڵاتدا وەکو کورد هەبوونی هەبووایە، ئەو کات ناسیۆنالیستی تورک نەدەبووە نەژاد پەرست".

یەکێک لەو رەخنانەی ئۆجەلان ئاراستەی بێشکچی و ئەوانەی وەک ئەو بیردەکەنەوە دەکات ئەوەیە کە دەڵێ ئەوانە دۆگمابوونە و ناگۆڕێن، ئۆجەلان لە دیدارەکەی دواییدا لەرێگەی پارێزەرەکانییەوە لە وەڵامی بێشکچیدا، بێشکچی وەکو نموونەی هەرە خراپی مارکسیزم دەهێنێتەوەو جەخت لە نەگۆڕانی ئەوان دەکاتەوە.

ئیبراهیم گوچلو دۆستی نزیکی پرۆفیسۆر بێشکچی بە پێچەوانەی قسەکانی ئۆجەلان پێیوایە بۆچوونەکانی بێشکچی زانستیانەن و لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی رووناکبیری ئەوانەی بڕوای پێ هەیە دەیسەلمێنێت" مامۆستا بێشکچی بەهەست وسۆز مەسەلەکان لێکناداتەوە، ئەو خاوەن زانیاری وبەڵگەی مێژووییە، لێکۆڵینەوەکانی لەچوارچێوەی زانستە مێژووییەکاندا ئەنجامدەدات".



## کورد مەترسی هێرشی بەغدای لەسەرە

ڕووداو - بەغدا

◆ د.مەحمود عوسمان ئەندامی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، ڕێککەوتنامەی ئەمنی عێراق و ئەمریکا دوو خاڵی مەترسیداری بۆ کورد تێدایە و لەوانەیە عێراق بەبیانووی "لەیاسا دەرچووان" کە لەرێککەوتننامەکەدا هێرشبکاتە سەر کوردستان. گوتیشی "پێویستە سەرکردایەتی کورد کار بکات بۆ دابینکردنی گرەنتی نێودەوڵەتی پاراستنی دانیشتوانی کوردستان لە هەر دەستدرێژییەکی حکومەتی عێراق و ئێران و تورکیا".



### پسپۆری کاروباری عێراق لە کۆنگرێسی ئەمریکا و کارمەندی پێشووی CIA بۆ (ڕووداو):

# ئۆباما هێندەی بوش لەگەڵ کورد باش نابێت

**نامۆ عەبدوڵڵا**
**تایبەت بە ڕووداو**

"پێموانییە پەیوەندییەکان باشتر ببن"، ئەمە وەڵامی کینز کاتزمانە کە پسپۆری کاروباری عێراقە لە کۆنگرێسی ئەمریکا، کە لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتی (ڕووداو)دا پێشبینییەکانی خۆی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا خستنەڕوو، بەراوردکردنی هەڵوێستی ئۆبامای داهاتوو و هەڵوێستەکانی رابردووی بوش بەرامبەر بە کورد.

د. کاتزمان کاری پێشکێشکردنی توێژینەوەیە لە سەر عێراق بە ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکا. کەسێکە قورساییەکی تایبەتی هەیە لە کۆنگرێسدا بەوەی لایەنگری هیچ یەک لە دوو پارتەکەی ئەمریکا نییە و بۆ هەردوولایان کاردەکات و، کاریگەری توێژینەوەکانی لە ئاراستەکردنی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبینرێن. کاتزمان پێشتریش کارمەندی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا CIAبووە بۆ ماوەی چوار ساڵ (1985–1989)، لەو ماوەیەدا زانیاری هەواڵگریی لە بارەی سەرکردە ئێرانی و عێراقییەکانەوە پێشکێشی CIA کردووە.

کاتزمان دەڵێت" لە بەرئەوەی کوردەکان هاوکارێکی ئێجگار باشی بڕیارەکەی بوش بوون بۆ رووخاندنی سەددام، بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمریکا لە سەردەمی سەرۆک بوشدا زۆر زۆر باش بوون".

بەڵام کورد چاوەڕوانی ئۆباما و جێگرە بە ئەزموونەکەی دەکەن تا بە دڵی ئەوان بێت . زۆر کورد لە مەکینەوە سەنگەری بۆ پاڵپشتیکردن لە ئۆبامای کاندیدی دیموکراتەکان گواستەوە هەر کە بیستیان ئۆباما جۆزێف بایدنی کردووەتە جێگری خۆی. بایدن لە ساڵی 2006 بۆ چارەسەری رەوشی عێراق کە ئەوکات کەوتبووە نێو شەڕێکی مەزهەبی و تیرۆرکاری سەختەوە، پلانی دابەشکردنی عێراقی بۆ سێ هەرێمی کوردی و شیعی و سوننی پێشکێشی کۆنگرێسی ئەمریکا کرد، پرۆژەکەیشی لە ئەنجوومەنی سیناتی ئەمریکادا بە رێژەی 75% دەنگی بۆ درا.

هەرچەندە کورد پێیوایە بە هۆی بایەخدانی زیاتری دیموکراتەکان بە مافی مرۆڤ و هاتنی باراک حوسێن ئۆباما بە هاوڕێیەتی جۆ و بایدن بۆ کۆشکی سپی، سیاسەتی کۆشکی سپی بەرامبەر کورد باشتر دەبێ نەک خراپتر لەسەردەمی ئۆبامادا بەرامبەر بە کورد، بەڵام لەو بارەوە کاتزمان هەڵگری پەیامێکی رەشبینانەیە بۆ کورد و دەڵێت ئۆباما پلانەکەی بایدن جێبەجێ ناکات.



باراک ئۆباما و بوش لە ئۆڤاڵ ئۆفیسی کۆشکی سپی

(فۆتۆ AFP )

کاتزمان ئەوە بۆ خوێنەرانی (ڕووداو) ڕوونەدەکاتەوەو دەڵێ "ئەوکاتەی پلانەکەی بایدن پێشکەشکرا، بارودۆخی ئەمنی عێراق زۆر خراپبوو، ئەوکات گونجاو بوو بۆ ئەمریکا ئەوکارە بکات نەک بێ سەرکەوتن عێراق بەجێبهێڵێت". کاتزمان بەردەوام دەبێت و دەڵێت "بەڵام ئێستا بارودۆخی ئەمنی عێراق زۆر باشتر بووە، بۆیە پێناچێت پلانەکەی

## ئۆباما پلانەکەی بایدن جێبەجێناکات، هێزەکان لە عێراق دەکشێنێتەوە و عێراقیش وەکو خۆی بەجێدەهێڵێت

بایدن جێبەجێبکرێت".

ئەوە لەکاتێکدایە هەر دوای راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا کە لە 2008/11/4 بەرێوەچوون، عەبدوڵڵا گیویلی سەرۆک کۆماری تورکیا بە رۆژنامەنووسی عێراقی سەعد بەزازی راگەیاند کە ئەو پێوەندی بە جۆ و بایدەنەوە کردووە و داوای لێکردووە لە پرۆژەکەی خۆی پاشگەزبێتەوە.

لە 27 /2008/11 پەرلەمانی عێراق رێککەوتنامەی ئەمنی نێوان عێراق و ئەمریکاSOFAی پەسەندکرد و رێژەی سێ لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمانی عێراق دەنگیان بە بەڵێ بۆ پەسەندکردنی دا. ئەمەش مۆڵەت بە سەربازانی ئەمریکا دەدات تا سێ ساڵیتر لە عێراق بمێننەوە و دوایین سەربازی ئەمریکا لە کۆتایی 2011 لە عێراق بکشێتەوە.

بەڵام ئۆباما لە پلانەکەیدا بۆ هەڵبژاردنەکان دەڵێت هەر کە هاتە سەر کورسی دەسەڵاتی کۆشکی سپی لە ماوەی 16 مانگدا تەواوی سەربازەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکێشێتەوە.

د.کاتزمان پێیوایە ئۆباما بەڵێنەکەی خۆی بەجێدەگەیێنێت. ئەو دەڵێت یەکەمین شت کە ئۆباما دەیکات کشاندنەوەی نزیکەی 40،000 سەرباز دەبێت لە عێراق و ئەمە لەساڵی یەکەمی سەرۆکایەتیدا روودەدات.

پەسەندکردنی رێککەوتننامەی ئەمنی نێوان ئەمریکا و عێراق بە زۆرینەی دەنگ لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، ئەوە دەردەخات کە سیاسییەکانی عێراق نە متمانەیان بە خۆیان هەیە و نە بە حکومەتەکەیان کە بتوانن لەم کاتەدا حوکمڕانی عێراق بکەن. زۆر پێدەچێت کشانەوەی سەربازەکان کارەسات و کوشتن و برین بنێتەوە لە عێراق.

کاتزمان بۆ خۆ دوورگرتن لە کارەساتێکی ئاوا، داوا لە فراکسیۆن و لایەنە سیاسیەکانی عێراق دەکات کە لە نێو خۆیاندا سازشبکەن.

ئەو دەڵێت "ئەگەر کارەسات وشەڕو کوشتار سەرهەڵبدات، ئەوا پێمویە سەرۆک ئۆباما بە لایەنە عێراقییەکان دەڵێت دەبێت لە نێوخۆیاندا سازشبکەن و ئارامی بۆ عێراق بگەڕێننەوە".

گرفتێکی دیکە کە پێشبینیدەکرێت سەرهەڵبدات، روودانی ململانێی چەکدارییە لە نێوان کورد و حکومەتی مالیکی شیعە مەزهەبدا. مالیکی زۆر جار بە هەڵسوکەوتکردنی دژ بە دەستوور تۆمەتباردەکرێ. لەدوایین پرسی لەو جۆرەدا، دەستەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق داوای لێکرد واز لە دروستکردنی ئەنجوومەنەکانی ئیسناد بێنێت، چونکە کارێکە دەستووری عێراق رێگەی پێنەداوە.

لەوبارەیەوە د. کاتزمان دەڵێت، ئەوە پەیوەندی بە ئەمریکاوە نییە، بەڵام عێراقییەکان دەتوانن بەپێی مەرجەکانی نێو دەستوور بۆ لانەدانی سەرۆک وەزیر لە دەستوور، دەکرێ عێراقییەکان خۆیان بەشێوەیەکی دەستووریانە مالیکی لابدەن.

کاتزمان دەڵێت "ئەگەر مالیکی دژی دەستوور بجووڵێتەوە، بۆچوونی ئەمریکا ئەوە دەبێت: ئەوە ئەرکی عێراقییەکانە کە ئاگاداریی ئەوەبن و دڵنیابن کە مالیکی بە پێی دەستوور مامەڵە دەکات. مەرج لە دەستووردا هەیە کە دەتوانیت سەرۆک وەزیران لابدەیت ئەگەر بێتو دژی دەستور جووڵایەوە، دەکرێت ئەو مەرجانە جێبەجێبکرێن، ئەگەر مالیکی پێچەوانەی دەستوور کاردەکات".

کاتزمان دەڵێ ئەمریکا رازییە بە هەبوونی حکومەتێکی شیعی لە عێراق دا "رازییە، چونکە ئەم حکومەتە لە رێگەی هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، گرنگترین پێوەر ئەوەیە کە حکومەتی عێراق، حکومەتی نیشتمانیی عێراق بێت، نەک لە ژێر کۆنترۆڵی ئێران یان لایەنێکیتردا بێت".

دواجار، کینز کاتزمان لە بارەی پەیوەندییەکانی کورد-ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا بە بەراورد بەو پەیوەندییانە لە سەردەمی بوش دا دەڵێ "پەیوەندییەکان هەر بەباشی دەمێننەوە، بەڵام هێندەی پێشتر نا، چونکە زۆر پێدەچێت ئۆباما زیاتر بایەخ بە تورکیا بدات".

### کینیت کاتزمان:

- **ساڵی 1991 لە زانستگەی نیویۆرک دکتۆرای لەسەر سوپای پاسدارانی ئێران وەرگرتووە.**
- **لە 1991ەوە شرۆڤەکاری سەرەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی توێژینەوەی کۆنگرێسی ئەمریکی، راپۆرت ولێکۆڵینەوەی تایبەت بە عێراق،ئێران،کەنداوی فارس ورۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی دەداتە کۆنگرێس.**
- **1996 لە لیژنەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کۆنگرێس کاری کردووە.**
- **چەندین توێژینەوەو کتێبی دەربارەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە**

### عەدنان دلێمی، سەرۆکی لیستی تەوافوق لە پەرلەمانی عێراق:

# لەگەڵ کورد باسی لادانی مالیکیمان نەکردووە



د.عەدنان دلێمی ، سەرۆکی بەرەی تەوافوق ، بەهەڵوێستە سوننییەکانی و سیدارە بەغدادییەکەی لە سیاسەتڤانان و پەرلەمانتارانی عێراقی دوای رووخانی رژێمی سەددام دەناسرێتەوە ، بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی (ڕووداو) سەبارەت دوا پێشهاتەکانی عێراق ، یەکەمین هەڤپەیڤینی لەگەڵ رۆژنامەیەکی کوردستاندا سازکرد.
دلێمی جیاواز لە چوار ساڵی رابردوو ، بە جۆرێک پارێزکارییەوە قسە دەکات ، بەڵام راشکاوانە دەڵێت دروستبوونی هاوپەیمانێتییەک لەنێوان کورد و عەرەبی سووننەدا پێویستە.

ڕووداو–بەغدا

**ڕووداو:چۆن دەڕوانییە دوارۆژی هاوپەیمانی کورد و شیعە لەنێو ئەو هێرشە راگەیاندنیەی ئێستا لەنێوان سەکردەکانی کورد و مالیکیدا پەیدابووە؟**

**دلێمی:** پێموابێ هاوپەیمانی کوردی هاوپەیمانییەکی بەهێزە و پەیوەستە بە عێراقیبوونی خۆیەوە، پێموانییە هیچ کردەوەیەکی دژی عێراقیبوونەکەی خۆی کردبێ . کورد برای ئێمەن و نامانەوێ هیچ ناکۆکییەک دروستببێ، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی پارچەبوون و لێک هەڵوەشانەوەی عێراق.

## نامانەوێ فیدرالی لە ناوچەی عەرەبیی عێراقدا هەبێ

**ڕووداو:لیستی هاوپەیمانی کوردستان (کورد) لە هەپەیمانییەکەیدا لەگەڵ ئیتیلافی عێراقی (شیعە) لە هەردوو سەردەمی سەرۆک وەزیرایەتی جەعفەری و مالیکیدا بە دوو ئەزموونی ناسەرکەوتوودا تێپەڕیوە، تۆ کۆسپ تێکەوتن و ناسەرکەوتوویی ئەو هاوپەیمانێتییە دەگەڕێنییەوە بۆچی؟**

**دلێمی:** دەگەڕێتەوە بۆ راوێژ پێکنەکردن و هاوکاری لەگەڵ یەکتر نەکردن و نەبوونی راگۆڕینەوە لەنێوانیاندا.

**ڕووداو:چۆن دەڕواننە کێشەکانی نێوان مالیکی و حکومەتی کوردستان بەتایبەتی لەسەر گرێبەستەکانی نەوت و دەسەڵاتەکانی هەرێم و حکومەتی فیدرالیی بەغدا؟**

**دلێمی:**ئێمە وەک لیستی تەوافوق وایدەبینین کە هەر کێشەیەکی نێوانیان زیان بە بەرژەوەندی عێراق دەگەیێنێ.

**ڕووداو:رۆژنامەکان بڵاویاکردەوە کە کۆبوونەوەی هەفتەی رابردووی نێوان بەرەی تەوافوق لەگەڵ مام جەلال و سەرکردەکانی کورد بەمەبەستی فشارخستنە سەر شیعە و لادانی مالیکی بووە؟**

**دلێمی:** ئەوە راست نییە، لەو کۆبوونەوەیەدا هەر باسی حکومەت و هیچ لایەنێک نەکرا، بەلکو کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر هەڵوێستمان سەبارەت رێککەوتنی نێوان ئەمریکا و عێراق. هیچ پەیوەندییەکی بە حکومەت و هیچ لایەنێکی دیکەوە نەبوو.

**ڕووداو:ئەی بۆچی دەگوترێ بۆ لادانی مالیکی بووە؟**

**دلێمی:** هەستیارییەک هەیە لەلایەن هەندێ لایەن کە کۆبوونەوەی عەرەبە سووننە و کوردەکان سەرەتای هاوپەیمانێتییەکە دژی هەندێ لایەن، ئەوەش راست نییە.

**ڕووداو: ئێوە زۆرجار باسی دەستتێوەردانی ئێران دەکەن لە کاروباری عێراق، بەڵگەتان چییە، ئەگەر بکرێ نموونەمان لەبارەی دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری پەرلەمانی عێراق بدەنێ؟**

**دلێمی:** ئەمریکییەکان و حکومەت هەردووکیان باس لە دەستتێوەردانی ئێران دەکەن لە کاروباری عێراق. وەک هەناردنی چەک و تەقەمەنی ئێرانی و هاتنە ناوەوەی هێزی تایبەت و هاتنە ناوەوەی گرووپی تایبەتی و پارەدان بە بەرهەڵستکارانی حکومەت و لەیاسا دەرچووەکان، ئەوە رۆژانە لە راگەیاندن دا باسدەکرێ. حکومەت و ئەمریکییەکانیش هاوبیرن کە ئێران دەست لە کاروباری عێراق وەردەدات.

**ڕووداو:ئایا هیچ خاڵی هاوبەش لە نێوان کورد و عەرەبی سووننەدا هەن؟**

**دلێمی:**هیچ ناکۆکییەک لە نێوان کورد و سووننەدا نییە، هەردوولا یەکتریان خۆشدەوێت، هەروەها هاووڵاتیبوون و ئایین و مێژوو و سەرکردە و زاناکانمان کە زۆریان کوردن ئێمە بە یەکتر دەبەستنەوە.

**ڕووداو:راتان چییە سەبارەت بە دروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئیسناد؟**

**دلێمی:**ئەو ئەنجوومەنانە نابێ لەناوچە کوردییەکان دروستبکرێن.

**ڕووداو:سەرنووسەری رۆژنامەی (الشرق الاوسط) دەڵێ مالیکی بەدروستکردنی ئەو ئەنجوومەنانە لە عەرەبە سووننەکان دەیەوێ سووننە دژی کورد بەکاربێنێ، واتە عەرەبی سووننە لەجیاتی مالیکی شەڕی کورد بکەن، رای ئێوە چییە؟**

**دلێمی:**ئەو قسەیەکی راست و وردبین نییە، سووننە هیچ پەیوەندییەکیان بەو مەسەلەیەوە نییە.

**ڕووداو:لە زۆر لێدوان دا شیعەت بە هێرشکردنە سەر سووننە تۆمەتبارکرد، بەتایبەتیش لە کۆنگرەیەکدا لە تورکیا، لێدوانێکتدا کە زۆر دەنگیدایەوەو گوتت شیعە هەوڵدەدەن عەرەبی سووننە قەلاچۆ بکەن، لەهەمانکاتدا شیعەش تۆڵ و کوڕەکانت بە یارمەتیدانی گرووپە تیرۆریستییەکان تۆمەتبار دەکەن؟**

**دلێمی:**من نەمگوتووە دەیانەوێ سووننە قەلاچۆ بکەن، بەڵام لەدوای رووداوەکەی سامەڕا بەئامانج گرتنی سووننە هەبوو، ئەوەبوو لەماوەی یەک رۆژدا 1000 عەرەبی سووننە لە بەغدا کوژران، مزگەوتەکانیان سووتێندران و داگیرکران و زانایانی سووننە کوژران، ئەوەش کاردانەوەیەکی توندی لای من و کەسانی دیکەش پەیداکرد. مەبەستی ئەو کاردانەوە توندەشمان بۆ ئەوەبوو کە فشار لەسەر رۆڵەکانی سووننە لە عێراق کەمبکەینەوە. دەمەوێ ئەوەش روونبکەمەوە کە ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان بە تیرۆرەوە نییە، بەڵکو ئێمە خۆمان ئامانجێکی تیرۆر بووین و پێنج مین لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە لەسەر رێگەی چوونی من بۆ پەرلەمان دانراون تائێستا، هێرشیان کردە سەر ماڵەکەم و 9 پاسەوانی منیان کوشتن. نە من و نە کوڕەکانم هیچ پەیوەندیمان بە تیرۆرەوە نییە، ئەوانە هەموویان تۆمەتی ساختەن، ئامانجیان لێدانی پرۆسەی سیاسی و لاوازکردنی پێگەی سووننەیە.

**ڕووداو:هەندێ کەسایەتی دیاری سووننە دەڵێن بەرژەوەندی کورد لە گەڵ عەرەبی سووننەدایە نەک ئەوانیتر، بەهۆی یەک ئاینزا (مژهب)ی و دراوسێتی لەرووی جوگرافیاوە، رای ئێوە چییە؟**

**دلێمی:**من لەو بڕوایەدام کە دەبێ هاوپەیمانێتییەک هەبێ لەنێوان عەرەبی سووننە و کورد دا، لەبەر ئەوەی پەیوەندی مێژوویی و بەهێز بەیەکتریان دەبەستێتەوە، دەبێ برایەتی ئیسلامی لەنێوانیاندا هەبێ، پێویستە هاوکارییان لەنێوان دا هەبێ، بۆ چارەسەرکردنی کێشە عێراقییەکان.

**ڕووداو:بەڵام سەرەڕای هاوئاینزایی و دراوسێیەتی، هەندێ کورد وابیردەکەنەوە کە عەرەبی سووننە دژی سیستەمی فیدرالین و هەر لەبەر ئەوەش سووننە زیاتری هەموان پێداگیری لەسەر هەموارکردنی دەستوور دەکەن؟**

**دلێمی:** عەرەبی سووننە پابەندن بە دەستوور، ئێمە دان بە فیدرالی دادەنێین بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام نامانەوێ فیدرالی لە ناوچەی عەربیی عێراقدا هەبێ، چونکە لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆی پارچەبوونی ناوچەکە و عێراق. ئێمە چەندین جار رامانگەیاندووە کە ئێمە لەگەڵ برایانمانین لە هەرێمی کوردستان وپشتیوانیان لێدەکەین و هیوای سەرکەوتن و خۆشی و پێشکەوتنیان بۆ دەخوازین، چونکە هەرێمێکی ئیسلامی عێراقییە و ئێمە لەگەڵیانداین.

**ڕووداو:چۆن دەڕواننە دواکەوتنی جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستوور، لەکاتێکدا لەوماوەیەی لەدەستووردا بۆی دیاریکرابوو جێبەجێنەکراوە؟**

**دلێمی:**ئەوە شتێکی دەستوورییە و ئێمە لەگەڵ جێبەجێکردنی دەستوورین، پێویستە ئەوە بە راوێژ و هاوکاری چارەسەر بکرێت لەنێوان هەموو لایەنەکاندا کە کێشەی مادەی 140 بەلایانەوە جێی بایەخپێدانە.



دلێمی و مالیکی

(فۆتۆ AFP )

## دەبێ هاوپەیمانیی لەنێوان عەرەبی سووننە و کورد دا هەبێ

تەواوی هەڤپەیڤینەکە لە (ڕووداونێت)دا بخوێنەوە
WWW.RUDAW.NET

# بودجەی مین هەڵگرتنەوە لە سلێمانی زیاترە لە هەولێر

**رزگار کۆچەر**
**رووداو-هەولێر**

شێخ سیراجەددین بارزانی، سەرۆکی دەزگای مین دەڵێت هەرچەندە بودجەکەمان زۆر کەمە، بەڵام هەمیشە وەکو "سەربازێکی ون" کار دەکەن و گوتیشی یەکنەگرتنەوەی دەزگای مین لە هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مین لە سلێمانی کاریگەری زۆری کردووەتە سەر کارەکانیان.

دوای رۆیشتنەوەی ژمارەیەک لەو رێکخراوانەی لەبواری هەڵگرتنەوەی مین لەکوردستان کاریان دەکرد، بەبڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەزگای مین دامەزرا، کە هەر راستەوخۆش لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

مین رێژکردنی خاکی کورستان بەچەند قۆناخێک دەستپێکردووە، وەک سەرۆکی دەزگای مین ئاماژەی پێدا مێژووی مین رێژکردنی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی ئەیلول "کۆنترین کێڵگەی مین لەکوردستان لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلول چێنرا". لەشەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانیش زۆرترین خاکی باشووری کوردستان مین رێژکرا بەتایبەتیش ناوچە سنوورییەکان. لەشەڕی کوێتیشدا جارێکی دیکە حکومەتی عێراق ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ تورکیا مین رێژ کرد کە زۆربەیان مینی دژە تانک بوون.

هەروەها لەکاتی پرۆسەی ئازادی عێراقیش، حکومەتی رووخاوی بەعس بەشێک لەو ناوچانەی کە پێیاندەگوترا هێڵی 36 مین رێژ کرد. شێخ سیراجەددین ئەو مین رێژکردنەی ئەم دواییە گرفتی زۆری بۆ دروستکردوون "چونکە ئەو ناوچانە هاتووچۆی زۆریان لەسەرەو نزیکی ئاوەدانین".


منداڵێکی قوربانی مین لە کوردستان

تا ئێستا ئامارێکی دروست لەسەر ژمارەی ئەو مینانەی لە خاکی باشووری کوردستاندا چێنراون نییە،بۆیەش هەروەک سەرۆکی دەزگای مین دەڵێت ئەوەی تاوەکو ئێستاش بڵاو کراوەتەوە"ژمارەیەکی تەخمینییە".هۆی ئەوەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە چونکە"هەموو مینەکان لەژێر خاکن، بۆیە ناتوانرێت بژمێردرێن،بەڵام سەرچاوە ئامارییەکان لە لای کۆنە فەرماندەکانی سوپای عێراق هەن و ئەوان دەتوانن ژمارەی راستەقینە بدەن".

بەپێی ئامارەکانی رێککەوتننامەی ئۆتاوای تایبەت بەقەدەخەکردنی مین لەجیهان، 3 ملیۆن مین لە عێراق چێنراون، زۆربەی ئەو مینانەش لەسەردەمی شەڕی ئێران و عێراق لەسەر سنوورەکانی کوردستان چێنراون. بەڵام هەندێک سەرچاوەی نارەسمی ئاماژە بەبوونی 25 ملیۆن مین دەدەن لەژێر خاکی عێراق و کوردستاندا، چونکە ئێرانیش لەکاتی هێرشی بۆ سەر عێراق زۆربەی ئەو ناوچانەی لەخاکی عێراق دەیگرتن مین رێژی دەکردن.

بەپێی ئەو رووپێوییەی لەلایەن رێکخراوی BBASی ئەمریکی لەساڵی 2004 ئەنجامدراوە، نزیکەی 770 کیلۆمەتر چوار گۆشە لەخاکی کوردستان مین رێژ کراوەو مەترسیدارە.

بەڵام سەرۆکی دەزگای مین گومانی لەو ژمارەیە هەیە و دەڵێت "ئەو رێکخراوە زۆر بەوردی نەچوونەتە ناو ئیشەکە، تەنیا پرسیاریان لەخەڵکی ناوچە مین رێژکراوەکان دەکردو،ناوچەکەیان دەست نیشاندەکرد".

سەبارەت بەبەرنامەی ئەوان بۆ دەستنیشانکردنی ناوچە مین رێژکراوەکان، سیراجەددین بارزانی گوتی "خولێکی راهێنمان لەسەر ئەنجامدانی ئەو رووپێوە تەنکیکییە کردووە، بەمنزیکانە دەست بەئەنجامدانی رووپێوەکە دەکەین، لە دوای تەواو بوونی کارەکانیشمان دڵنیاین بەتەواوی بەدەر دەکەوێت کە چەند لە خاکی کوردستان مین رێژکراوە".

لەکوردستاندا نزیکەی 50-60 جۆرە مین هەن، کە مەترسیدارترینیان مینی ڤاڵماری ئیتاڵییە، کە مینێکی ساچمەدارەو لەکاتی تەقینەوەدا لەژێر خاک بەرز دەبێتەوە ئینجا دەتەقێتەوە.

تا ئێستا هەزاران کەس بەتایبەتی گوندنیشان و کۆچەرییانی کوردستان بوونەتە قوربانی مین. بەپێی ئەو ئامارەی لەلای دەزگای مین هەیە، نزیکەی 19 هەزار کەس لەکوردستان بەهۆی مینەوە برینداربوونە یان گیان لەدەستداوە. سەرۆکی دەزگای مین پێیوایە ژمارەکە لەوە زیاترە "چونکە لەوانەیە هەندێکیان لەنەخۆشخانەکان تۆمار نەکرابن".

ئەوەی جێگەی دڵخۆشی سەرۆکی دەزگای مینە، کەمبوونەوەی ژمارەی قوربانیانی مینە. هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ هەڵمەتەکانی وشیار کردنەوە کە لەلایەن ئەوان و رێکخراوە مین هەڵگرەوەکانەوە ئەنجامدراون و گوتی "ئێستا خەڵک بەهۆی وشیار بوونەوە کەمتر دەبنە قوربانی مین، پێشتر مانگ هەبوو نزیکەی 100 کەس بەر مین دەکەوتن".



**یەکنەگرتنەوەی هەردوو دەزگای مین زیانی زۆری پێگەیاندووین**

شێخ سیراجەددین بارزانی
سەرۆکی دەزگای مین لە هەرێمی کوردستان-هەولێر

جگە لە رێکخراوی بەریتانی هەڵگرتنەوەی مین MAG، ئەو دوو دەزگایە حکومییەی کوردستانیش: دەزگای مین لەهەولێرو بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مین لە سلێمانی، لە کوردستاندا هەن. پاش یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی وا بڕیار بوو ئەو دەزگایەش یەکبگرنەوە، بەڵام تا ئێستا یەکیان نەگرتووەتەوە. شێخ سیراجەددین بارزانی دەڵێت"ئەو یەکنەگرتنەوەیە زیانی زۆری پێگەیاندووین، لەمامەڵە کردن لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حکومەتی فیدراڵیی بەغدا".

شێخ سیراجەددین کە ئێستا بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی وڵاتانی ئیمزاکەری رێککەوتنامەی ئۆتاوا لە جنێڤە، ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە پرۆژە یاسایەکیان ئامادەکردووە و بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مینیان رەوانە کردووە، ئەوانیش تێبینی خۆیان لەسەر نووسیوە، دواتر پرۆژە یاساکە بەناوی پرۆژە یاسای دەزگای گشتیی بۆ کاروباری مین بۆ پەرلەمانی کوردستان بەرزکراوەتەوە، پەرلەمانیش لە 2007/5/7 بەیاسای ژمارە 10 ساڵی 2007 پەسەندی کردووە.

ئێستا یەکگرتنەوەی ئەو دەزگایە وەستاوەتە سەر یەکگرتنەوەی وەزارەتی دارایی، چونکە هەردوو دەزگاکە بوودجەی تایبەتی خۆیان هەیە و جیاوازی زۆریش لەنێوان بودجەکانیاندا هەیە، هەروەک سەرۆکی دەزگای مین گوتی "بودجەی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری مین 34 ملیار دینارە، بەڵام هی ئێمە تەنیا 4 ملیار دینارە".

## ئۆرتۆپید هیوا بە کەمئەندامان دەبەخشێتەوە

# رێکخراوی ئۆرتۆپید دەست و قاچی بۆ 4512 هاووڵاتی دروستکردووە

**رووداو-سۆران**

هاوڕێیەکانی زۆر ئامۆژگاری دەکەن کە نەچێتە ناو کۆنە رەبییەکە چونکە لەوانەیە مینرێژ کرابێ، بەڵام شاکر، تەمەن 29 ساڵ، پێشمەرگە، گوێ ناداتە قسەکانیان و ملی رێگە دەگرێ، زۆری پێناچێت، لەگەڵ دەنگی تەقینەوەی مینێک، دوکەڵ و شاکر پێکەوە لەزەوی بەرز دەبنەوە، دواتر شاکر لەنەخۆشخانەی سۆران وەئاگا دێتەوەو سەیری خۆی دەکات قاچێکی لەدەستداوە.

شاکر یەکێکە لەو هاووڵاتییانەی بەهۆی تەقینەوەی مین، کەمئەندام بووەو ئێستا قاچێکی دەستکردی لەلایەن رێکخراوی ئۆرتۆپید بۆ دروستکراوە. ئەو کە دەزانێ ئیتر لاقەکەی بۆ ناگەڕێتەوە خۆشحاڵە کە رێکخراوی ئۆرتۆپید ئەوی لە دار شەق رزگار کردووە، شاکر خۆشحاڵی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ "قاچێکی وایان بۆ دروستکردووم، کەس هەست ناکات کەم ئەندامم، ژنم مارە کرد، تا نەمگواستەوە نەیزانی کەمئەندامم".

بەپێی ئەو ئامارەی لەلایەن رێکخراوی ئۆرتۆپیدەوە دراوەتە (رووداو) تا ئێستا نزیکەی 7 هەزار کەس سەردانی ئەوانیکردووەو،قاچیان بۆ 3839 کەس دروستکردووەو،دەستی دەستکردیشیان بۆ 673 کەس دروستکردووە. بەپێی قسەی بەرپرسی رێکخراوەکە هەر پەلێکی دەستکرد 1-2 هەزار دۆلاری تێدەچێت، هەندێکیشیان 2 هەزار دۆلار پتریان تێدەچێ.

رێکخراوی ئۆرتۆپید، تایبەتە بەدورستکردنی پەلی دەستکرد بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی تەقینەوەی مین کەمئەندام دەبن، رێکخراوەکە سێ مەڵبەندی سەرەکی تایبەت بەدروستکردنی پەلی دەستکردی لەسۆران، دهۆک و سلێمانی کردووەتەوە.

رێکخراوی ناوبراو لەساڵی 1992 لەلایەن رێکخراوێکی ئەڵمانی بەناوی رێکخراوی پزیشکە خۆبەختکارەکان دامەزراوە. رێکخراوەکە لەساڵی 1997 تا 2003 لەلایەن رێکخراوی UNOPSی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان سەرپەرشتیدەکرا، دواتر دەزگای مین سەرپەرشتی دەکرد، ئێستاش رێکخراوەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و UNDPی سەرپەرشتیدەکرێ.

بەهۆی جەنگە یەک لەدوای یەکەکان رووبەرێکی زۆری خاکی کوردستان مینرێژکراوە بەتایبەتی لەسەردەمی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا، بەپێی ئەو رووپێوییەی لەلایەن رێکخراوی BBASی ئەمریکی لەساڵی 2004 ئەنجامدراوە، نزیکەی 770 کیلۆمەتر چوارگۆشە لەخاکی کوردستان مین رێژ کراوەو مەترسیدارە.

هەروەها بەپێی ئاماری دەزگای مین، کە دەزگایەکی حکومییە و سەر بەئەنجوومەنی وەزیرانە، نزیکەی 19 هەزار کەس لەکوردستان لەئەنجامی تەقینەوەی مینی چێنراو گیانیان لەدەستداوە یان کەمئەندام بوونە، کە زۆربەی گوندنشین و ئاژەڵدارانی کوردستانن. بەڵام ئێستا دەست و قاچ بۆ ئەوانەش دروستدەکەن کە لەشارەکانی نێوەڕاست و خوارووی عێراقەوە بەر مین دەکەون. زۆربەی ئەو کەرەستانەی لە ردوستکردنی دەست و قاچەکاندا بەکاریدەهێنن ئەڵمانین، هیوا جەمال گوتی " چونکە ئەڵمانیا وڵاتێکە جەنگێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوەو خەڵکێکی زۆر بەهۆی مینەکانی پاشماوەی جەنگ کەمئەندام بوونە، هەندێ لەکارمەندانیشمان خولی جیاجیان لەئەڵمانیا بینیوە".

هیوا جەمال رەشید، بەرپرسی رێکخراوی ئۆرتۆپید لە سۆران، مەبەستی دامەزراندنی ئەو رێکخراوەی بۆ (رووداو) روونکردەوەو گوتی "مەبەست لەدامەزراندنی ئەورێکخراوە هاوکاریکردنی قوربانییانی مینە بەتایبەتی ئەوانەی قاچێک یان دەستێکیان بەهۆی مینەوە لەدەستداوەو، ئێمە بەدروستکردنی پەلی دەستکرد بۆیان، هاوکاریان دەکەین بۆ ئەوەی نەبنە ئەرک بەسەر کۆمەڵگەوە".

جگە لەوەش هیوا ئاماژەی بەوەدا کە دوای دروستکردنی پەلی دەستکرد بۆ قوربانیانی مین، هەوڵدەدەن کارێکی شیاویشیان بۆ بدۆزنەوە کە لەتوانای ئەوان دابێت" چونکە زۆربەی ئەوانەی بەر مین دەکەون خەڵکی گوند نشینن و توانای داراییان کەمە".

ئەو کەسانەی دەست و قاچیان لەدەستدەدەن، زۆریان پێدەچێ تا لەسەر پەلە دەستکردەکان رادێن،بۆئەومەبەستەش ئەو رێکخراوە، بەچەندین قۆناخ کار لەگەڵ ئەو کەسانە دەکات کە دەست و قاچیان بۆ دروستدەکات"هەر قوربانییەکی مین کە ئێمە پەلی بۆ دروستکردەکەین بەچەند قۆناخێکدا تێدەپەڕێت، وەک چارەسەری دەروونی، چارەسەری سروشتی، راهێنان، قیاسەکان، خول کردنەوەو کارکردن".

رێکخراوەکە تەنیا بەدروستکردنی پەلی دەستکرد دەستبەرداری کەمئەندامانی مین نابێ، بەڵکو خولی راهێنان بۆ کەمئەندامەکە دەکاتەوە، دوای تەواوکردنی خولەکەش دوکانێک بۆ کەمئەندامەکە دادەنێت. هیوا دەڵێ "تا ئێستا 100 دوکانمان بۆ کەمئەندامان کردووەتەوەو سەرجەم کەلوپەلی ناو دووکانەکەمان بۆ دابینکردوون".

ئەو رێکخراوە تا ئێستا 10 خولی بۆ کەمئەندامانی ژن و پیاو کردووەتەوە "خولی دروومان بۆ ژنان، دارتاشی و ئاسنگەریش بۆ پیاوان، هەر خولێکیش 10کەس بەشداری تێداکردووە".

جگە لەدروستکردنی پەلی دەستکرد بۆ قوربانی مین، بەرپرسی رێکخراوی ئۆرتۆپید ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوان پەلی دەستکرد بۆ ئەو کەسانەش دەکەن کە بەهۆی گوللە و تەقینەوە یان نەخۆشی شەکرە قاچ و دەستیان دەبڕدرێتەوە.

### مین دوژمنە شاراوەکەی عێراق لە کوردستان





**تا ئێستا 100 دوکانمان بە کەلوپەلەوە بۆ کەمئەندامان داناوە**

هیوا جەمال، بەرپرسی رێکخراوی ئۆرتۆپید لە کوردستان

- 788 کیلۆمەتری چوارگۆشەی کوردستان مینرێژکراوە.
- 19 هەزار کەس لە کوردستان بەهۆی مین کوژراون و کەمئەندامبوونە.
- رێکخراوی ئۆرتۆپید دەست و قاچی دەستکردی بۆ 4512 هاووڵاتی کوردستان دروستکردووە.
- هەر پەلێکی دەستکرد نزیکەی 2000دۆلاری تێدەچێت.
- عێراق لەساڵی 2007 رێککەوتننامەی دروستکردن و ئەمبارکردن و بەکارهێنانی مینی پەسەند کرد.
- بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە بەڵێنی داوە تا ساڵی2011 هەموو مینە ئەمبارکراوەکان لەنێوببات و تا ساڵی 2017 هەموو ناوچەکان لە مین پاک بکاتەوە.
- تاوەکو ئێستا 1لەسەر 6ی ناوچە مین رێژکراوەکانی کوردستان پاککراونەتەوە.

**25**
**ملیۆن مین لە عێراق هەیە**

وەزیری ژینگە



**رژێمی پێشوو لەناوچوو، بەڵام سەربازی نهێنی هێشتووەتەوە کە بەردەوام خەڵک دەکوژن**

جەمال محەممەد سەرۆکی تیمی هەڵگرتنەوەی مین

**ئەگەر تواناکانمان زیاتر نەکەین پێویستیمان بە 35 ساڵە بۆ پاککردنەوەی کوردستان لە مین**

توانا بەشیر راوێژکاری تەکنیکی حکوومەت لە بەرنامەی هەڵگرتنەوەی مین

## 35 ساڵی دیکە

# کوردستان لە مین پاکدەبێتەوە

**هەڵەبجە- عێراق**

لە بنکەیەکی تەندروستی لەنزیک ئەو ناوچەیەی کە داروەدەستەکەی سەدام بە چەکی کیمیایی هەزاران کوردی کوشت، عەزیمە قادر چاوەڕێی پشکنینی قاچە دەستکردەکەی دەکات.

قاچی راستی عەزیمە لەئاکامی تەقینەوەی میندا لە ساڵی 1993، بڕایەوە، کاتێک ویستبووی بچێتە کێڵگەیەکی ماڵی باوکی لە گوندێکی باکووری عێراق لەنزیک سنووری ئێران.

لەو بارەیەوە عەزیمەی لاواز و ناسک گوتی" کاتێک ئەو رووداوەم بەسەرهات، پێموابوو ئەوەندە ناژیم و یەکسەر دەمرم، بەڵام ئێستا بەهۆی ئازارچێشتنەوە گیرمخواردووە".

وەزیری ژینگە رایگەیاند کە عێراق پڕی مینی چێنراوە و نزیکەی 25 ملیۆن مینی تێدایە کە زۆربەی کەوتووەتە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران، کە پاشماوەی شەڕە هەشت ساڵییەکەی نێوان عێراق و ئێرانن،ئەو شەڕەی بووە هۆی کوشتنی یەک ملیۆن مرۆڤ.

بەرنامەیپەرەپێدانینەتەوەیەکگرتووەکان رایگەیاند کە لەنێوان ساڵانی 1991-2007 مینە چێنراوەکان بوونەتە هۆی کوشتنی 14 هەزار عێراقی، کە نیوەیان بەهۆی قورسی برینەکەیانەوە گیانیان لەدەستداوەو ئەوانەی ماویشن، ژیانێکی پڕ ئەشکەنجە دەژین.

عەزیمە تەمەنی 39 ساڵانە، نەخوێندەوارە و هێشتا شووی نەکردووە، لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئافرەت لە سەرەتایی بیستەکانیدا شوو دەکات، عەزیمە کەم هیوا بووە.

باوکی عەزیمە لەگەڵ هەزاران کوردی دیکە لە هەڵمەتی ئەنفالی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە لایەن سوپای سەدامەوە کوژرا، کاتێک سوپای عێراق گوندەکانیان رووخاندن و بەهەزاران کوردیان ناچار کرد لەنێو ئۆردوگاکان بژین.

عەزیمە کاتی خۆی کڵاشی دروستکردووە و فرۆشتوویەتی، بەڵام کز بوونی چاوی، بووە هۆی ئەوەی دەست لەو پیشەیە هەڵبگرێت، ئێستا ئەو گیری خواردووە کە چۆن خۆی و دایکی، کە ئەویش بەهۆی تەقینەوەی مینەوە قاچێکی لەدەستداوە، بژیت.

لە سەنتەری قاچ ودەستی دەستکردی هەڵەبجە، کە یەکێکە لەو شەش بنکە عێراقیەی لە کوردستاندایە کە قوربانی ژمارە یەکی تەقینەوەی مینی ژێرزەوییە. ئەو بنکانە یارمەتی قوربانیانی مینی ژێرزەوی دەدەن جارێکیتر بەپێی خۆیان بڕۆن، ئەوان رایانگەیاند کە مانگانە نزیکەی 10 قوربانی وەردەگرن.

هەروەها ئەوبنکانە یارمەتی ئەوکەسانەش دەدەن کە بەهۆی رووداوێکی دیکەوە قاچ یاخود دەست لەدەست دەدەن.

لەم بارەیەوە ستار فەتاح، کە بەڕێوەبەری ئەو سەنتەرەیە گوتی" بەشێوەیەکی گشتیی، لەدوای شەش مانگ لە روودانی رووداوەکان، ئێمە قاچ یاخود دەستی دەستکرد بۆ قوربانییەکە دروستدەکەین، ئینجا فێریان دەکەین چۆن قاچ و دەستی خۆیان بەکاربێننەوە".

### مەرگی شاراوە

شارۆچکەی هەڵەبجە کە ناسراوە بەوەی سەدام چەکی کیمیاوی دژی خەڵکەکەی بەکارهێناوە و زیاتر لە 5 هەزار کەسی لێ کوشتووە. باوکی ستار لەو هێرشەدا گیانی لەدەستدا و خزم و کەسوکاری دیکەشی هەیە کە بەهۆی ئەو هێرشەوە کوێر بوون.

ناوبراو لەتەنیشت ستوونێکەوە وەستابوو، کە یارمەتیدەرە بۆ کەمئەندامەکان بۆ رۆیشتنیان، فەتاح نیگەران بوو بەوەی ناتوانن کاری زیاتر بۆ ئەو کەسانە بکەن. "بەداخەوە ئێمە مەشقپێکەری تەندروستیمان نییە کە ئەو قوربانیانە فێربکات چۆن بەقاچە دەستکردەکانیان بڕۆن، ئێمە تەنیا هانیان دەدەین کە ژیانیان بە کەمئەندامێتی کۆتایی نایێت و پێیاندەڵێین دەبێ ورەیان بەرز بێت و بیر لە داهاتوویان بکەنەوە".

هەروەها فەتاح ئاماژەشی بەوە کرد کە منداڵەکان لە گەورەکان باشترن بۆ راهاتن بۆ رۆیشتن بەو پەلە دەستکردانەیان، چونکە گەورەکان زۆر بەزەحمەت فێردەبنەوە بە قاچی دەستکرد بڕۆن.

لەکێڵگەیەکی مینی ژێرزەوی لە گوندێکی نزیک شارەزوور، ئاڵایەکی سوور، شوێنێکی دیاریکردووە کە 34 مینی لێدەۆزراوەتەوەو تیمی هەڵگرەوەی مینی ژێرزەوی بەنیازن بە تی ئێن تی بیانتەقێننەوە.

مەبەستی حکومەتی پێشووی عێراق ئەوەبووە کە دژی چەکدارانی کورد بەکاریان بێنێت و ئەو زەویە دەوڵەمەندەی ئەو ناوچەیە بەخەسار بدات.

لەم بارەیەوە جەمال محەممەد سەرۆکی تیمی هەڵگرتنەوەی مین گوتی" ئەوە مەرگێکی شاراوەیە کە لەلایەن رژێمی پێشووەوە دانراون، ئەوان لەناوچوون، بەڵام سەربازی نهێنیان هێشتووەتەوە کە بەردەوامن لە کوشتنی خەڵک".

هەندێ لە ناوچەکان پاککراونەتەوە، هەندێکیشیان تاوەکو ئێستا بەنێو ئەو پرۆسە خاوەدا تێدەپەڕن و هەندێکیشیان هێشتا ئەو پرۆسەیان پێنەگەیشتووە.

عێراق رێککەوتننامەی قەدەخەکردنی مینی 1997ی لە مانگی ئابی 2007 پەسەند کرد، لەو کاتەشەوە حکوومەتی عێراق هەوڵیداوە کە مەرجەکانی رێککەوتننامەکە جێبەجێ بکات و هەتا ساڵی 2011 هەرچی کۆگای مینە لەناو ببات و تا ساڵی 2017 هەموو ناوچەکان لە مین پاک بکرێتەوە.

بەڵام کەم کەس پێیوایە، چونکە ئەوکارانە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواو ببێت، تەنیا لە کوردستان 788 کیلۆمەتر چوارگۆشە مینی ژێرزەوی هەیە و هەتا ئێستا لە شەش بەش تەنیا بەشێکی پاککراوەتەوە.

لەم بارەیەوە توانا بەشیر راوێژکاری تەکنیکی حکوومەت لە بەرنامەی هەڵگرتنەوەی مینی ژێرزەوی، گوتی" ئەوە تەنیا دڵۆپێکە لە دەریایەک، ئەگەر تواناکانمان زیاتر نەکەین، ئەوا پێویستیمان بە 35 ساڵە بۆ تەواو کردنی کارەکان".

لە Reutersەوە

# ئابووری

## کورد نەجەف ئاوەدان دەکەنەوە



**رووداو-نەجەف**
تاهیر عەبدوڵڵا، جێگری پارێزگاری هەولێر، بە(رووداو)ی ڕاگەیاند "دوێنێ شاندێکی پارێزگای هەولێر سەردانی نەجەفی کرد بەمەبەستی دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ ئەو کەسانەی لە پارێزگای تەوریز و ورمێوە لە ڕێگای هەولێرەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕێورەسمە ئاینییەکان سەردانی نەجەف دەکەن". بەشێکی شاندەکەی هەولێر لە بازرگان و بەڵێندەران پێکهاتووە و، پارێزگاری نەجەفیش داوای کردبوو کۆمپانیا کوردییەکان کاری ئەوەدانکردنەوە لەنەجەف ئەنجام بدەن.

| دینار | | | 1 تەن | |
|---|---|---|---|---|
| 100 | $ | 118500 | $ 610 |  |
| 100 | € | 159500 | $ 190 |  |



### نادیا یەکەم کچی مەڕمەڕ فرۆشی کوردستان

# ژاپۆن مەڕمەڕ لە کوردستان دەکڕێ و ئیسپانیا و ئیتاڵیاش بەردی کوردستان دەکەنە مەڕمەڕ

**رووداو-هەولێر**

نادیا بووگوول تەکین، خاوەنی کۆمپانیای NB-Dی تایبەت بە فرۆشتنی مەڕمەڕ لە هەولێر، شانازی بەوە دەکات کە یەکەمین کچی خاوەن کۆمپانیای مەڕمەڕە لە هەموو کوردستان و دەڵێ "مەڕمەڕ ئیشی کچانە".

نادیا، کە لە شاری ئامەد (دیاربەکر)ی باکووری کوردستان لە دایکبووە، پێنج ساڵە کاری بەرد دەکات، ماوەیەکی زۆر لە کارگەی DMER یاریدەدەری بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە بووە بۆ کاروباری فرۆشتن، دوای ئەوە بۆ ماوەی 9 مانگ بووەتە وەکیلی کڕینی مەڕمەڕ لە ئامەد بۆ کۆمپانیایەکی دهۆک. بەڵام دوای لە پێشانگەی پیشەسازی ئامەد، دارا جەلیل خەیاتی سەرۆکی ژووری بازرگانی هەولێر دەبینێ، بڕیاردەدات بێت لە هەولێر کۆمپانیایەکی فرۆشتنی مەڕمەڕ دابنێت "ویستم بێم لە کوردستانی ئازاد کاربکەم".

کۆمپانیای نادیا کە دەکەوێتە تەنیشت یاریگەی نێودەوڵەتی فرەنسۆ هەریری لە هەولێر، لەمانگی نیسانی ئەمساڵ مۆڵەتی وەرگرتووە.

نادیا کە 11 خوشک و برای هەیە، جگە لە براکانی خوشکەکانیشی کاردەکەن، خوشکی گەورەترینی کەناوی نەشیدە بووگوول تەکین، دوو پرۆژەی بە بوودجەی یەکێتی ئەورووپا بۆ یامەتیدانی ژنان و منداڵان کردووەتەوە لە ئامەد. یەکەمیان داینگەیەکە بۆ ئەو منداڵانەی گوندەکانیان تێکدراون و هاتوونەتە شار، ئەوەیتریشیان ناوەندێکی فێرکردنی زمانی کوردییە.

نادیا دەڵێ خێزانەکەیان و کەسوکاری، زۆرهاندەریان بوون بۆ خوێندنی ئەو و خوشکەکانی و کارکردنیان "نەیانهێشت ئێمە وەک کچانی کلاسیک بین".

ئەو کچە کە لەپشت مێزەکەی خۆی لە نووسینگەی کۆمپانیاکەی لە نێو جۆرەها نموونەی مەڕمەڕ لە هەولێر دانیشتبوو، زۆر سوپاسگوزاری نوری زوبێری باوکی خۆیەتی، کە هەمیشە هاندەری بووە بۆ سەبرگرتن و بەردەوامبوون لەسەر کار "هەرکاتێک ویستبێتم دەست لەکار بەردەم، کەسوکارم دەیانگوت سەبر بگرە، باوکم پەندێکی زۆر گرنگی پێگوتم، دەیگوت ئاو کە بەرد کون دەکات هێزی نییە، بەڵام سەبری هەیە".

نادیا، پێشتر سکرتێری لۆجستی و تەکنیکی کۆمپانیای چانکر بووە، کە چەند پرۆژەیەکی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە. دوای ئەوە بوومە بەڕێوەبەری حساباتی سوپەرمارکێتێک. ئینجا چووەتە کارگەی DMER.

ئەو کارگەیە، کە لە شاری ئامەدە، مەڕ مەڕ دەداتە 67 دەوڵەت، لەوانەش ژاپۆن "ئەو کارگەیەی بڵێ کوالیتی مەڕ مەڕەکەم زۆرباشە، کاتێک باوەڕی پێدەکرێ کە مەڕمەڕ بفرۆشێتە ژاپۆن".نادیا لە هەولێر بەرهەمی DMER دەفرۆشێت و جگە لەو کارگەیە، بریکاری سێ کارگەی دیکەشە.

کارگەی DMERتەنیا بەردی باکووری کوردستان، بەکاردێنێت. 3 مەقلەعی لە ئامەد هەیە، مەقلەعێکی دیکە لە چیای نەمروود و یەکێکی دیکەش لە ویلایەتی (وان).

نادیا، دەڵێ هەندێ ئەندازیار لەهەولێر چوونەتە لای ئەو پێیانگوتووە، بەردی ئامەد نەرمە بەبەراورد بە بەردی ئیسپانی و ئیتاڵی "دەبێ شارەزای ئەو مەسەلەیە، لەتورکیاش هەندێجار هەندێ کەس بەهەڵە لەوە تێدەگەن، دەچن مەڕمەڕ لە کارگەیەکی ئیتاڵی دەکڕن لەکاتێکدا ئەو بەردەی لێی دروستکراوە لە تورکیا و کوردستان چووە، ئیسپانیا و ئیتاڵیا زۆر لەبەردی مەڕ مەڕ لە ئامەد و ئەلعەزیز دەکڕن، ئیسپانیا زیاتر لە 30%ی ئەو بەردەی بۆ مەڕمەڕ دروستکردن بەکاریدێنێت لە تورکیا دەیکڕێ، ئیتاڵیاش زیاتر".



نادیا لە نووسینگەکەی خۆی لە هەولێر (فۆتۆ: رووداو)

ئەو دەڵێ، ئامەد بەیەکێک لە کۆنترین شوێنەکانی مەڕمەڕی جیهان دادەنرێت، تەنانەت شورەکەشی کە بە (کەلها رەش) نێودارە لەبەردی مەڕمەڕی رەش دروستکراوە. دوو جۆرە مەڕمەڕیشی زۆر نێودارن لە هەموو جیهاندا کە ئەوانیش بریتین لە ROSSO LEVANTO و BASSALT. ئەو لە کۆمپانیاکەی ئەو هەردوو جۆرەی مەڕمەڕی هەیە.

نادیا بووگوول تەکین، دەڵێ کۆمپانیاکانی باشووری کوردستان،بە زۆری مەڕمەڕ پلەیەک ناهێنن، بەهۆی گرانی نرخەکەیان، بەڵام ئەو مەڕمەڕی پلە یەک دێنێ و بەهەرزانتریش دەیفرۆشێ "لەبەر ئەوەی من کچم و ماوەی پێنج ساڵ کاری بەردم کردووە لەگەڵیان بە نرخێکی هەرزانتر و بە ماوەیەکی زۆر کەم بەرهەمی داواکراوی من دروستدەکەن". هەروەها دەڵێ ئەو مەڕمەڕەی ئەو دەیهێنێت مۆری جیهانی

## مەڕمەڕ کاری کچانە

نادیا بووگوول تەکین،خاوەنی کۆمپانیای NB-D

پێوەیە" ئەو کارگانەی مەڕ مەڕیان لێدەکرم ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە".

ئەو دەیزانی لە کردنەوەی کۆمپانیا لە هەولێر زەحمەتی دەبینێ " بەڵام باوەڕم بە ئێرە هەبوو و، گوتم هێژایە مرۆڤ ئەو کارە بکات چونکە یەکەمجارە، ژنێک لە کوردستان کاری بەرد دەکات".

ئەو دوای پێنج ساڵ کارکردن لەگەڵ مەڕمەڕ کۆمپانیای فرۆشتنی مەڕمەڕی لە هەولێر دانا، ئێستا خۆی بە شارەزایەکی مەڕمەڕ دادەنێ و زۆر حەز لەکاری مەڕمەڕ دەکات چونکە وەک ئەو دەڵێ "مەڕمەڕ بناخەی شارستانیەتە و وەک سیرامیک و گرانیێتیش نییە مۆدێلی بەسەر بچێت". جگە لەوەش دەڵێ " مەڕمەڕ ئیشی کچانە و ژن باشتری پیاوان دەتوانن کاری مەڕمەڕ بکەن"،ئەو زیاتر روونیدەکاتەوەو دەڵێ "مەڕمەڕ بەرهەمێکی ئیستاتیکییە،لەبەرئەوە ئەوانەی کوالیتی کۆنترۆڵی مەڕ مەڕ دەکەن هەموویان ژنن، چونکە پیاوەکان دوای دوو کاژێر کارکردن لەسەر مەڕ مەڕ، هەموو بەردەکان وەکو یەک دەبینن، بەڵام ژن دوای 24 کاژێر کار لەسەر کردنیش تایبەتمەندییەکانی هەریەکێکیان دەبینن، چونکە ژن زیاتر ئیستاتیکیترن".

نادیا دەستپێشخەرییەکیش رادەگەیێنێ و دەڵێ "ئامادەم بە نرخێکی هەرزانتر مەڕمەڕ بدەمە پرۆژەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان".

# کەس ئاگای لەبازاڕ نییە



**رەوا عەبدوڵڵا**

rawaebdalla@yahoo.com

**رووداو - هەولێر**

ئەحمەد کریم، 55 ساڵ، لەنێو بازاڕی شێخەڵڵای هەولێر چەند عەلاگەیەکی پڕ لەخواردەمەنی بەدەستەوە بوو، کاتێک پرسیاری بەرزبوونەوەی نرخی بازاڕی لێکرا، کەوتە گلەیی کردن لەحکومەت چونکە بەبڕوای ئەو بەشێکی زۆری بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەلەکان پەیوەندی بەحکومەتەوە هەیە"دوکاندار بەئارەزووی خۆیان نرخی کەلوپەلەکان بەرز دەکاتەوە بێ ئەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێ".

محەمەد عەباس، بەڕێوەبەری چاودێری بازرگانی بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "لەبەر ئەوەی بازاڕ ئازادە ناتوانین نرخ لەسەر بازاڕ دابنین، کاری ئێمە تەنیا ئەوەیە بەدوکاندارەکان بڵێین نرخ لەسەر کەلوپەلەکانیان هەڵبواسن".

بەپێی دوایین ئاماری دەستەی ئاماری هەرێم کە وێنەیەکی لێدراوەتە (رووداو) نرخی کەلوپەل لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی 2008 بەبەراورد لەگەڵ نرخەکانی کۆتایی ساڵ رابردوو بەرێژەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە، بەڵام بەپێی دوا ئاماری ڕێکخراوی ئاسک ڕێژەی هەڵاوسان لەدوومانگی رابردوو بەرزبوونەوەیەکی ئەو تۆی بەخۆوە نەبینیوە،پسپۆرانی ئابوریش پێیانوایە بەهۆی ئەم داتایانە ناتوانن بگەنە راستی هەڵاوسانی نرخ لەکوردستان چونکە بەبڕوای ئەوان "بەشێوەیەکی زانستی ئەنجام نەدراون".

دەستەی ئاماری هەرێم کە سەر بەوەزارەتی پلان دانانە لەکۆتایی ساڵی2007 دەستی کردووە بەکۆکردنەوەی نرخی نزیکەی 620 مادەی هەمەجۆر لەبازارەکانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی زانینی ڕێژەی بەرزبوونەوە نزمبوونەوەی نرخی کەلوپەلەکان، ئەم مادانەشیان لەچوار چێوەی 12 گرووپی جیاواز کۆکردووتەوە،بەپێی ئامارەکانی ئەم دەستەیە زۆربەی نرخەکان لەبەرزبوونەوەدان، بۆ نموونە گرووپی خواردەمەنی و خواردنەوە ناکحولییەکان بەبەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو بەرێژەی 21.16 % نرخیان بەرزبووەتەوە، گرووپی نیشتەجێ بوون و ئاو کارەباو سووتەمەنی بەهەمانشێوە نرخیان بەرێژەی 21.10%بەرزبووەتەوە.

د.سەلاحەدین عوسمان پیرەبابی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەبواری پلاندانان و پەرەپێدانی هەرێمی، گومانی لەئامارەکانی دەستەی ئامارو ڕێکخراوی ئاسک هەیە، گلەییشی لەدەستەی ئاماری هەرێم کرد، کە لەکۆکردنەوەی ئامار لەبارەی هەڵاوسان لاوازن "دەستەی ئامار تائێستا نەیتوانیوە کار لەسەر سیستەمێکی داتایی ڕێک بکات بۆ کۆکردنەوەی نرخ، بۆیە ئەو داتایانەی کە هەشیانە زانستی نین".

ئەورەخنەکانی بەڵگە پشتراستدەکاتەوەو دەڵێت بۆ دیاریکردنی هەڵاوسانی نرخ دەبێت نرخی ساڵانی پێشووترت هەبێ، ئەو ساڵەی بەساڵی بنەڕەت هەژماری دەکەی ساڵێکی ئاسایی بێت، بەڵام ئەوان ساڵی 2007 یان بەساڵی بنەرەت داناوە کە ساڵی پڕ لەهەلاوسانی نرخ بوو.

دەستەی ئامار لەکۆتایی ساڵ 2007 دەستیان کردوە بەکۆکردنەوەی نرخ لەبازارەکانی هەرێمی کوردستان. دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی کۆکردنەوەی نرخەکان د.جەمال رەسول، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم بۆ (رووداو) گوتی "ساڵی رابردوو لەهەرسێ پارێزگاکەی کوردستان چاودێری نرخی نزیکەی 620 مادەمان لەبازارەکاندا کردووە بەجۆرێک نرخەکان لەچەندین شوێن لەناوەندی پارێزگاو قەزایەکی دەوروبەری کۆکراونەتەوە، بۆ ئەوەی بزانین نرخ لەبەرزبوونەوەدایە یان بەپێچەوانەوە".

ئاماژەی بەوەشدا هەندێ مادە هەیە نرخەکانیان زوو دەگۆڕێت هەفتانە کۆیان دەکەنەوە، ماددەش هەیە تارادەیەک نرخەکانیان جێگیرە، بۆیە سێ مانگ جارێک نرخەکانیان وەردەگیرێت .

د.محەمەد سلێمان پسپۆر ئابووری ورێکخەری ئامارەکانی ڕێکخراوی ئاسک بۆ هەڵاوسانی نرخ لەهەرێم کوردستان لەبارەی دروستی نادروستی ئەم ئامارانە بۆ (رووداو) گوتی"ناتوانین بڵێین ئەو ئامارانە بێ کەموکوڕین، بەڵام دەتوانین بڵێین لە بە 95% بەراستن".

## ئەو داتایانەی لە بارەی هەڵاوسانی نرخ لە بازاڕ بڵاو دەکرێنەوە هیچیان زانستی نین

د. سەلاحەدین عوسمان پیرەبابی

بەپێی ئامارەکانی شەش مانگی سەرەتای ساڵی 2008 دەستەی ئاماری هەرێم نرخی زۆربەی گروپەکان لەبەرز بوونەوە دایە،سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمیش پێیوایە بەرزبوونەوەی نرخەکان لەبازارەکانی لەئەنجامی بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی دراوە جیهانییەکان دروست دەبێ.

سەرۆکی دەستەی ئامار کۆکردنەوەی زانیاری ئەو 12 گروپەی کە دەستەی ئامار دیاریکردوە بەگرنگ وەسف کردو پێشیوابوو لەرێگەی ئەو ئامارانە جگە لەوەی دەتوانن چاودێری نرخی بازار و رێژەی بەرز بوونەوەی بکەن، دەبێتە هۆکارێکیش بۆ دەستنیشانکردنی داهاتی هەرێمی کوردستان.

رێکخراویASKکەرێکخراوێکی ناحکومییە لەمانگی ئەیلولی ئەمساڵ ئامارێکی بۆ زیاتر لە 400 مادەی جیاواز لەبازاڕەکانی هەرسێ شاری کوردستان ئەنجامداوە دەرکەوتووە کۆی گشتی هەلاوسانی نرخ لەکوردستان لەمانگی ئەیلول بەبەراورد لەگەڵ مانگی ئاب بەو جۆرە بووە: خۆراک بەرێژەی 1.41، جگەرەو خواردنەوە بەرێژەی 0.02، قوماش وجلوبەرگ بەرێژەی 0.2903، کەلوپەلی ناو ماڵ وگواستنەوە گەیاندن بەرێژەی 0.067، کەلوپەل وخزمەتگوزاری جۆراوجۆر بەرێژەی 0.0199و کرێ بەرێژەی 0.1958 بەرز بووەتەوە.

بەڵام سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم پێیوایە ئەو داتا و ئامارانەی لەسەر هەڵاوسانی نرخ لەلایەن رێکخراوی ئاسک بڵاوکراوەتەوە دوورە لەراستی چونکە بەبڕوای ئەو" بەشێوەیەکی زانستی ئەنجام نادرێن".

ڕێبین رەسول، بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ئاسک ئامانجی پرۆژەی کۆکردنەوە نرخ وچاودێری کردنی ڕێژەی هەلاوسان لەهەرێمی کوردستان لەلایەن ڕێکخراوەکەیان گەڕاندەوە بۆ نەبوونی زانیاری لەسەر بەرزبوونەوە ونزم بوونەوەی نرخ لەلایەن هاووڵاتییان.

دەربارەی میکانزمی کۆکردنەوەی نرخەکانیش ڕێبین گوتی"لەرێگەی تیمە خۆبەخشەکان لەبازارەکانی هەرسێ پارێزگای کوردستان نرخ کۆ دەکەینەوە هەر 8 مانگ جارێکیش کارەکە ئەنجامدەدەین".

دوکاندارەکانیش ئاماژە بەبەرزبوونەوەی نرخ دەکەن لەچەند مانگی رابردوو و هۆکارەکەشی بۆ بەرزی و نزمی نرخی نەوت و دراو لەجیهاندا دەگەڕێننەوە عەبدوڵڵا عەلی،45 ساڵ، خاوەنی نووسینگەی بروسکە بۆ فرشتنی کەلوپەلی خۆراک بەکۆمەل لەبازاری حەمرای شاری هەولێر لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخ لەبازارەکانی شاری هەولێر گوتی "لەماوەی 9 مانگی رابردوو زۆربەی نرخەکان لەبەرزبوونەوە دابوون، ئەویش بەهۆی بەرزی و نزمی لەنرخی نەوت و دراو، بەڵام لەسەرەتای مانگی 10وە نرخەکان لەدابەزین دان".

بەبڕوای پسپۆرانی بواری ئابووری، هەبوونی داتاو زانیاری لەسەر هەڵاوسانی بازاڕ زۆر گرنگە، هەروەک د.سەلاحەددین گوتی "ئەو داتایانە ڕێگە پیشاندەرێک دەبێت، بۆ پلان دانان و خستنە گەڕی ئەو سەرچاوە سروشتی و مەعریفیانەی لەکوردستان هەن" گوتیشی"ئێمە دەتوانین لەرێگەی بەگەڕخستنی کشتوکاڵ چارەسەری بەشێکی زۆر هەلاوسانی نرخ بکەین و هاوردەش کەم بکەینەوە ".



دیمەنێک لە بازاڕی هەولێر (فۆتۆ: رووداو)



### هەڤپەیڤینی تایبەتی (ڕووداو) لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی هۆڵەندا

# پەرلەمانی هۆڵەندا ئامادەیە هاوکاری پەرلەمانی کوردستان بکات

**بەر لە سازکردنی هەڤپەیڤینەکەمان، نووسینگەکەی ئاگاداری کردینەوە کە سەرۆکی پەرلەمانی هۆڵەندا بە هۆی هەستیاریی پێگەکەیەوە ناتوانێ هیچ لێدوانێک دەربارەی کێشە نەتەوەییەکان بدات. کاتێکیش کە دیتمان، (خێردی فێربێیت) ی سەرۆک پەرلەمان ماوەیەکی درێژ باسی ئەوەی بۆ کردین کە بە هۆی ئەو بەڵێنەی لە کاتی سوێندخواردنەکەیدا داویەتی بۆ مانەوەی بە بێلایەنی، ناشێت ڕای خۆی سەبارەت بە باسە هەستیارەکان بڵێت. بۆیەش چاوپێکەوتنەکەمان زۆرتر بوو بە گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێش دەربارەی دیمۆکراسیی هۆڵەندا و وردەکارییەکانی کاری پەرلەمانی ئەو وڵاتە.**

**هەڤپەیڤین: هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-دەنهاخ**

## بەر لەوەی ببمە سەرۆکی پەرلەمان کاتم زۆر بوو و پارەم نەبوو، ئێستا پارەم زۆرە و کاتم کەمە

**ڕووداو: تایبەتمەندییەکانی دیمۆکراسیی هۆڵەندی چین؟**

**فێربێیت:** لە هۆڵەندا سیاسەتی (سەرکەوتووەکان هەمووی دەبەن) نییە. ئەو شێوازی کارکردنە لە زۆر دیمۆکراسیی دنیادا هەیە، بەڵام ئێمە لێرە هەوڵدەدەین کەمینەکان هێندەی زۆرینەکان دەنگیان ببیسترێ. واتە هەر ڕا و دەنگێک دەبێ گوێی بۆ ڕابگیرێ. بۆیەش وەک دەبینی تەنانەت پارتی ئاژەڵانیشمان هەیە کە شتێکی زۆر تایبەتە. لە هۆڵەندا ئەگەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی ژمارەیان گەیشتە نزیکەی 60هەزار کەس، جا بۆچوونەکەیان هەرچییەک بێت، دەتوانن کورسیی پەرلەمان وەدەستبێنن. بێگومان گرنگە ئەو شەست هەزار کەسە مافی دەنگدان و خۆکاندیدکردنیان هەبێت. واتە تەمەنیان لە هەژدە ساڵ بەرەوسەرەوە بێ و خاوەنی وەڵاتینامەی هۆڵەندی بن.

**ڕووداو: ئەی چی وەک کەموکوڕییەک لە دیمۆکراسیی هۆڵەندیدا دەبینیت؟**

**فێربێیت:** ڕاستیت دەوێ من زۆر شانازی بە دیمۆکراسییەتی خۆمانەوە دەکەم. بۆ نموونە ئێمە لە پەرلەمان بە جۆرەها شێوە دەتوانین یاسا دەربکەین. هەرە گرنگترینیان ئەوەیە کە لەگەڵ حکومەتدا بە هاوبەشی یاسا دادەنێین. بەڵام هاوکات خۆشمان بە جیا کە بزانین پێویست دەکات، بۆمان هەیە کار لەسەر دەرکردنی یاسای تازە بکەین. ڕەنگە کەموکوڕیمان ئەوە بێت کە هەندێجار ئەو کارانەی دەیانکەین یەکجار زۆریان پێدەچێت تا تەواو دەبن.

**ڕووداو: واتە کێشەی بیرۆکراسیەتتان هەیە؟**

**فێربێیت:** من وای ناونانێم، مەسەلەکە ئەوەیە کە ئێمە زۆر بە وردی کار لەسەر ئەو یاسایانە دەکەین کە دەریاندەکەین. دوایێش چەندین کۆمیسیۆن و ڕاوێژکار و ئەنجوومەن دەبێت یاساکە شەنوکەو بکەن و سەیر بکەن بزانن ئایا ئەو یاسایە دەکرێت جێبەجێبکرێ یان نا. بۆیەش هەندێجار زۆری پێدەچێت و کارەکان قورس دەکات. هەڵبەت ئێمەش چاوەڕوانیمان لە خۆمان زۆرە. ئەگەر بمانەوێ یاسایەک دەربارەی قوتابخانان دەربکەین، یەکەمجار دەچین لە مامۆستاکان دەپرسین ئایا ئەوان دەتوانن بە یاسایەکی لەوجۆرە کار بکەن، یانیش لە چ هەلومەرجێکدا ناتوانن کاری پێبکەن. ئەوە خاڵێکە کە پێموایە دەکرێ باشتر بکرێ. وەکیتر ئێمە وەک پەرلەمان مافی یەکجار زۆرمان دراوەتێ. بۆ نموونە دانیشتنەکانی پەرلەمان خۆمان بڕیاردەدەین کە کەی ببن. لە زۆر وڵاتدا حکومەت بە پەرلەمان دەڵێت: ئەم هەفتەیە لەسەر ئەو بابەتانە گفتوگۆ بکەن، بەڵام لای ئێمە شتی وا نییە.

**ڕووداو: مەبەستت لە مافی زۆر چییە؟**

**فێربێیت:** مافی پرسینەوە لە بودجە و پرسینەوە لە وەزیرەکان دوو نموونەن. واتە وەزیرەکان لەسەریانە هەموو شتێک بە پەرلەمان بڵێن و هیچ شتێک نەشارنەوە. هەروەتر ئێمە بۆمان هەیە ئەگەر بزانین بابەتێک لە کۆمەڵگەدا کێشەی لەسەرە لە ڕێگەی کۆمیتەی بەدواداچوونەوە لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەین.

**ڕووداو: ئەی مافی ستاندنەوەی متمانە لە وەزیر و کابینەی حکومەتەکان؟**

**فێربێیت:** ئەگەر وەزیر و کابینەی حکومەت متمانەیان لەلایەن زۆرینەی پەرلەمانتارانەوە لێ بستێندرێتەوە ئێتر قەیران دروستدەبێ و هەڵبژاردن زووتر دەکرێت.

**ڕووداو: لەوەتەی تۆ سەرۆک پەرلەمانیت چەند داواکاریی ستاندنەوەی متمانە لە حکومەتت خستووەتە دەنگدانەوە؟**

**فێربێیت:** نزیکەی دە داواکاری، بەڵام هەر جارێک کە داواکارییەکە ڕەتکرابێتەوە مانای ئەوە بووە کە پەرلەمان متمانەی خۆی بۆ حکومەت نوێ کردووەتەوە.

**ڕووداو: لە پەرلەمانی کوردستاندا ئافرەتان ڕێژەیەکیان لە کورسییەکانی پەرلەمان بۆ دیاریکراوە، ئێوە چ یاسایەکتان هەیە بۆ گەرەنتیکردنی بوونی ئافرەتان لە پەرلەماندا؟**

**فێربێیت:** ئێمە ڕێژەیەکی دیاریکراو و یاسامان بۆ ئەو مەسەلەیە نییە، بەڵام لە ناو هەموو پارتەکانی هۆڵەندادا گفتوگۆ لەو بارەیەوە دروستبووە. بۆ نموونە پارتەکەی من، پارتی کرێکارانی هۆڵەندا، بەردەوام بۆ هەڵبژاردنەکان لیستی پاڵێوراوەکانی وا دادەنێت کە ئەگەر بۆ نموونە ژمارە یەک پیاو بێت، ژمارە دوو ژنە و دواتریش ژمارە سێ دەبێتەوە پیاو و ژنێکی بەدوادا دێت تادوایی. لە دوایین کۆنگرەی پارتی کریستن دیموکراتەکاندا (مەزنترین پارتی هۆڵەندا و بەشدار لە حکومەتدا، ڕووداو) ئەوانیش دەیانەوێت کە نیوەی کورسییەکانیان بە ژنان پڕ بکەنەوە. پارتی چەپی سەوز زۆربەی ئەندامەکانی ژنن. پارتی ئاژەڵان ئەندامەکانیان تەنیا ژنن و پارتی سۆسیالیستیش نزیکەی نیوەی ژنە. پارتی ئازادی و پارتی ئازادی و دیمۆکراسیش پیاوەکانیان لە ژنان زۆرترن. ئێستا لە کۆی 150 کورسی، 62 کورسی هی ژنانە. ئەوە شتێکی باشە و دەبێ ببێت بە 75، واتە نیوە بە نیوە. چونکە نابێ لە بیربکەین کە نیوەی دەنگدەرانمان ژنن، کەواتە ڕاستتریشە کە نیوەی نوێنەرانیش ژن بن.

سەبارەت بە بوونی یاسایەکی لەوجۆرەش لە وڵاتی ئێوە، ئەوە شتێکی باشە. چونکە لەو وڵاتانەدا کە ئافرەت کەمتر نوێنەرایەتی دەکرێن، پێویستە یاسایەک هەبێت کە هانی ئەو نوێنەرایەتیکردنە بدات. ئەگەر وا نەکرێ ئەوە بە دڵنیاییەوە پرۆسەکە زیاتری پێدەچێت. ئێمە نزیکەی سەد ساڵ کارمان کرد تا گەیشتینە ئەمڕۆ، ئومێدەوارم بۆ ئافرەتانی لای ئێوە ئەوە زووتر ڕووبدات.

**ڕووداو: ئایا پەرلەمانتارانی ئێوە بۆیان هەیە کە هاوکات وەزیریش بن یان پۆستێکی دیکەیان هەبێت؟**

**فێربێیت:** نەخێر، ئەگەر ئەندام بیت لە حکومەتدا ئەوا دەبێت پەرلەمان بە جێبێڵیت. واتە یان دەبێ پەرلەمانتار بیت و حکومەت کۆنترۆڵ بکەیت، یانیش لە حکومەتدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت و لەلایەن پەرلەمانەوە کۆنترۆڵ بکرێیت. (لە هەرێمی کوردستان ئەو بنەمایە پێڕەو ناکرێت، محەممەدی حاجی مەحمود لە یەک کاتدا ئەندامی پەرلەمان و وەزیری هەرێمیشە، ڕووداو).

**ڕووداو: خەڵکی هۆڵەندا دەزانن کە پەرلەمانتاران مووچەیان چەندە؟**

**فێربێیت:** لە ڕاستیدا بە هۆی سەربەخۆیی پێگەکەیانەوە پەرلەمانتاران مووچەیان نییە، بەڵکو هاوکارییەکی مانگانەیان هەیە وەک قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی کە بەهۆی کاری پەرلەمانەوە لێیان دەکەوێ. ئەوە هەمووی لەسەر ئینتەرنێت هەیە. چونکە هەموو کەس لە هۆڵەندا دەبێ ببینێ کە چەندمان دەستدەکەوێ و چەندیش خەرجیی هاتووچۆ و مانەوەی ئەو کەسانەیە کە بە کاری پەرلەمان لە دەنهاخ دەمێننەوە. هەموو ئەو پارانە لە چوارچێوەی یاسادا دیاریکراون و ئەگەر گۆڕانکارییەک ببێت ئەوا بە فەرمی لە ڕۆژنامەدا بڵاودەکرێتەوە.

**ڕووداو: دەکرێ بزانین ئێوە وەک سەرۆکی پەرلەمان چەند وەردەگرن؟**

**فێربێیت:** (بەپێکەنینەوە) من بودجەیەکم هەیە کە نزیکەی 150 هەزار یۆرۆیە.

**ڕووداو: مانگانە یان ساڵانە؟**

**فێربێیت:** (لە قاقای پێکەنین دەدات) نا نا ساڵانە. دەزانی بەر لەوەی ببمە سەرۆکی پەرلەمان کاتم زۆر بوو و پارەم نەبوو. ئێستا پارەم زۆرە و کاتم کەمە. ئێمە هەموو کارەکانمان کە دەیکەین ئاشکرایە و هیچ شتێکی شاراوەمان نییە. کۆبوونەوەکانمان، کاری کۆمیسیۆنەکان و تەنانەت بەڵگەنامەکانیشمان هەموویان ئاشکران.

**ڕووداو: ئەوەش تایبەتمەندییەکی دیکەی دیمۆکراسییەکەی ئێوەیە؟**

**فێربێیت:** ئەگەر ڕاستیت دەوێ ئەوە هەندێجار ناخۆشە. چونکە خەڵک ورد و درشتی کارەکانت دەبینن. بەڵام ئەوەش تاکە ڕێگەیە بۆ هەبوونی دیموکراسییەکی ڕاستەقینە. چونکە بەو شێوەیە هەموو گەل لە ڕێگەی میدیاکانەوە دەبینن و دەبیستن کە پارتەکان لە پەرلەماندا چی دەڵێن. بۆیەش ئەگەر پارتێک لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنێکی دابێ و لە پەرلەماندا شتێکیتر بڵێت ئەوە هەموو گەل دەیبیستێ. بێگومان زۆرجار هەڵویستی پارتەکان بە هۆی هاوپەیمانییە سیاسییەکانەوە دەگۆڕێن، بەڵام بۆ ئەوەش پێویستە ئەو پارتانە بە بەڵگەوە بتوانن داکۆکی لەو هەڵوێستگۆڕینەی خۆیان بکەن و ڕوونی بکەنەوە.

**ڕووداو: باسی میدیات کرد، کاریگەریی ئەوان بەسەر پەرلەمانەوە چەندە؟**

**فێربێیت:** کاریگەریی وان یەکجار گەورەیە. ئەگەر ڕۆژنامەکان پڕ بن لە باسی مەسەلەیەک کە ڕوویداوە، ئیتر یان لە کۆبوونەوەی ئاسایی یانیش لە کۆبوونەوەی بەپەلەدا ئەو مەسەلەیە دەخرێتە بەر باسەوە. سی ئەندام پەرلەمان، واتە یەک لە پێنجی هەموو ئەندامان، دەتوانن ئەوە بسەپێنن کە باسی مەسەلەیەکی دیاریکراو بکرێت لە پەرلەماندا. وەک خۆتدەزانیت یەک لە پێنج واتە کەمینەی ناو پەرلەمان.

**ڕووداو: ئەی کەمینەکان چۆن نوێنەرایەتی دەکرێن لە پەرلەماندا؟**

**فێربێیت:** لە ڕێگەی پارتە بچووکەکانەوە.

**ڕووداو: مەبەستم لەوە بۆ نموونە گەلی فریزییە لە هۆڵەندا؟**

**فێربێیت:** ئەوان لە ناو هەموو پارتەکاندا ئەندامیان هەیە، بەڵام وەک پارتێک یان فراکسیۆنێکی سەربەخۆ لە پەرلەماندا نین. بەڵام دەنگی ئەوان لە ڕێگەی پارتەکانی دیکەوە دەبیسترێ. کاتی خۆی ئەندام پەرلەمانێکی فریزی هەبوو کە هەمیشە بە زمانی فریزی دەنگیدەدا. چونکە فریزیش زمانی فەرمیی هۆڵەندایە.

**ڕووداو: ئەگەر بۆ نموونە ئەندام پەرلەمانێکی فریزی بیەوێت بە زمانی خۆی بەشداریی گفتوگۆکانی پەرلەمان بکات، ئایا دەزگای تایبەتتان هەیە بۆ وەرگێڕانی قسەکانی یان هەر سەت و پەنجا ئەندامەکەی پەرلەمان بە زمانی فریزیش دەتوانن قسە بکەن؟**

**فێربێیت:** شتێکی وا قەت نابێت. ئەگەریش ڕوویدا ئەوە هەموو لێی تێدەگەن، بەڵام زمانی پەیوەندی لە پەرلەماندا زمانی هۆڵەندییە. بۆ نموونە ناکرێ بە تورکی یان عارەبی قسە بکرێت. هەروەها ئێمە ژمارەیەکی زۆر پەرلەمانتاری بە بنەچە تورک و مەغریبیمان هەن کە بۆ هەموو هۆڵەندا کاردەکەن و تەنیا خەریکی کاروباری ئیمیگرانتەکان نین.

**ڕووداو: کارەکانی سەرۆکی پەرلەمان چین؟**

**فێربێیت:** من سەرپەرشتیی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەکەم کە بە شێوەیەکی ئاسایی هەفتەی سێ جارە. هاوکات ڕاوێژکاری شاژنم. ئەگەر بێتو قەیرانێک لە وڵاتدا هەبێت ئەو ڕاوێژ بە من دەکات کە چی بکرێت باشە. هەروەها بەرپرسیاریشم لە 700 کارمەندی پەرلەمان کە ئەرکی جۆراوجۆریان پێ سپێردراوە. هەروەها ڕۆژانە نزیکەی 1300 کەس لە پەرلەمان نان دەخۆن. چونکە 400 ڕۆژنامەنووسیش لێرە کاردەکەن و بۆیان هەیە بێن و بڕۆن. جگە لەوەی کە هەر فراکسیۆنێکیش کارمەندی خۆی هەن. جگە لەمەش من ساڵانە بە نوێنەرایەتیی گەلی هۆڵەندی لەگەڵ هاوکارەکانمدا مۆمی یادکردنەوە بۆ نموونە بۆ یادی کارەساتەکانی جەنگی جیهانیی دووەم دادەگیرسێنم.

**ڕووداو: ئێوە وەک سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنتانداوە و دەبێت بێلایەن بن، ئایا قورس نییە کە ئەندامی پارتێکی دیاریکراو بیت و لەکاتی گفتوگۆ سیاسییەکانی ناو پەرلەمانیش بێلایەنیی خۆت وەک سەرۆک پەرلەمان بپارێزیت؟**

**فێربێیت:** من پەردەیەکم خستووەتە پێش چاوی خۆم. هەوڵدەدەم دادپەروەر بم و مافی هەمووان وەکو یەک بدەم. بۆ نموونە دەبێ کەمێک زیاتری پارتە گەورەکان کات بە پارتە بچووکەکان بدرێ، چونکە وا نەبێت ئەوان کاتی کەمتریان دەدرێتێ. دواتر هەموو هۆڵەنداش من لە ڕێگەی میدیاوە دەبیستن و دەبینن. بۆیە کارێکی ژیرانە نابێت ئەگەر بێلایەنیی خۆم نەپارێزم.

**ڕووداو: کەی قورسترین قۆناخی کاری سەرۆکایەتیت بووە؟**

**فێربێیت:** ئەوکاتەی کە تازە ببوومە سەرۆکی پەرلەمان، هێشتا حکومەت نەگۆڕابوو. بۆیە دیارنەبوو کێ زۆرینەیە و کێ کەمینەیە. ئەوە بۆ من کەمێک قورس بوو، چونکە دەبووایە زۆر شت فێر بم. سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش وەک وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێرییە. کە تازە دەستت پێکردبێ هێندە خەریکی شتە بچووکەکانی کە تام لە لێخوڕین ناکەیت.

**ڕووداو: هیچ جۆرە هاوکارییەک لە نێوان ئێوە و پەرلەمانە تازە وەسەرپێکەوتووەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم هەیە؟**

**فێربێیت:** بە شێوەی بەردەوام و فەرمی هاوکاریمان نییە، بەڵام ئەگەر داوامان لێبکرێت لە ڕووی شارەزایی و زانیاری پێدانەوە هاوکارییان بکەین ئەوا بە دڵنیاییەوە دەیکەین. واتە ئەگەر بیانەوێ فێربن کە چۆن پەرلەمان دەبێ کاربکات و کامانەن ئەو مافانەی کە پەرلەمان هەیەتی، ئەوا ئێمە ئامادەین فێریان بکەین.

**ڕووداو: کەواتە ئێوە ئامادەن لەو بارەیەوە هاوکاریی پەرلەمانی کوردستانیش بکەن؟**

**فێربێیت:** من بیرم نایێت هیچ داواکارییەکی وامان بەدەست گەیشتبێ، بەڵام ئەگەر داوایەکی وام بەدەست بگا، بەپێی توانا ئامادەم هاوکارییان بکەم. چونکە من باوەڕم بە دیمۆکراسییە و هیچ سیستەمێکیش لەو جوانتر نییە.

### پەرلەمان و حکومەتی هۆڵەندا

– پەرلەمانەکەی لە ساڵی 1815دا پێکهاتووە.
– ژمارەی ئەندامانی 150 کەسە.
– لە خولی ئێستادا: پارتی کرێکاران، 33 کورسی. پارتی دیموکراتە مەسیحییەکان، 41 کورسی. پارتی سۆسیالیست، 25 کورسی. پارتی ئازادی و دیمۆکرسی 22 کورسی. گەورەترین فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان پێکدێنن.
– حکومەتی ئێستای هۆڵەندا پێکهاتووە لە پارتی کرێکاران و دیموکراتە مەسیحییەکان، یەکێتیی مەسیحییەکان.
– بەهێزترین گرووپی ئۆپۆزسیۆن چەپەکانن (پارتی سۆسیالیست و پارتی چەپی سەوز). هەروەها پارتە ڕاسترەوەکانیش هێزێکی گەورەی ناو پەرلەمانن.
– سەیرترین پارت (پارتی بۆ ئاژەڵانە). کە ئامانجی سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵگای هۆڵەندییە بۆمافی ئاژەڵان و دوو کورسیی لە پەرلەماندا هەیە. (ڕووداو) بەم نزیکانە دیدارێک لەگەڵ سەرۆکی ئەو پارتەدا بڵاودەکاتەوە.
– ماوەیەک بەر لە ئێستا پارتێکیتر بە ناوی (منداڵدۆستەکان) دامەزرا کە لە بنەڕەتدا هی ئەو کەسانە بوو کە باوەڕیان بە هەبوونی پەیوەندیی سێکسی لەگەڵ منداڵان هەبوو (پێدۆفیلی). بەڵام مۆڵەتی کارکردنی پێنەدرا.
– کۆنترین پارتی هۆڵەندا کە تا ئێستا مابێتەوە پارتی ئێس خێ پێیە، کە لە ساڵی 1922 دامەزراوە و تاکو ئێستاش هەر دوو کورسییان لە پەرلەماندا هەیە. ئەو پارتە باوەڕی بە ئایینداریی دەمارگیرانە هەیە و ژنانیش بۆیان نییە پۆست و بەرپرسیارێتیی تێدا وەربگرن.



تەلاری تازەی پەرلەمانی هۆڵەندا
(فۆتۆ: ڕووداو)

## 1300 کەس ڕۆژانە لە پەرلەمان نان دەخۆن



تەلارەکانی پەرلەمان و حکومەتی هۆڵەندا
(فۆتۆ: ڕووداو)



## هەڤاڵ گۆرانییەكی خاڵە تایەر دەڵێتەوە

نەوزاد چارلس
رووداو - هەولێر

◆ هونەرمەند هەڤاڵ ئیبراهیم لە لێدوانێكدا بە (رووداو)ی راگەیاند كە بەر لە جەژنی نەورۆز سیدییە تازەكەی بڵاودەكاتەوە. هەڤاڵ ئاشكرایكرد كە لەو سیدیەیدا كە لە ستۆدیۆكانی ئامەدو ئیستەنبۆل تۆماریكردووە،3 گۆرانی بە سۆرانی گوتووە كەیەكێكیان گۆرانییەكی هونەرمەندی ناسراوی كورد تاهیر تۆفیقە.

رۆژین:

# وەكو خەڵكیتر خۆم نافرۆشم

رۆژین یەكێكە لەو ژنە هونەرمەندە دەگمەنانەی كورد، كە لەكاتی گۆرانی گوتندا بە بوێرییەكی زۆرەوە سەما دەكات، هۆكاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ گەورەبوونی لەنێو كۆمەڵگەیەكی كراوەدا. لەو هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) رۆژین وەڵامی ئەو كەسانە دەداتەوە كە لەسەر گۆرانی گوتن بە توركی رەخنەی لێدەگرن ودەڵێ " من خۆم لەوان بە كوردتر دەزانم".

رووداو – هەولێر



**رووداو: لە هەڤپەیڤینێكتدا لەگەڵ رۆژنامەی (The Turkish Daily News) گوتبووت "خەڵک دەیانەوێت توندڕەو بم وتەنیا بە یەک زمان گۆرانی بڵێم، بەڵام من دەمەوێ ببمە پردێک لە نێوان كورد وتورک " لەم هەوڵەتدا سەركەوتنت بەدەستهێناوە؟**

**رۆژین:** زۆر زۆرم پێخۆش و گرنگە ببمە پردی ئاشتی نێوان تورک وكورد . بەهۆی گۆرانی گوتنیشم بە توركی جەماوەرم زۆر زۆر بووە . رۆژنامەی توركیش دەیلی نیوز بە هەڵە باسیكردووە كە كورد لەبەر ئەوەی من بە توركی گۆرانی دەڵێم دوژمنی منن. تەنها هەندێ كوردی رادیكاڵ دوژمنی منن . ئەوانیش ژمارەیان زۆر زۆر كەمە لەوانەیە 1% بن .بە پێچەوانەوە جەماوەری من لەنێو كورد و توركان زۆر بووە . بۆ نموونە من لە هەموو تەلەڤزیۆنە توركییەكان دەردەكەوم . پاش دووسێ هەفتە لە بەرنامەی (ئیبۆ شۆ Ibo Show ) دەردەكەوم . من خۆم لەو كوردانە بە كوردتر دەزانم كە رەخنەم لێدەگرن لەبەر گۆرانی گوتن بە توركی، من هونەرو كولتووری نەتەوەی خۆمم خۆشدەوێت ودەمەوێت بە تورک ودنیای بناسێنم. چی تێدایە ئەگەر من بە توركی، ئینگلیزی، فەرەنسی وهەر زمانێكی دیكە گۆرانی بڵێم؟ قەباحەت وكارەسات ئەوەیە بە كوردی گۆرانی نەڵێم، بەڵام من بەردەوام سوورم لەسەر گۆرانی گوتن بە كوردی . ئەگەر منیش وەكو هونەرمەندە كوردەكانی توركیا گوتم من توركم وكورد نیم وبە كوردیش گۆرانیم نەگوت ئەوكاتە هەقە هەرچی خراپە پێم بڵێن. بەڵام ئێستا من خزمەتی هونەری كوردی دەكەم.

**رووداو: بۆچی تەنها بە كوردی گۆرانی ناڵێی؟**

**رۆژین:** بەڕاستی من دەمەوێ ببمە هونەرمەندێكی جیهانی. بۆیە دەمەوێ بە ئینگلیزی وفەرەنسی وعەرەبی وتوركی گۆرانی بڵێم،من بە یازدە زمان گۆرانی دەڵێم . دەمەوێ ببمە ئەستێرەیەكی جیهانی نەک تەنها لەچوارچێوەیەک و گوندێكدا گۆرانی بڵێم .

**رووداو:گۆرانی گوتن بە توركی كێشەت بۆ دروست ناكات؟**

**رۆژین:** بەڵێ كێشەم بۆ دروستدەكرێ، بەڵام من دەخوازم ببمە پرد وهەردوو زمان لەیەک نزیک بین لەبەر ئەوەی ئێمە لەگەڵ یەک دەژین . ئێمە لە توركیا وەک كوردی عێراق نین كە لە دووری عەرەب ژیابین و ژنخوازی لە نێوانماندا نەبێ. لەتوركیا وا نییە، كوردو تورک تێكەڵی یەک بوونە وپێویستە وەک خوشک وبرا بەیەكەوە بژین . بۆیە ئەگەر بەتەنها بە كوردی گۆرانی بڵێم تەنها كورد دەمناسن، بەڵام ئەگەر بە كوردی وتوركی گۆرانی بڵێم هەم قازانجە بۆ من وهەمیش تورک گوێ لە گۆرانییەكانی من دەگرن. دیارە من كە بە توركی گۆرانی دەڵێم، خۆ ناڵێم ئەز كورد نیم وكوردستان نییە و وەكو خەڵكیتر خۆم نافرۆشم .

من حەز لە سیاسەت ناكەم، بەڵام مرۆڤ نابێ لە ژیاندا توندوتیژ بێت، نابێ هەموو خەڵک بكەینە دوژمنی خۆمان، دەبێ كورد سینگ فراوان بن.

**رووداو:گۆرانی گوتن بە كوردی لەتوركیا هێشتاش كێشەو ئاستەنگی لە پێشە؟**

**رۆژین:** بەڵێ هێشتاش هەر كێشە هەن و ناهێڵن . دەڵێن بە توركی گۆرانی بڵێ وبە كوردی مەڵێ .كە دەچمە هەر بەرنامەیەكیش دەڵێن توخوا رۆژین بە كوردی گۆرانی مەبێژە . منیش هەمووجارێ دەڵێم بۆ ئەوەی ویژدانم ئاسوودە بێت دەبێ گۆرانییەكی كوردی هەر بڵێم چونكە من كوردم و كوردی زمان وكولتووری منە چۆن دەبێ بە كوردی گۆرانی نەڵێم ؟!

**رووداو:تورک هیچ كێشەت بۆ دروست ناكەن كە دێیە باشووری كوردستان؟**

**رۆژین:** من چوار پێنج جار هاتوومەتە باشووری كوردستان. یەكەمجار كە هاتم لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل كێشەیان بۆدروستكردم، پۆلیس 7 كاژێر منیان لە لەبەری توركیا راگرت و لێیان پرسیم بۆچی دەچی وچ دەكەی لەوێ؟ دەیانگوت تۆ دەچی كۆنسێرت بۆ هەڵبژاردنی مەسعودبارزانی سازدەكەی، ئەوەی زۆر جێگەی داخە ئەوەی ئەو قسانەی بە توركان گوتبوو ئەو شوفێرە كوردە بوو كە من لەگەڵی هاتبووم، شوفێرەكە بە پۆلیسەكانی گوتبوو رۆژین نەتەوەپەرستێكی توندڕەوەو سەر بە بارزانییە . بەداخەوە كورد خەڵكی خۆفرۆش وخاینی گەلێک زۆرە . ئێمە پێمانخۆشە پەیوەندی نێوان هەرێمی كوردستان وتوركیا خۆشبێت چونكە بۆ ئێمەش باشە . دەزانی هەرجارێک كە لە راگەیاندنی توركیا هێرش دەكرێتە سەر مەسعود بارزانی من هێندە تووڕە دەبم، لەداخان شەو خەوم لێناكەوێت . چونكە مەبەست لەو هێرشانە سووكایەتیكردنە بە كورد . جارێكییان رۆژنامەیەكی توركان قسەو جنێوی بە كاک مەسعود دابوو بەناوی سەت كەسەوە سەت ئیمەیلم بۆ ئەو رۆژنامەیە نارد وپێمگوتن ئێمەی كوردی توركیا هەرگیز لێتان قبول ناكەین سووكایەتی بە كاک مەسعود بكەن . بۆیە پەیوەندی نێوان كوردستان وتوركیا بە باشی وخراپی كاریگەی لەسەر ژیانی ئێمە هەیە . بەڵام ئێمە پێمانخۆشە پەیوەندی كوردستان لەگەڵ توركیا زۆر باش بێت.

**رووداو:هەستت چییە كە دێیە باشووری كوردستان؟**

**رۆژین:** كاتێک لە كوردستان دەبینم سەربازو پۆلیس بە كوردی قسە دەكەن لە خۆشیان گریانم دێت،چونكە لە توركیا كە ئێمە بە كوردی قسە دەكەین سەربازو پۆلیس ستەم و زۆرداریمان لێدەكەن. لە كۆنسێرتی دابەشكردنی خەڵاتی ژنپارێزی بەر لەوەی بچینە ژوورەوە پۆلیسەكان گوتییان تەلەفۆنەكانتان و نازانم چی وچی دانێن وبەجێیبهێڵن (رۆژی 2008/11/25 لە هەولێر بەڕێوەچوو، رووداو)، نەک هەر پێمناخۆش نەبوو بەڵكو زۆریشم پێخۆشبوو ئەگەر لە وڵاتێكیتر بووایە پێمناخۆش دەبوو، بەڵام من كەیفم بە لەشكرو پۆلیسی كورد دێ .

**رووداو: تۆ یەكێكی لەو ژنەهونەرمەندە كوردە دەگمەنانەی لەكاتی گۆرانی وتندا سەماو دانسێكی زۆر دەكەی، سەرچاوەی ئەو بوێرییەت چییە؟**

**رۆژین:** من بەشداریم لە 25 شانۆگەری توركی كردووەو لەچەند فیلمێک بەشداریم كردووە لەوانە فیلمێكی هونەر سەلیم وفیلمی بازاڕ كەچوار خەڵاتی پورتەقاڵی زێڕینی وەرگرت و لەتوركیا دەنگدانەوەیەكی زۆری هەبوو . لەبەر ئەوەی من ئەكتەرم وكاری ئەكتەرییم كردووە ناتوانم بە ساردوسڕی وبێ جووڵە گۆرانی بڵێم . ستایلی گۆرانیەكانییەكانیشم ئەوە نییە كە بە بێ جووڵە پێشكێش بكرێن .بۆ نموونە ناكرێ گۆرانی (هێژایە، هێژایە) بڵێم و هیچ جووڵەیەک نەكەم، ئەوكاتە دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی.

**رووداو:بەڵام ژنە هونەرمەندەكانی كورد تا ئێستا ئەو بوێرییەی تۆیان نییە كە وەک تۆ دانس بكەن وگۆرانی بڵێن؟**

**رۆژین:** بەڕاستی ئەوە گوناهی ئەوان نییە، كۆمەڵگەو ئایین رێگەیان پێ نادات. من رێزم بۆ ئیسلام هەیەو بۆ خۆشم بە رۆژوو دەبم، بەڵام نابێ ئایین ببێتە رێگروئاستەنگ لە پێش پێشكەوتنی ئێمە . لە باشووری كوردستان سیستەمی رژێمی سەددام سیستەمێكی دیكتاتۆری وپیس بوو، ئەگەر هونەرمەندانی باشوور لە توركیا بوونایە هەرچەندە لە توركیاش دیكتاتوری هەیە، بەڵام ژن ئازادترە یان لە ئەوروپا ژیابان ئەوانیش ئازاد دەبوون . بۆیە من قەت ناڵێم بۆچی هونەرمەندانی كورد وەكو من گۆرانی ناڵێن چونكە ئەگەر منیش لەهەولێر گەورە بووبام لەوانەیە منیش وەک ئەوان نەمتوانیبا بەو شێوەیەی ئێستا گۆرانی بڵێم.

**رووداو:گۆرانییەكی سۆرانیت گوتووە (چەندی گەڕام لەشاران)ی هۆمەر دزەیی، بەنیازیت گۆرانیتر بەو شێوەزارە بڵێی؟**

**رۆژین:** حەز دەكەم بە سۆرانی، زازاكی، لوڕی و هەموو شێوەزارە كوردییەكان گۆرانی بڵێم، چونكە ئەوانە هەموویان بەشێكن لە زمانی من.

## لەهەولێر ژن نابینم، بۆ هەر لایەک دەچی هەر پیاون

**رووداو: رەوشی ژنانی كوردستان چۆن دەبینی؟**

**رۆژین:** من لەهەولێر ژن نابینم، بۆ هەر لایەک دەچی هەر پیاوە، بۆچی ژن لە هیچ شوێنێک دیارنین، ژن هەبان ژیان خۆشتر بوو. زۆر دڵم تەنگ دەبێت كە هەواڵی خۆسووتاندنی ژنان لە كوردستان دەبیستم، بۆیە حەز دەكەم كارێک بۆ ئەو ژنانە بكەم كە لەماڵەوەن وناچنە دەرەوە بۆ ئەوەی لە ماڵەوە كار بكەن . بۆنموونە لە ژاپۆن ژنان لە ماڵەوە سەعاتدروستدەكەن . دەبێ ژنانی كورد پێشبكەون وبەرنامەی زۆر هەبن بۆژنانی كوردستان. چونكە ئەگەر ژن پێشكەوتن، پیاویش پێشدەكەون. من لە كلیپی ( ئای دل) باسم لە كوشتنی ژنان كردووە لە كوردستانی توركیا .

عوسمانی وایەرمەن:

# ئەگەر چوار كچی سێكسیت لەگەڵ نەبێت تەلەڤزیۆنەكان هاوكاریت ناكەن

**نەوزاد مەحمود**
**رووداو–سلێمانی**

عوسمانی وایەرمەن زۆرجار بیر لەوە دەكاتەوە، یاداشتێک بداتە تەلەڤزیۆنە كوردییەكان و بنووسێت "پەشیمانم لەهەموو ئەو هەڵە گەورانەی كردم و ئیتر كاری هونەری رەسەنی كوردی ناكەم"، بۆئەوەی بایەخی پێبدەن و پەراوێزی نەخەن "بەڵام هەر زوو لەو خەیاڵە شێتانەیە پەشیمان دەبمەوە، چونكە دەزانم كولتوری ئەم میللەتە سەدان شەهیدی بۆدراوەو ناكرێت ئێمە بەئاسانی دەستبەرداری ببین". دەكرێت ئێستا ئەو بەیەكێک لەو هونەرمەندە كوردانە بژمێردرێت، كە تاسەر ئێسقان لەتەلەڤزیۆنە كوردییەكان تووڕەیەو پێیوایە ئەو تەلەفزیۆنە كوردییانە، هونەری كوردی بەرەو ویرانەو لەنێوچوون دەبەن .

وایەرمەن هەرچەندە لەگەڕەكی چوارباخی سلێمانی لەدایكبووە، بەڵام هەرگیز بەشداری شەڕە گەڕەكی منداڵانی چوارباخی نەكردووەو تەنها لەدوورەوە سەیری شەڕەكانی كردووە، ئەو لەباتی "بەردەقانی"، هەرزوو خولیای هونەر دەبێت و ئێستا خاوەنی 21 كلیپ و 25 بەرهەمی مەنەلۆژییە . ئەو دەڵێت "عیشق بۆ هونەری رەسەنی كوردی پێش راپەڕین بەهێزتر بوو لە ئێستا". نموونەیەک لەبارەی ژیانی خۆیەوە دێنێتەوە"لەسەردەمی خەباتی نهێنیدا، لەماڵی خۆم و لەسەر ئەركی خۆم هاوكاری چەندین هونەرمەندی وەک نەجمەدینی غوڵامی و كاڵێ و كەسانی وەک ئەوانم كردووە، چونكە عیشقمان بۆ هونەرەكە هەبوو".

عوسمانی وایەرمەن كە وڵاتەكەی خۆی بە هەموو كەموكوڕیەكانیشیەوە خۆشدەوێت، ناچارە لەبەرامبەر ناتەواوییەكان قسەبكات و هاوڕای ئەوانەیە كە پێیانوایە هونەری كوردی رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەشێوێندرێ" تەلەڤزیۆنەكان و میدیاكان گۆرانی كوردی ئەنفال دەكەن"، لەوەشدا زیاتر رەخنەی لە دوو كەموكوڕییە یەكەمیان گۆرانی بایەخدان بە هونەر بۆ بایەخدان بە كچان لە كلیپەكاندا " بەجنس گۆرانی دەشێوێنن". دووەمیش فێركردنی هونەرمەندان لەلایەن پارتی و یەكێتی بۆ وەستانەوە دژی لایەک تاوەكو لایەكەی دیكە یارمەتی بدات "بەڵام ئەوە كاری وایەرمەن نییە".

ئەو بەهۆی كاری وایەرمەنی ئۆتۆمبێلەوە،خۆی نەداوەتە دەست "ئەوەی لەژێر سەیارەپەیدای دەكەم و لەدەمی منداڵەكانمی دەگرمەوە، كاری هونەری خۆمی پێدەكەم".

عوسمان وایەرمەنیش، یەكێكی دیكەیە لە هونەرمەندە زۆر بەگلەییەكانی كوردستان. گلەییەكانی دەگەنە سەندیكای هونەرمەندانیش كە ئەندامی كارایەتی "من بۆ فیستیڤاڵ و رێزلێنان و هیچ شتێک بانگ ناكەن و هەر ئەو ماستاوچییانە ئیشیان باش دەڕوات، كە لە سەردەمی بەعسیشدا هەبوون و ئێستاش پەت پەتێن دەكەن".

عوسمانی حاجی محەممەد، كەبەعوسمانی وایەرمەن ناسراوە بەهۆی ئەو پیشەیەوە كەفیتەرییەو لەباوكییەوە بۆی ماوەتەوە، رۆژانە هەشت كاژێر بەچاكردنەوەی ئۆتۆمبیلی خەڵكییەوە سەرقاڵە لەدوكانەكەیداو پێشیوایە وایەرمەنی و گۆرانی گوتن لە یەكەوە دوورنین، مادام هەردوو كارەكە هونەرن "زۆرجار ئیقاع لەكارەكەم وەردەگرم". دەڵێ منداڵەكانم و هاوسەرەكەشم زۆرحەزیان لە گۆرانییەكانی دەكەن و نایشارێتەوە، كەهاوسەرەكەی زۆرجار حەزدەكات كە لەكلیپەكانیدا ئەوەندە گوێ درێژ و بابەتی كەلەپووری كوردی بەكارنەهێنێت، نەبادا پیاوەكەی لەكاروان داببڕێت "بەڵام كە دوایی لەشاشەی تەلەڤزیۆن كارەكەم دەبینێت، زۆرشادومان دەبێ، چونكە دەزانێ من پیاوێكی مۆدێرنیشم و كەلەپوورو كلتوری نەتەوەكەی خۆشم خۆشدەوێ".

عوسمان وایەرمەن، درێژە بە گلەییەكانی دەدات، ئەگەر پارەیەكی وەک زەكەریای لەبەر دەستبووایە دەیزانی چ بۆ هونەری كوردی دەكات.هەرلەهەمانكاتدا گۆرانیبێژە گەنجەكان دەكات پارەی كلیپەكانیان لە كوردستان بهێڵنەوەو نەچنە توركیا" راستە مۆسیقاژەنی پرۆفیشناڵ لەوێ كارتان بۆدەكەن، بەڵام قەت تۆنی كوردیتان ناداتێ". بەڵام دەڵێ رەنگە هۆیەكی دیكەی چوونی ئەو گەنجانە بۆ توركیا ئەوەبێت "لێرە كچیان دەست ناكەوێت و لەوێش ئاسانە".

لەوبارەشەوە رەخنەكانی بۆ تەلەڤزیۆنە كوردییەكان دووبارە دەكاتەوە، كە بەهۆی بایەخدانیان بەلەش و لاری كچان هونەریان لە بیركردووە "لەبەرئەوەی ئێمە میللەتێكین كەبتی جنسیمان هەیە، تەلەڤزیۆنەكان دێن بەجنس گۆرانی كوردی دەشێوێنن و ئەگەر چوار كچی سێكسیت لەگەڵ نەبێ، هاوكاریت ناكەن و هیچ ناخەنە بەردەستت، حەتمەن ئەمە دەستێكی لەپشتەوەیە" .ئەو دەڵێ، كارێكی بۆ كەركووک كردووە، بەڵام تەلەڤزیۆنەكان بڵاوی ناكەنەوە " ئەگەر ئەو كچە سێكسیانەم لەگەڵ بووایە كارەكەیان لێوەردەگرتم و بڵاویاندەكردەوە".

نەجمەدین مەلا، زۆر لە مێژە لەبارەی كوردەوە وتوویەتی "ئێمە میللەتێكی زیندووكوژی مردوو پەرستین". وایەرمەن دەڵێ ئەو یەكێكە لەوانەی بە زیندوویی كوژراوە "زۆركەس پێیان وتوم تا نەمری، قەدرت دەرناكەوێ". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە لە نێو منداڵان و گوندنشیناندا رێزێكی بێ وێنەی لێدەگیرێ "تەحەددای پارتی و یەكێتی دەكەم، لەگەڵ ئەندامێكی سەركردایەتی پارتی و یەكێتی دەچمە گوندێک، بابزانین زیاتر بەپیری كاممانەوە دێن؟". دەڵێ هۆی ئەوەش رەسەنی هونەرەكەیەتی .

عوسمانی وایرمەن، سەرەڕای هەموو ئەو گلەییانە، گەشبینییەكی ماوەو دەڵێ "ئەم رۆژگارە هەر وا نامێنێ و راست دەبیتەوە، بەڵام سەبری پێویستە".



**عوسمان حاجی محەممەد (وایەرمەن)**

– لەساڵی 1954 لەگەڕەكی چوارباخ لەدایک بووە.
– تاوەكو سێیەمی ناوەندی خوێندووە.
– ساڵی 1990 ژیانی هاوسەری پێكهێناوەو دوو كوڕو دوو كچی هەیە.
–ئێستا دوكانی فیتەری وایەرمەنی هەیە لەسلێمانی .

عوسمانی وایەرمەن (فۆتۆ:رووداو)

## تاراوگە

### گوندی داوای پشتگیری لە ئۆباما دەکات



ڕووداو-واشنتن

سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لەباکووری ئەمەریکا KNC، داوا لە ئۆباما دەکات دەستبەرداری کورد نەبێت. د.کرمانج گوندی لەنامەیەکدا کەبەبۆنەی هەڵبژاردنی بە سەرۆکی ئەمەریکا ئاراستەی باراک ئۆبامای کردووە، باس لە تاقیکردنەوەی تاڵی کورد لە گەڵ ئەمەریکا دەکات لەسەردەمی بەڕێوەبەرایەتی نیکسۆن لەساڵی 1975 وجۆرج بوشی باوک 1991 . سەرۆکی KNC داوای لە ئۆباما کرد پشتیوانی لە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بکات،چونکە کورد دۆستێکی بەوەفای ئەمەریکان.




## کورد لە دەرەوەی ئینتەرنێتن

# نێتکورد کوردان کۆدەکاتەوە

**تایبەت بە ڕووداو**

بەڕێوەبەری پڕ خوێنەرترین ماڵپەڕی کوردی بە شێوەزاری کرمانجی سەروو و ڕێنووسی لاتینی، کە بنکەی سەرەکی لە وڵاتی سوێدە دەڵێ " ڕووداو هەرچەندە ماوەیەکی کورتە دەردەچێ، بەڵام بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بنەما ڕۆژنامەڤانییەکان و خۆماندووکردنی بە هەواڵەکانیەوە، لە نێو ڕۆژنامە سەربەخۆکانی باشووری کوردستاندا بووەتە سەرچاوەی سەرەکی هەواڵەکانمان".

موراد جوان، کە ڕۆژنامەڤانێکی کوردی باکووری کوردستانە،لەساڵی 1992 وازی لە کاری سیاسی هێناوەو، ئەوە سێ ساڵ و نیوە لەگەڵ ستافێکی هەشت کەسیدا ماڵپەڕی netkurd. com بەڕیوەدەبات، کە بە پڕ خوێنەرترین ماڵپەڕی هەواڵدەریی بە شێوەزاری کرمانجیی سەروو دادەنرێت. موراد لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئامانج و ڕێبازی ماڵپەڕەکەی ڕوونکردەوەو گوتی"مەبەستمان ئەوەیە هەواڵەکانی کوردستان لەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان و کوردانی تاراوگە لە یەک شوێندا لەسەرچاوەی کوردییەوەو بەزمانی کوردی بدەینە خوێنەرانمان".ئەو دەڵێ ئەوان ڕێز لە خوێنەرانیان دەگرن بەوەی کە زانیاری دروستیان پێشکێش بکەن و بە دڵنیاییەوە دەڵێ "زۆر گرنگە کوردانی ئەورووپا هەواڵەکانی کوردستان، لەدەستی کەسانێک وەربگرن کە زیاتر ئاگاداری کوردستانن، لە سوێد ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکانی ئەویش هەواڵەکانی کوردستان و عێراق بڵاودەکەنەوە،بەڵام ئێمە خاوەن زانیاری زیاترین لەبارەی کوردستانەوە، لەبەرئەوەش دەتوانین زانیاری وردتر لەبارەی کوردستانەوە بدەین".

ستافی هەشت کەسی ماڵپەڕی نێتکورد، زۆربەیان لە سوێدن و ئەوانی دیکەش لە هۆڵەندا و فەرەنسان، لەوانەش سێ کەس بەبەردەوامی و سێ کەسی دیکەش نیودانە ڕۆژ و ئەوانیدیکەش ڕۆژانە دوو کاژێر کار لە ماڵپەڕەکەدا دەکەن و، ئەو ستافە لە ڕێگەی ماسنجەر و پالتاکەوە پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و کۆبوونەوەکانیان سازدەکەن.هەروەک موراد جوان دەڵێ ئەوان خۆبەخشانە کاردەکەن و تا ئێستا تەنیا هەندێ یارمەتیان بۆ کڕینی کۆمپیوتەر و کامیرا وەرگرتوون "لەبەر ئەوەی ئێمە لەدەرەوەین نەدەبوو هاوکارییەکی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان وەربگرین".

ئەو دەڵێ ئەوان بەهۆی زۆری خوێنەرانیان دڵگەرمن لە سەر درێژەدان بەشێوەیەکی خۆبەخشانە بەماڵپەڕەکەیان. ئەو دەڵێ زۆرترین خوێنەرانمان لە باکووری کوردستانن کە ژمارەیان 22%یە و 16% لە باشووری کوردستانن،ئەوانی دیکەش زۆربەیان ئەو گەنجانەی کوردن کە لە ئەورووپا لەدایکبوونە یان لەوێ گەورەبوونە و زمانی تورکی و عەرەبی و فارسی نازانن. ئەو ماڵپەڕە کە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی بە ڕێنووسی لاتینی و شێوەزاری کرمانجیی سەروو بڵاودەکاتەوە، دەڵێ " ئەو گەنجە کوردە سۆرانیانەی لەئەورووپا لەدایکبوونەوگەورەبوونە ئەوانیش ئاسانتر دەتوانن بە ڕێنووسی لاتینی بابەتە کوردییە سۆرانییەکان بخوێننەوە،



## (ڕووداو) سەرچاوەیەکی سەرەکی هەواڵەکانمانە

موراد جوان، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی NETKURD

**موراد جوان**

- لەساڵی 1956 لە ئامەد لە دایکبووە.
- دوای کودەتای 12ئەیلولی 1980 چووەتە سوێد.
- تاوەکو ساڵی 1992 لە نێو ڕیزەکانی DDKD خەریکی کاری سیاسی بووە.
- لەسوێد ئەندازیاری کۆمپیوتەری خوێندووە.
- دوو پەرتووکی چاپکردووە لە سەر ڕێزمانی کوردی و ئەحمەدی خانی.
- سێ ساڵ و نیوە ماڵپەڕی NETKURDی دامەزراندووە.

ئێمە هەندێ جار بابەتە سۆرانییەکان بە لاتینی بڵاودەکەینەوەو زۆر گرنگە ئەگەر لە داهاتوودا بتوانین زیاتر بایەخ بەولایەنە بدەین".

موراد جوان وستافی هاوکاری، هەرچەندە دەیانزانی بە کوردی خوێندنەوە لە باکووری کوردستان و لەنێو کوردانی باکوور لە ئەورووپا کەمە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بڕیاریاندا بڵاوکردنەوەکەیان تەنیا بە کوردی بێت "گوتمان دەبێ بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرنجڕاکێش ئەوان ناچار بکەین بە کوردی بخوێننەوە.ئەوەبوو پاش ماوەیەک خوێندکارانی زانکۆی ئامەد نامەیان بۆ ناردین، گوتیان ئێمە بەهۆی هەواڵەکانی ئێوە ناچاربووین خۆمان فێری زمانی کوردی بکەین و بەکوردی بخوێنینەوە".

موراد جوان، کە ئەندازیاری کۆمپیوتەرە دەڵێ "بەڕای من کورد لە دەرەوەی ئینتەرنێتن و، ئێستا دنیایەکی نوێ لەڕێگەی ئینتەرنێت دامەزراوە، بەڵام ماڵپەڕەکانمان لەو دنیایەدا وەک ماڵپەڕی منداڵەکانی ئەورووپان نەک ماڵپەڕە پرۆفیشناڵەکانیان".ئەو پێیوایە کورد تا ئێستا نەیتوانیوە سوود لە ئینتەرنێت وەربگرێ، زۆر ڕەخنە لە خاوی هێڵەکانی ئینتەرنێت دەگرێ لە باشووری کوردستان و دەڵێ " لە کوردستان ئینتەرنێت هێندە سستە هەر بەناو هەیە، لە کوردستان ئینتەرنێت وەک ئەشکەنجەیە بۆ مرۆڤ". ئەمەش بەهۆکارێکی کەم سوود وەرگرتنی کوردستان لە ئینتەرنێت دادەنێت.

هەندێ لە ماڵپەڕە کوردییەکان بەڕای پسپۆرانی ڕاگەیاندن، لەدەرەوەی بنەما ئەخلاقی و ئێتیکەکانی ڕۆژنامەڤانی کاردەکەن، موراد جوان کە بەڕێوەبەری ماڵپەڕێکی هەواڵییە و هەمیشە دووربووە لە نێوزڕاندنی خەڵک دەڵێ " لەجیهاندا هیچ شتێک سەربەست نییە، ئێتیکی ڕۆژنامەڤانی لە هەموو بوار و دەزگایەکی ڕۆژنامەڤانیدا وەک یەکە، لە سوێدیش ئازادی ئەوەنییە تۆ هەموو شتێک بە ئارەزووی خۆت بڵێی". ئەو دەڵێ لە سوێد هەر هەواڵێک ڕای هەموولایەنەکانی پەیوەست بە هەواڵەکەی تێدا نەبێ دەخرێتە زبڵدانەوە "نابێ بڵێی دەی با لایەنەکەی دیکە دواتر ڕوونکردنەوە بدات،بەڵکو دەبێ پێشتر ڕای ئەویش وەربگیرێ".

ئەو پێیوایە جگە لەوەی کە ڕۆژنامەڤان نابێ خۆی بە خاوەنی ئەلتەرناتیڤی سیاسی دابنێ بۆ لەدەستدانی پیشەگەرییبوونەکەی " دەبێ بزانێ ئەو دەسەڵاتتدارە و هاووڵاتیان بەرامبەری بێ دەسەڵاتن، بۆیە دەبێ بیر لە تایبەتمەندییەکانی خەڵک و خزم و کەسوکاری بکاتەوە".

ئەو بەهۆی پەیوەندی بەردەوامی خوێنەرانیان و لە ڕێگەی ئەو ماڵپەڕانەی ژمارە و شوێنی خوێندنەوەی ماڵپەڕەکان دەست نیشاندەکات دەڵێ "بەگشتی خوێنەرانمان لەئەورووپا زۆرن وکوردانی ئەورووپا مەیلێکی زۆریان هەیە بۆ نێتکورد".

ئەودەڵێ هەواڵەکانی باشووری کوردستان کە تاکە پارچەی ئازاد و خاوەن حکومەت و پەرلەمانی کوردستانییە دڵگەرمی دەداتە کوردانی ئەورووپا و پارچەکانی دیکە. نێتکورد بۆ هەواڵ و لێدوانە فەرمییەکانی باشووری کوردستان پشت بە ئاژانس و ماڵپەڕی حیزبەکان دەبەستێ " بەڵام بۆ ئەو هەواڵانەی لەو ماڵپەڕ و ئاژانسانە بڵاوناکرێنەوە زیاتر پشت بەماڵپەڕی ڕووداو (ڕوودانێت) دەبەستین".ئەو هۆی ئەو پشت بەستنە بە ڕووداونێت ڕووندەکاتەوەو دەڵێ "ئەو ماڵپەڕ و ڕۆژنامانەی کە دەبینین بنەما ڕۆژنامەڤانییەکان ڕەچاو دەکەن و بە ئامادەکردنی هەواڵەکانیانەوە ماندوو دەبن، جیدی و سەرکەوتوون،بۆیە سوود لە هەواڵەکانیان وەردەگرین و ناچارین زیاتر پشت بەوان ببەستین، ڕووداو هەرچەندە ماوەیەکی کورتە دەردەچێ، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژنامە و ماڵپەڕەکانی دیکە لە ئاستێکی جیاوازدایە و هەستیارییەکی زۆری هەیە لە بایەخدان بە ڕۆژنامەڤانی و بەچاوێکی ڕێز و جیدییەوە تەماشای خوێنەرانی دەکات، ئەوەش ئاسانکارییەکی داوەتە ئێمە کە زیاتر باوەڕ بە (ڕووداو) بکەین، ئێستا جگە لە ئاژانسەکان ڕووداو سەرچاوەیەکی سەرەکی هەواڵەکانمانە".



# دادگەیەکی بەریتانی ئەندامی نێرینەی پەنابەرێکی کورد دەپیوێت

**بەریتانیا- لەندەن**

دادگایەکی بەریتانی بڕیاریدا پەنابەرێکی کورد، ئەندامی نێرینەی بپشکنرێ، بۆ ئەوەی دیاریبێ ئاخۆ تەمەنی چەندە، دوای پشکنینەکە دەرکەوت تەمەنی 16 یە وەک خۆی بانگەشە دەکات.

ئەو هەرزەکارە کوردە خەڵکی کوردستانی عێراقە، کە بە (A) ناسراوە لە مانگی شوباتی ڕابردووەوە بە سواری پشتی لۆرییەکدا گەیشتە لەندەن، ناوبراو دەڵێت تەمەنی 16 ساڵانە و لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1992 لەدایک بووە. بەڵام شارەوانی کرۆیدن کە دەکەوێتە نێزیکەی شاری لەندەن و چاودێری ئەو کوڕە دەکەن، سووربوو لەسەر ئەوەی تەمەنی کوڕەکە 18 ساڵە.

تەمەنی ئەو کوڕە زۆر گرینگە، لەبەرئەوەی ئەگەر تەمەنی 16 ساڵان بێت، ئەوا مافی خۆیەتی حکوومەت مووچەی بۆ ببڕدرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو کوڕە منداڵێکی لێقەوماوە.

هەروەها ڕەنگە تەمەنەکە کاریگەری لەسەر داواکارییەکەی بۆ وەرگرتنی پەنابەرێتی لەو وڵاتەدا هەبێت.

لەمیانەی پێداچوونەوەی وەڵامی دەستەی پارێزەرانی کوڕە کوردەکە لەدژی شارەوانی کرۆیدن کە سووربوون لەسەر ئەوەی 18 ساڵییە، پارێزەری ئەو کوڕە ڕایگەیاند کە بەڵگەی پزیشکی هەیە کوڕەکە 16 ساڵییە.

کریستۆفەر باتڵەر، کە پارێزەری پەنابەرە کوردەکەیە ڕایگەیاند دەسەڵاتدارانی ئەو شارەوانییە هەڵەیان کردووە بەوەی گوێیان نەداوەتە ڕاپۆرتە پزیشکییەکە، کە لەلایەن پزیشکی منداڵانی شارەزای بەریتانی (دایانا بریک) ئەنجام دراوە.

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ، پسپۆڕی ناوبراو ڕایگەیاند کە تەمەنی (A) لەسەر بنەمای تاقیکردنەوەی پزیشکی لەسەر ئەندامی نێرینە، لەش، مێشکی و ددانی، دەرکەوت تەمەنی کوڕەکە پازدە ساڵ و نیوە. هەروەها د.بریک ئاماژەشی بە جۆری قژ و گڕی دەنگ و درێژی ئەندامی نێرینەی (A) کرد، بۆ دۆزینەوەی تەمەنی ناوبراو.

بەڵام مانگی ڕابردوو، شارەوانی کرۆیدن ڕایگەیاند کە ئەو کوڕە تەمەنی 17 ساڵانە و ئەم مانگە دەبێتە 18 و تاقیکردنەوەکەی دکتۆر بریک-یشیان ڕەتکردەوە، بەڵام لە دادگای باڵای شاری لەندەن، دادوەر ستیڤن مۆرس ڕایگەیاند دەرئەنجامی شارەوانی کرۆیدن "نەگونجاوە".

لەم بارەیەوە دادوەری ناوبراو گوتی" ئەو هۆکارانەی لە لایەن دەستەی شارەوانی کرۆیدنەوە پێشکێش کران، "نەگونجاو" بوون و ڕەتکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی دکتۆر بریکیش کارێکی بێ بنەما بووە".هەروەها مۆڕەس لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی" ئەگەر کرۆیدن، باشتر گوێیان بە ڕاپۆرتەکەی دکتۆر بریک بدایە، ڕەنگە ئەنجامی دادگاییەکە جیاواز بووایە".

دادوەر مۆڕەس ئاماژەشی بەوەدا کە دەستەی شارەوانی کرۆیدن پشتیان بە ڕاپۆرتی پشکنینی مانگی ئازاری (A) بەستووە، بەڵام ناوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە " دەستکاری کراوە"و دەرئەنجامەکەشی ڕوون نییە".مۆڕەس لە کۆتاییدا ڕایگەیاند کە پێویستە کرۆیدن لەمەولا (A) بە منداڵ لە قەڵەم بدات و مامەڵەی لەگەڵ بکات.

لە ڕۆژنامەی Your Local Guardianەوە




خۆپیشاندانێکی پەناخوازانی کورد لە بەریتانیا دژی ناردنەوەیان بۆ کوردستان

# گورگە بۆرەکان لەدژی کورد دەجەنگن

## 7500 تورکی فاشسیست لە ئەڵمانیا نیشتەجێن

**ڕووداو-ئاڤێستا**

ڕۆژنامەی (پوبلیکۆ)ی ئیسپانی ڕاپۆرتێکی لەژێر ناوی (گورگەکان لەدژی کورد) بڵاوکردەوە سەبارەت بە نەژادپەرستی تورک لە دژی کورد و، ڕاپۆرتەکە لەسەر ململانێی نێوان کورد و تورک لەئەڵمانیا ئەنجامدراوە. دەڵێت 600 هەزار کورد و 2 ملیۆن و 500 هەزار تورک لەو وڵاتە نیشتەجێن.

ڕۆژنامەی ناوبراو لەگەڵ لاوە کوردەکانی نیشتەجێی بەرلین چاوپێکەوتنی ئەنجامداوە، لاوانی کورد لە قسەکانیاندا تیشکیان خستووەتە سەر کێشەکانیان لەگەڵ تورکان.

ڕۆژدا، 19 ساڵ، گەنجێکی کوردی نیشتەجێی ئەڵمانیایە،دەربارەیکێشەی هەرە گەورەی خۆی کە کێشەی ناسنامەیە دەڵێت "مامۆستاکەم تورک بوو هەموو جار پێی دەگووتم کورد وڵاتیان نییە، منیش ئەمەم نەسەلماند و لەبەر ئەوە لەقوتابخانە دەرکرام".

ڕۆژدا بۆ چوونەکانی خۆی لەمەڕ دەوڵەت و گەلی تورک ئاشکرا دەکات و دەڵێت "هیچ ڕقێکم لە گەلی تورک نییە، بەڵام ڕکم لە دەوڵەتی تورک دەبێتەوە".

ئیبۆن، 15 ساڵ، زۆربەی کات سەیری ئەو گرتە ڤیدیۆیانە دەکات کە وەک دژە کورد و دژە تورک لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتیی یۆتیوب ( you tube) پەخش دەکرێن و لەو بارەیەوە دەڵێت "هەندێک جار زۆر توڕە دەبم، یەکسەر لەماڵ دەچمە دەرەوە و لەیەکێک دەگەڕێم بۆ ئەوەی تێی هەڵدەم، بەڵام کەس نادۆزمەوە". دواتر پێدەکەنێت و لەبەردەوامی قسەکانیدا، ئیبۆن دەڵێت "هیچ کێشەیەک نابینم لە هاوڕێیەتی کردنی تورکان، بەڵام دەبێت ئەوانیش نەژادپەرست نەبن".

ئیبۆ و ڕۆژدا کاتێکی درێژ لەماڵی کورد بەسەر دەبەن، زۆر لە لاوانی کورد لەو ماڵە کۆدەبنەوە و بەیەکەوە چا دەخۆنەوە.

ڤیدیۆی دژە تورک لەسەر ئەتاتورک ئامادەکراوە، تێیدا نمایش کراوە کە ئەتاتورک کەوتووەتە ناو باوەشی سەگێک و میز بەسەر ئاڵای تورکیادا دەکات، لەلایەکی دیکە ڤیدیۆی دژە کوردیش ئامادە کراون و تێیدا نمایشی (گورگە بۆرەکان) دەکات.



تورکێکی ئەڵمانی کە نیشانەی گورگە بۆرەکانی بە پەنجەکانی کردووە (فۆتۆ: AFP)

وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ژمارەی تورکە فاشیستەکان بە 7500 کەس دەخەمڵێنێت، لەهەماتکاتیشدا ئاماژە بەوە دەدات کە فاشیستەکان لەساڵی 1980دا 5 هەزار سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیریان کوشتووە.

ئەو گرووپە فاشیستانە لەئەڵمانیا لەو سەردەمانەدا هێرشی زۆر وەحشیگەرانە ئەنجامدەدەن، لە 8 مانگی ڕابردوودا هێرشیان کردبووە سەر کۆنسێرتەک، لەئەنجامی ئەو هێرشەدا 8 کەسیان بۆ نەخۆشخانەی دویزبۆرگ گوازرانەوە.

ئیسماعیل پارماکسز، بەڕێوەبەری ماڵی کوردی لەدویزبۆرگ سەبارەت بەقەدەخەکردنی کاری PKK گوتی "زۆر لەلاوانی کورد دەترسن بڵێن ئێمە کوردین، لەهەمانکاتدا بە ئەندامێتی PKK تاوانبار دەکرێن، ئەمەش ئەو واتایە دەگەیێنێ کە دەبێت کورد دەستبەرداری ناسنامەکەیان بن".

وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا قەدەخەکردنی خەباتی تەلەڤزیۆنی ڕۆژی ڕاگەیاند، بەڵام کوردانی ئەڵمانیا نازانن تاوەکو ئێستا خەباتی (گورگە بۆرەکان) بۆچی قەدەخە نەکراوە.

سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیا، ئالپ ئەسلان تورکەش، لەساڵی 1960دا داوای لەدۆستانی پارتەکەی کردبوو، بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی پارتی یەکێتی دیموکراتی کازاخستان.

گونتهار بێکستاین، کە سیاسەتمەدارێکی کرستیانییە، ئێستا سەرۆک وەزیری هەرێمی برێمەنە، لەساڵی 2003 لەنۆرمبێرگ دانی بەنەژادپەرستی کۆمەڵگای تورکیا دانابوو، بەڵام ئەو کۆمەڵگایەی تورکی کە پەیوەندی بەگرووپی (گورگو بۆرەکان) هەیە، هەر لەوێوە وێنەیەکی کێشرا بوو کە سەرۆکی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیا لەدواوە ڕاوەستابوو.

لەمانگی حوزەیرانی ڕابردوودا، سەرۆکی س د و کۆلۆن ژونگەر هۆڵستین، لە ڕێورەسمی کردنەوەی ناوەندێکی کلتووری بینرا، بەڵام ئەو ناوەندە سەر بەگورگە بۆرەکان بوو، سەرەڕای ئەوەی چەند پەرلەمانتارێکی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکیاش ئامادەی بوون.

## ئێسکی ژنێکی بە ئەشکەنجە کوژراو دەدۆزرێتەوە



ئازیز مەحمود - سلێمانی

◆ ئێسکو پروسکی ژنێکی تەمەن نزیکەی 25 ساڵی، لەناحیەی سەر قەڵای کفری دۆزرایەوەو رائید محەممەد عەبدوڵڵا، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی سەر قەڵا بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی شیکاری پزیشکی ئەوە دەرکەوتووە تەرمەکە تەرمی ئافرەت بووە و هیچیتر نەزانراوە لەسەر ئافرەتەکە کەخەڵکی کوێیەو بۆچی کوژراوە". بەپێی شیکاری پزیشکی دادوەری، ئەو ژنە ماوەیەکی زۆرە فڕێدراوەو دانەکانی شکێنراون و "پێدەچێت بە ئەشکەنجە کوژرابێت".

# مەسجەکانی تەلەڤزیۆن ژنێکیان تەڵاق دا

**موعاز فەرحان**
**رووداو – سلێمانی**

سۆزان، چیتر ئەو ژیانەی دەست ناکەوێتەوە و هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووە کە شەوێک لەبەرامبەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکە نامەیەک ببینێت بەناوی خۆیەوە کە پەیامی خۆشەوستی بۆ کوڕێک بنێرێت و ژیانی وێران بکات.

سۆزان کەریم،تەمەن 24ساڵ، تەنها لەبەر ئەوەی ژمارەی تەلەفۆنەکەی لەلایەن هاوڕێیەکییەوە بۆ چەند کوڕێک ئاشکرا دەکرێت و شەوانە زرینگە زرینگی مۆبایلەکەی دەبێتە نەگبەتی بۆی و لەلایەن هاوسەرەکەیەوە تەڵاقدەدرێت.

سۆزان بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە بۆ (رووداو) گوتی "تەلەڤزیۆنیش لەبەرچاوم رەش بوو، هاوڕێیەکمماڵی وێرانکردم".

چیرۆکی سۆزان، بەسەرهاتی دەیان کەسی دیکەشە کە ئێستا ئاڵودەی پەیامەکانی شریتەکانی خوارەوەی شاشەی تەلەڤزیۆنەکان بوونە"هاوڕێیەکم نامەیەکی بۆ تەلەڤزیۆنێک ناردبوو، لەنامەکەدا ژمارەی مۆبایلی منی لەسەردانابوو، ئیتر لەوە بەدوا پەیتا پەیتا تەلەفۆنم بۆ دەهات و داوای خۆشەویستیان لێدەکردم".

شەوانە هاوسەرەکەی سۆزان لەزەنگی بەردەوامی مۆبایلی ژنەکەی بێزار دەبێت کە شەوانە بۆی دەهات، دەڵێت "وردە وردە دڵی لێ پیس دەکردم و لێم دوور دەکەوتەوە، چونکە نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە". وەک سۆزان باسیدەکات، رۆژێک هاوسەرەکەی پێی گوتوە بابچینە دادگا، لەوێ لەبەردەم دادوەر بڕیاری جیابوونەوە لەسۆزانی داوەو ناردویەتییەوە بۆماڵی باوکی.

شاشەی تەلەڤزیۆنە نێوخۆییەکانی سلێمانی بوونەتە سەکۆی بەیەکگەشتنی کوڕان و کچان کە شەوانە سەتان نامەی خۆشەویستی و یەکترناسین ئاڵوگۆڕ دەکەن، توێژەرێکی کۆمەڵایەتیش ئەم دیاردەیە بۆ ئەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتی و خێزانیانە دەگێڕێتەوە کە لەکۆمەڵگای کوردیدا هەن و پێشیوایە گەنجان دەتوانن بۆشایی رۆحیان، لەم رووەوە پڕبکەنەوە.





پەیامەکانی شریتی خوارەوەی شاشەکانی تەلەڤزیۆن کێشە دەنێنەوە

فوئاد، تەمەن 22ساڵ، گەنجێکی دانیشتووی سلێمانییە و شاشەی تەلەڤزیۆنەکان بەدروستکەری شەڕە نامەی گەنجان وەسفکرد و گوتی "هێندەم نامە نارد پارە لەگیرفانمدا نەما کارتی پێبکرم، بێجگە لەنازونوزی کچان و گاڵتەپێکردنی ئەو کوڕانەی ژمارەکانیان بەناوی کچەوە بڵاو دەکردەوە هیچم بەنسیب نەبوو".

فوئاد گوتیشی "تەلەڤزیۆنەکان بوونەتە گۆڕەپانی شەڕە نامەو قسەی قۆڕ".

غەیدانی 20 ساڵ، دوای ئەوەی کە خەریکبوو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی رووی تێبکات و خوێنڕژانی لێ بکەوێتەوە، ئێستا بەتیپی رەش بەشی خوارەوەی شاشەی تەلەفزیۆنەکەی ماڵەوەیانی داپۆشیوە، تا شریتە نامەکان دیار نەبن، غەیدان دەڵێت "هەموی گاڵتەکردن و رابواردنەو کچ خۆی دەکاتە کوڕ و کوڕ خۆی دەکات کچ".

تەلەڤزیۆنە نێوخۆییەکان بەپێی گرێبەستێک لەگەڵ کۆمپانیای (ئەڤە تەکنەلۆژی) نامەی هاووڵاتیان لەخوارەوەی شاشەوە بەشریت بڵاودەکەنەوە. هەڵکەوت عەبدولڕەحمان بەڕێوبەری کەناڵی سپۆرت سەبارەت بەم دیاردەیە بۆ (رووداو) دواو گوتی "دیاردەیەکی جیهانییەو بۆ بە تەنیا تەلەڤزیۆنە کوردییەکان نەیانبێت"،گوتیشی "ئێمە لەلای خۆمان سانسۆر دەخەینە سەر هەندێ لەو نامانەی کە دەبنە گرفت".

لەبارەی کێشەو رووداوێک کەبەسەر تەلەڤزیۆنەکەیاندا هاتبێت ناوبراو گوتی" راستەنامەکان زیاتر هەرزەکارانەن، هاوڵاتیان ئەگەر تووشی کێشە بوون دەتوانن لەرێگەی ئاسیاوە لەدادگا داوا تۆمار بکەن".

سوارە ئەحمەد فەخری، بەڕێوبەری پەیوەندییە گشتییەکانی کۆمپانیای ئاسیا سێڵ، گوتی " کۆمپانیای (ئەڤەی تەکنەلۆژییە)،ئێمەوتەلەڤزیۆنەکان‌لەرێگەی سیستەمی system promaiederەوە پێکەوە دەبەستێتەوە". فەخری ئەوەشی گوت "نابێت هیچ شتێک پێچەوانەی یاساو داب نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوبکرێتەوە، بەڵام هەندێجار بەهۆی نەزانینی زمانی کوردییەوە لەکۆمپانیای پەیوەندیدارەوە هەندێ نامە بڵاودەکرێنەوە کە کێشەو گرفت دروست دەکەن".

جەزا حەمەسالح، توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت "لەکۆمەڵگەی کوردیدا لەبەر ئەوەی میکانیزم و کەناڵی گونجاو نییە تا کوڕ و کچ بە ئازادانە باسی خۆشەویستی بکەن و لەیەکتر نزیک بکەونەوە، ئەم دیاردەیە دەبێتە خوێک لەلای گەنجان و تەشەنە دەکات".

هەرچەندە سۆزان ئاشکرای نەکرد کە لەشاشەی کام تەلەڤزیۆنەوە ئەو نامەیە بڵاوکراوەتەوە کە ژیانی ئەوی تێکدا، هاوکات گوتیشی "لەهاوڕێکەم خۆشبووم، بەڵام تازە بەهۆی ئەو نامەیەوە کار لەکار ترازاو هاوسەرەکەم و ژیانی هاوسەریم لەدەستدا".

## ژنێک لەخۆکوشتن سەرکەوتوو نەبوو

**رووداو – سیدەکان**

رۆژی 11/27 لەگوندی (گۆڕەشا)ی سەر بەناحیەی سیدەکان ژنێکی تەمەن 20 ساڵ بەناوی (ر) بەمەبەستی خۆکوشتن، گوللەیەکی کلاشینکۆف لەسکی خۆی دا و بەسەختی بریندار بوو.

سەرچاوەیەکی نزیک لەژنەکە بۆ (رووداو) گوتی "ماوەیەکە مێردەکەی توندوتیژی بەرامبەری بەکادەهێنێت و جگە لەوەش شەوی پێشووتر لێیداوە و ئەویش ویستوویەتی خۆی بکوژێت".

هەمان سەرچاوە لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو)گوتی "لەلێکۆڵینەوەدا ژنەکە دانی بەوەداناوە کە بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر کردەوەو زۆرداریەکانی پیاوەکەی ویستوویەتی خۆی بکوژێت".

مولازم راوکەر، بەرپرسی بنکەی پۆلیسی سیدەکانیش، لەبارەی ئەو رووداوەوە، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "لێکۆڵینەوە لەنەخۆشخانەی سۆران کراوە و ئێستا لەژێر چاودێری پزیشکدایە و تا ئێستا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە نەگەیشتووەتە دەستمان".

# "لەبەر ئەوەی منداڵم نابێت هاوسەرەکەم هەڕەشەی ژن بەسەرهێنانم لێدەکات"

**رووداو–سلێمانی**

مریەم ژنێکی باڵا مام ناوەندی، رەنگ ئەسمەرە، ئەو زۆر نیگەرانە لە منداڵ نەبوونی، چونکە مێردەکەی بەوهۆیەوە هەڕەشەی ژن بە سەر هێنانی لێدەکات، یاسای باری کەسی بە هەموارکردنیشەوە رێ بەو جۆرە ژن هێنانەی دووەم دەداتە پیاوان.

یەکێک لەهۆکارەکانی مانەوەی ژن و پیاوپێکەوە لەکۆمەڵگەی‌کوردیدا، بوونی منداڵە، زۆرجار ئەو ژنانەی منداڵیان نابێت، تەڵاق دەدرێن یان پیاوەکانیان ژنی دووەم دێنن، لەکاتێکدا بەپێی پزیشکانی پسپۆر زۆربەی هۆیەکانی منداڵ نەبوون پەیوەستن بە پیاوانەوە نەک ژنان. ئەوە جگە لەوەی کە ئێستا منداڵ نەبوون، بە رێگەی منداڵی لوولە لە هەولێریش چارەسەر دەکرێت.

مریەم، تەمەن 41ساڵ، پێش ئەو مێردەی ئێستا، شوویەکی دیکەیشی کردبوو، لە مێردەکەی پێشتری تەنیا یەک منداڵی ببوو، لەلایەن رژێمی بەعسەوە مێردەکەی ئەنفال دەکرێت، تائێستا سۆراخی مێردەکەی نازانێت ماوە یان نا، بۆیە دووساڵ لەمەوبەر ماڵی باوکی مێردەکەی داوای لێدەکەن شوو بە برازای مێردەکەی بکاتەوە، مریەمیش رازی دەبێت.

لەودووساڵەی لەگەڵ مێردە تازەکەیدا، مریەم منداڵی نەبووە، هەرچەندە دکتۆر مریەمی لەوە دڵنیاکردووەتەوە کە هیچ جۆرە نەخۆشییەکی نییە، بەڵام "مێردەکەم سوورە لەسەر ئەوەی ئەگەر منداڵم نەبێت، ژنی دووەمم بەسەر بێنێت".

بەپێی یاسای هەموارکراوی باری کەسی، کە بەم دواییە پەرلەمان پەسەندی کرد، مادەیەکی یاساکە دەڵێ ئەگەر بەپێی نووسراوی دکتۆر بیسەلمێندرێت کە ژنێک نەزۆکە و لە هیچ جێگەیەک ئەگەری چاکبوونەوەی نییە واتە هیوای چاکبوونی نەبێت لەو کاتەدا پیاو بۆی هەیە ژنی دووەم بێنێت، ئەوەش بە رەزامەندی هاوسەرەکەی.

مریەم، کە ئێستا لەگەڵ مێردەکەی لە گوندێکی سەر بە قەزای هەڵەبجە دەژیت، منداڵەکەی مێردی یەکەمیشی لە گەڵیاندا دەژیت.

مریەم، پێنج ساڵ لە هاوسەری دووەمی گەورەترە و وابیردەکاتەوە کە ئەوە یەکێک لە هۆیەکانی پیداگیری مێردەکەی بێت بۆ هێنانی ژنی دووەم.

لەپاش چاوەڕوانییەکی زۆرو نەهاتنەوەی هاوسەرەکەی مریەم، بەزۆری مریەم لە برازاکەی مارە دەکەن بەبیانوی ئەوەی منداڵی لەو پیاوە هەیە نابێت بچێتەوە ماڵی باوکی و ناشبێت شوو بە کەسێکی بێگانە بکاتەوە بەوشێوەیە مریەم لەو کوڕە تەمەن36 ساڵە مارە دەکەن.مریەم وتی"من هیچ دڵم بەو شووکردنەوە نەبوو، چونکە کوڕەکە لە من منداڵتر بوو، ماڵی خەزورم هەردووکمانیان ناچار کرد کە زەواج بکەین."

کوێستان محەممەد،جێگری سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان، یاسای باری کەسی سەرەڕای هەمووارکردنەکەی هێشتا "یەکسانی یاسایی نێوان ژن و پیاو تێدا بەرجەستە نەکراوە بەتایبەت لە مەسەلەکانی فرەژنی و میراتدا".

لەگەڵ ئەوەی مریەم بێ ئاگابوو، لە هەموارکردنی ئەو یاسایە، بەڵام دڵخۆش بوو بەوەی کە یاسایەک هەبێت بۆ قەدەخەکردنی فرەژنی و رێگە نەدان بە هێنانی ژنی دووەم.

لە پەسەندکردنی پرۆژە یاساکەدا 35 ئەندام پەرلەمان لە گەڵ نەمانی فرە ژنی بوون 39 ئەندام پەرلەمانیش لە گەڵ مانەوەیدا بون بەوجۆرە مەرجدارەی کە ئێستا لە یاساکەدا هەیە.

بەپێی ئەو هەموارکردنە، لە کاتی هێنانی ژنی دووەم بە بیانووی ئەوەی ژنەکە منداڵی نابێت،پێویستە ژنی یەکەم رازی بێت و لایەنی دارایی پیاوەکە باش بێت و بەڵێن بدات کە یەکسانی تەواو جێبەجێدەکات لە نێوانیاندا.



# دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەڕەشە لەسیستمی سیاسی سعودیە دەکەن

## بەپێی راپرسییەک 64%ی کچان و ژنانی عەرەبستانی سعودی دەستدرێژیان کراوەتە سەر

**تایبەت بە رووداو**
**مەریوان نەقشبەندی– سعودیە**

دیاردەی دەستدرێژیکردنە سەر کچان و ژنان لە سعودیە بەشێوەیەکی بەرچاو روو لەزیادبوونە و ئەو هەموو سزا و رێوشوێنە توندەی کە تائێستا گیراوەتەبەر دژی دەستدرێژیکاران، لەم وڵاتەدا نەبووەتە هۆی دانانی ئاستێک بۆ ئەم دیاردەیە.

بەپێی لێکۆڵینەوە و راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکان، سەرەڕای تایبەتمەندی کۆمەڵگەی سعودی و پابەندبوونی کچان و ژنانی بە نەریتە موحافیزکارییەکان، بەڵام دیاردەی دەستدرێژی بۆ سەر کچان و ژنان لەسعودیە بەرادەیەکی مەترسیدار زیادی کردووە.بەپێی راپرسیەکی رۆژنامەی (المدینە)ی سعودی کە لەنێو 1000کچ و ئافرەتی سعودیەدا ئەنجامیداوە، 64%ی ئەو کچ و ژنانەی کە تەمەنیان لەنێوان (16-39)ساڵدایە دانیان بەوە داناوە کە لەشوێنە گشتییەکان و لەکاتی کارکردن و تەنانەت لە قوتابخانە و لەماڵەکانی خۆشیاندا بەجۆرێک لەجۆرەکان دەستدرێژیان کراوەتە سەر و هەندێ جار ئەو دەستدرێژیانە گەیشتووەتە ئاستی دەستدرێژی سێکسی.تەنانەت ئەو دیاردەیە لە وەرزی حەجیشدا بەردەوامە.

بۆ رێگەگرتن لەم دیاردەیە، ئەنجوومەنی شورای سعودیە بڕیاریداوە لەدوای جەژنی قوربان راستەوخۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم مەسەلەیە دەست پێبکات. د.مازن بەلیلە، ئەندامی ئەنجوومەنی شورای سعودیە پرۆژە یاسایەکی بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە ئامادەکردووە و ئەنجوومەنی شورای ئەم وڵاتە بەنیازە گفتوگۆی لەسەر بکات بۆ پەسەندکردنی.

لەم پرۆژەیەدا د.مازن، داوا دەکات تێکەڵاوبوونی کوڕان و کچان لەناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکاندا کەمبکرێتەوە و لەناو دامودەزگا حکومی و ناحکومیەکانیشدا رێگە لە پێکەوە کارکردنی ژن و پیاو بگیرێت، لەگەڵ ئەم رێوشوێنانەشدا سزای 100هەزار ریالی سعودی (نزیکەی 25هەزار دۆلاری ئەمریکی) و بەندکردن بۆ ماوەی 3ساڵ بەسەر هەر کەسێکدا بدرێت، کە دەستدرێژی بکاتە سەر ئافرەتێک.

زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی شورای سعودییە کۆکن لەسەر توندکردنی ئەم رێوشوێنانە، بەڵام سەرۆکی دەستەی (الامر بالمعروف و النهی عن المنکر)ی سعودیە شێخ ئیبراهیم ئەلغەیس ئەم پرۆژەیەی د.مازن بە "لاواز" دادەنێت و داوای رێوشوێنی توندتر دەکات.

چەند هاووڵاتیەکی سعودیە کە رێگەیان نەدا ناو یان وێنەیان بڵاوبکرێتەوە، لەسەر ئەم دیاردەیە قسەیان بۆ (رووداو) کرد و گوتیان ئەم سزا و رێوشوێنە دادوەریانە هەرگیز کێشەکە چارەسەر ناکات، چونکە ئەوان پێیانوابوو دوورخستنەوەی کچ و کوڕان یان ژن و پیاوان لەیەکتری، دەبێتە هۆی زیاتربوونی خواستی بەیەکگەیشتن لەنێوان هەردوو رەگەزدا. یەکێک لەهاوڵاتیانی سعودیە کە خاوەنی دوکانێکی ئەلکیترۆنییە لەشاری مەککە گوتی "لاوانی سعودیە لەم بارودۆخەی ئێستادا ناتوانن ژن بێنن، چونکە ئاساییترین زەواج لەسعودیە نزیکەی 32 هەزار دۆلاری پێویستە، هەر لەبەرئەوەش ئێستا زیاتر لە 65%ی کچانی سعودیە بوونەتە قەیرە".

ئەو هاووڵاتییە سعودیە بەشێوەیەکی سەرپێی ئەو رێژەی دیاریکرد،ئەو رێژەیە لەسەرەتادا جێگەی گومان بوو، بەڵام کاتێک لەچەند رۆژنامەنووس و کادیری کەناڵەکانی راگەیاندنی سعودیە و سەرمایەدارو بازرگانەکانی ئەو وڵاتەمان پرسی لەوبارەوە، هەمووان ئەو راستییەیان بۆ روونکردینەوە کە رێژەی قەیرەیی لە نێو کچانی سعودیەدا، لەئاستێکی ئێجگار ترسناکدایە و هەڕەشە لەسیستمی کۆمەڵایەتی و تەنانەت لەسیستەمی حوکمڕانی ئەم وڵاتە دەکات.

ئەوەی گوێبیستی هاووڵاتیانی سعودیە بێت،هەستدەکات کە سیستەمی کۆمەڵایەتی لەم وڵاتەدا بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕوات.

وێدەچێ ئاراستەکە لەدەست پیاوانی ئاینی بێت، بەتایبەتی ئەوانەی بەباڵی سەلەفی، دادەنرێن و نزیکی بنەماڵەی پاشایی سعودیەن و کۆنترۆڵی ئەنجوومەنی شورا و هەموو لیژنە و دەزگا شەرعییەکانی وڵاتیان کردووە و بەهەموو توانایەکیان دژی زیادبوونی دەسەڵاتی (سەلەفیەتی جیهادی)ن کە بەباڵی ئوسامە بن لادن دەناسرێ و دەیانەوێت کۆمەڵگەی سعودی لەو "سوڕی مت بوون"ە دەربێنن کە بەقسەی ئەم باڵە، بەهۆی بنەماڵەی ئال سعودەوە باڵی بە سەر کۆمەڵگەی سعودیەدا کێشاوە و دەیانەوێت خەڵکی وڵات تەنها بە وردەکاری شەرعی وەک چۆنیەتی نوێژکردن و حەج و بەکارهێنانی سیواک، خەریک بکەن و بەوەش بۆ هەتا هەتایە کۆمەڵگەی سعودی بیر لەگۆڕان و ئازادی ناکاتەوە.



چەند ئافرەتێکی سعودی لە ریازی پایتەخت

# کۆمەڵایەتی

له بەر ڕازینەبوونی بە ژن
بەسەرهاتنی خۆی کوشت



راویار هەورامی - خورماڵ

◆ سەرچاوەیەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ڕۆژی 2008/11/20 لەگوندی دیکۆنی سەر بەناحیەی خورماڵ ژنێکی تەمەن 30 ساڵ، بەناوی (س. س )، کە دایکی سێ منداڵ بوو، دوای ئەوەی لەگەڵ پیاوەکەی دەبێتە دەمەقاڵەیان لەسەر هێنانی ژنی دووەم، ئاگر لەخۆی بەردەدات، دوای چوار ڕۆژ مانەوە لەنەخۆشخانە، گیانی لەدەستدا. بەڵام سەرچاوەیەکی لە پۆلیسی خورماڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ئەو ژنە لە چێشتخانەی ماڵەکەیان سوتاوە".

# "لەم سەردەمەدا دادگاش بۆی نییە کەس لەسەر زینا بکوژێت"



سۆران بەهائەددین
Soran2025@yahoo.com

ڕووداو–هەولێر

هەرچەندە (زیناکردن) لە ئیسلامدا سزای کوشتنی لەسەرە، بەڵام مەرجەکانی هێندە قورسن هەروەک سەرۆکی بەشی خوێندنی ئیسلامی لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکانی زانکۆی سەلاحەدین دەڵێ ناکرێ جێبەجێبکرێ، کە ئەو سزادانەش تەنیا لە دەست قازی دایە، نەک وەک لە کۆمەڵگەی کوردیدا باوە کە پیاوەکان هەر لە خۆیانەوە ژنان دەکوژن.

پیاوێکی تەمەن 65 ساڵ، کە حوکمدراوەو ئێستا بە تاوانی کوشتنی هاوسەرەکەی لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران لە هەولێر بەندکراوە، دەڵێ دوای 30 ساڵ پێکەوە ژیان و بوونی 11 منداڵ ژنەکەی خۆی کوشت لەبەر ئەوەی لەگەڵ پیاوێکدا بینیویەتی "خیانەتی جنسی لێکردم، بەچاوی خۆم شتی خراپم لێ بینی، بۆیە دامە بەر گوللە، هەرگیز پە شیما نیش نیم، ئەگەر ئێستا ش زیندوو ببێتە وە



بە گومانی بێ بەڵگە دەبەستن. لەکاتێکدا شەریعەتی ئیسلام بۆ سەلماندنی زیناکردن، جیاواز لە شایەتی سەلماندنی کردەوەکانی دیکە کە دوو شایەتە،بۆ سەلماندنی زیناکردن داوای چوار شایەت دەکات کە هەر چواریان بەچاوی خۆیان کردەوەکەیان بینیبێت.

بەڵام ئەو پیاوە بەبێ ئەوەی پەنا بباتە بەر دادگا و چوار شایەتی بەو شێوەیەی هەبێت ژنەکەی خۆی کوشت، ئەو کە لە پشت شیشەکانی زیندانەوە بۆ (ڕووداو) دەدوا گوتی" ئەگەر ژن و پیاو لەگەڵ یەکتر باش بن بەهەشتی سەر دونیایە، ئەگەر خێزانەکەم ئەو کارەی نەکردایە، ئامادەبووم خۆم لەسەری بە کوشت بدەم".

ئەو ئێستا لەزینداندایە و ژنەکەیشی لە نێو گۆڕدایە، بەڵام ئەو پیاوەی کە ئەو دەڵێ لەگەڵ ژنەکەی خۆیدا بینیویەتی ئێستا زۆر بە ئاسایی دەسووڕێتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، کە وێنەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، لە ماوەی 9مانگی ڕابردوودا لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان 99حاڵەتی کوشتنی ژنان هەبووە ( 47لە هەولێر، 34 لە سلێمانی، 18لە دهۆک).هەروەها 15 پیاو بە هۆی ژنکوشتنەوە بە سێدارەدان حوکمدراون (14 لە سلێمانی و 1 لە دهۆک).

د.عوسمان محەممەد هەڵەبجەیی، سەرۆکی بەشی خوێندنی ئیسلامی لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان لە هەولێر، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ژنکوژی داب و نەریتێکە بەر لە هاتنی ئیسلام هەبووەو ئێستاش هەر ماوە و دەڵێ "کوشتن لەسەر شەرەف لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیە". بەڵام بۆ فراوانبوونی کوشتنی ژنان بەو تۆمەتە لە کۆمەڵگەی



## مەرجەکانی کوشتنی زیناکاران بەپێی ئاینی ئیسلام

–دادگا دەبێت بڕیار بدات نەک هەرکەس لە خۆیەوە.
–ئەگەر کەسێک ژنەکەی لەحالەتی جوتبوون لەگەڵ کەسێکی دیکەدا ببینێ بۆی هەیە سکاڵا تۆماربکات نەک بیکوژێت.
–ئەگەر ژنەکە دان بە تاوانەکەی دابنێت، بەڵام چوار شایەت نەبن دادوەر تەنیا دەتوانێ لێکیان جیابکاتەوە.
–چوار شایەت بەچاوی خۆیان کردارەکەیان بینیبێت.
–قسەی هەر چواریان وەک یەک بێت.
–کەسانی ڕاستگۆ بن.
–تۆمەتبار لە چوار دانیشتنی دادگادا دانی پێدابنێت.

وەک یەک نەبێت، هەریەکەو هەشتا قامچی لێدەدرێت، ئەگەر کەسێک بەتەنیا زیناکەی بینی دەبێت بێدەنگ بێت". گوتیشی" هەرگیز شتی وا ڕوونادات چوار کەسیش پێکەوە، کردارەکە بەتەواوی ببینن".

هەروەها د.عوسمان گوتی "ئەگەر ژن و پیاوێک بەرووتی لەژێر لێفەیەک دابوون، ناتوانرێت لەسەریان بسەپێنی کە زینایان کردووە ئەگەر چوار شاهێدیش هەبن، چونکە نازانرێت زینایان لەژێر لێفەکەدا کردووە یان نا".

هەرچەندە زۆرجار ئەوانەی ئافرەتان دەکوژن، پاساوی ئایینی دێننەوە کەبەرای خۆیان ئەو کارەیان حەلال دەکات، بەڵام کاروان تەها 22ساڵ، کە دوو ساڵە ژنی هێناوە، پێیوابوو کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف هیچ پەیوەندی بە ئایینەوە نییە، بەڵکو خەڵک لەبەر شەرمی کۆمەڵگا بۆ کڕینەوەی شەرەفی خۆی ئەو کارە دەکات. ئەو گەنجە دەڵێ " زۆربەی ئەوانەی کچ و خوشک و خێزانیان لەسەر شەرەف دەکوژن، خۆیان بێ ڕەوشتن بۆیە خێزانەکانشیان لادەدەن، کوشتنەکەشیان بۆئەوەیە چاوشۆڕی کۆمەڵگا نەبن".

ئەو پسپۆرەی شەریعەت و زانستە ئاینییەکان، هوشداری ئەوە دەداتە خەڵک کە بەپێی شەریعەتی ئیسلام ئەوان بۆیان نییە، ژن بە تۆمەتی زیناکردن بکوژن، چونکە ئەوە کاری قازی و دادوەر و دادگایە "ئەوە دەسکاریکردنی کاری خەڵکانێکیترە، چونکە پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: چوار شت هەیە لە دەسەڵاتی کاربەدەستاندایە و خەڵک بۆی نییە بڕیاری لەسەر بدات، یەکێک لەو شتانە سزادانی خەڵکە".

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، د.عوسمان نموونەی ئەوە دێنێتەوە "تەنانەت ئەگەر فەرمانی گرتنی ئەو کەسانە دەردەکرێت".

بەپێی هەمواركردنێکی یاسایی، لە ساڵی 2002 یاسای کوشتن لەسەر شەرەف چیتر پاساوی نەما و لەوکاتەوە وەک تاوانی کوشتن لەلایەن داگاوە دەبێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

د.عوسمان هەڵەبجەیی ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە پێش جێبەجێکردنی ئەو سزایانەی ئیسلام بۆ زیناکردن، دەبێ ئەو هۆکارانەش نەهێڵدرێن کە دەبنە هۆی زیناکردن. بۆیەش پێیوایە ئێستا کە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئارەزووی سێکسی گەنجان دەوروژێنن و بەرزدەکەنەوە، ناکرێ ئەو سزایانە بە بوونی مەرجەکانیشەوە جێبەجێبکرێن " کە ئارەزووی سێکسی گەنجان بەرز بێت، ئەگەر چوار شاهێدیش هەبێت، تەنانەت دادوەر بەچاوی خۆی زیناکە ببینێت، دادوەر بۆی نییە سزایان بدات".

بۆ دەربازبوون لەو حاڵەتەش پێیوایە باشترین چارەسەر هاوکاریکردنی گەنجانە بۆ ئەوەی بتوانن ژن بهێنن.

بوشرا یوسف، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان، ئاماژەی بەوەدا لە شەریعەتی ئیسلامدا، ڕێگە بەخەڵکی نەدراوە لە سەر شەرەف



## ئەگەر ژن و پیاوێک بەرووتی لەژێر لێفەیەک دابوون، ناتوانرێت لەسەریان بسەپێنی کە زینایان کردووە ئەگەر چوار شاهێدیش هەبن

د.عوسمان هەڵەبجەیی
سەرۆکی بەشی خوێندنی ئیسلامی لە کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان

جارێکیتر دەیکوژم".

جووتبوونی ژن و پیاو، بەبێ مارەکردن لە ئیسلامدا بە (زینا) ناودەبرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا بەپێی ڕای شارەزایانی شەریعەتی ئیسلام، ئاینی ئیسلام ئەو مافەی بەکەس نەداوە سزای زیناکاران بدات، بەڵکو ئەوە تەنیا بە دەست قازییە، بەڵام لەکۆمەڵگەی کوردیدا زۆرینەی موسڵمانەکان بێ گوێدانە ئەو بنەمایەی شەریعەتی ئیسلام، هەر بەخۆیان ژنان بەو هۆیەوە دەکوژن، کە زۆربەی جارەکانیش بۆ کوشتنیان تەنیا پشت

کوردیدا دەڵێ "بڵاوبوونەوەی ئەو داب و نەریتە بەهۆی نەزانین و نا ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردییە بەرانبەر بە بنەما ئاینییەکان".

هەروەک ئەو پسپۆرەی شەریعەتی ئیسلام ڕوونیکردەوە، ئیسلام بۆ سزادانی زیناکاران مەرجی سەلماندنی داناوە، یەکێک لە بەڵگەکانی سەلماندنیش دانپێدانانی تۆمەتبارە، کە دەبێت لە چوار دانیشتنی دادگادا، دان بەتاوانەکەی دابنێت، بەبێ ئەوەی هیچ توندوتیژیەکی بەرامبەر

بەکاربهێنرێت، بۆئەوەی سزاکەی لەسەر جێبەجێبکرێت.

د.عوسمان، کە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانستە ئیسلامییەکان، لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) زیاتر ڕوانگە و مەرجەکانی ئیسلامی بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زیناکاران ڕوونکردەوەو گوتی "ئەگەر پیاوێک بەچاوی خۆی بینی خێزانەکەی لەگەڵ کەسێکیتر ڕادەبوێرێت، نابێت هیچ شتێک بکات، تەنیا دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات، ئەگەر خێزانەکەی دانی پێدانا و چوار شاهێدەکە نەبوون، دادگا تەنیا دەتوانێت لەیەکتریان جیابکاتەوە".

د.عوسمان نموونەیەک لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلام هێنیایەوەو گوتی ژنێک بە پێغەمبەری گوت زینام کردووە، پێغەمبەر وەڵامی نەدایەوە،دوای ئەوەی ژنەکە چوار جار ئەو قسەیەی دووبارە کردەوە، ئینجا پێیگوت بڕۆ با منداڵەکەت لەدایکببێ ئینجا وەرەوە، دوای منداڵبوون کە چووەوە،

دیسان جارێکیتر بۆ ماوەی دوو ساڵ ناردیەوە تاوەکو منداڵەکەی بەخێو بکات " کە ئەمجارە هاتەوە ئینجا کوشتیان".

بەڵام د.مستەفا زەڵمی پسپۆڕی یاساو شەریعەت، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ڕایگەیاندبوو، بۆ کوشتنی ئەو ژن و پیاوانەی کە خێزاندارن و زینا دەکەن، ئیسلام مەرجی هەبوونی چوار شاهیدی ڕاستگۆی داناوە بۆ کوشتنیان، هەر لەبەر ئەو قورسییەش کە بۆ سزادانی زیناکاران دانراوە " لە هەموو مێژووی ئیسلامدا ئەو سزایە جێبەجێنەکراوە".

هەروەک د.عوسمان هەڵەبجەیی ڕوونیکردەوە، تەنیا لەکاتی بوونی چوار شاهێد لەسەر کردارێکی زیناکردن کە بە چاوی خۆیان کردارەکەیان بینیبێ، حوکمی کوشتنیان بۆ دەدرێ. هەروەها گوتیشی لەکاتی بوونی ئەو چوار شاهێدەش دا "دادوەر بەتەنیا دەبێ لەگەڵ هەریەک لە شاهێدەکان قسە بکات، ئەگەر یەک قسەیان

## شەریعەتی ئیسلام ڕێگەی بە خەڵکی نەداوە لەسەر شەرەف یەکتر بکوژن

بوشرا یوسف
یاریدەدەری ڕاگری کرلێژی زانستە ئیسلامییەکان

یەکێک کوڕەکەت بکوژێت بۆت نییە بیکوژیتەوە، دەبێت چاوەڕوانی دادگا بی، چونکە ئەگەر وانەبێت دەبێتە پاشاگەردانی".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەهەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەر ئافرەتێک پەیوەندییان پێوە بکات، کە هەڕەشەی لێکراوە، یان توندوتیژی بەرانبەر کراوە، بەدواداچوون بۆ کێشەکەی دەکەن، ئەگەر پێویستیش بکات ئافرەتەکە دەگوازنەوە سەنتەرەکان "لەڕێگەی دادگاوە،

یەکتر بکوژن، بەڵکو ئەو کوشتنانە زیاتر پەیوەستە بەداب و نەریتەوە"داب ونەریت زۆر کاریگەری لەسەر ئایین هەیەو ئاینی گۆڕیووە".

د.عوسمان دەڵێ پێویستە، لەکاتی نەبوونی چوار شایەتدا خەڵک عەیبی خوشک و کچ و ژنەکانیان داپۆشن، بۆئەوەی خواش لە ڕۆژی دوایی دا تاوانەکانیان داپۆشێت"دەتوانی وابکەی دووبارەی نەکاتەوە، ئەگەر دووبارەشی کردەوە جگە لەسکاڵاکردن، ئیسلام هیچ دەسەڵاتێکی دیکەی بە خەڵک نەداوە".

# منداڵێکی پێنج ساڵی 9مانگە بەتەنیا چاودێری دایکە نەخۆشەکەی دەکات






ئەحلام جەرجیس و هەیسەمی کوڕە پێنج ساڵەکەی لە نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر (فۆتۆ:ڕووداو)

ڕزگار کۆچەر
ڕووداو–هەولێر

هەیسەم، تەمەن پێنج ساڵ، لەبەر ئەوەی چەند مانگێکە تاقە هاوەڵی دایکەکەیەتی لە نەخۆشخانەی کۆماری، کە هەردوو گورچیلەکەی بەسستی کاردەکەن، پێویستی بە شوشتنی ڕۆژانەی هەردوو گورچیلەکەیەتی.

هەیسەم، بە هۆی ئەو ماوە زۆرەی لە نەخۆشخانە لەگەڵ دایکە نەخۆشەکەی ماوەتەوە، بووەتە هاوڕێی زۆربەی کارمەندانی نەخۆشخانەکە.

نەخۆشی ئەو ژنە هەژارە، کە ناتوانێ ڕۆژانە هاتووچۆی نەخۆشخانە بکات لەبەر کەمدەرامەتی چەندە جێی بەزەیی ئەوانەیە کە ئاگاداری نەخۆشیەکەین، دۆخی هەیسەمی بێ کەسووکار، هێندەی دیکە جێی بەزەیی پێداهاتنەوەیە.

ئەو کاتەی پزیشکەکان دایکیان دەبردە جێگەی شووشتنەوەی گورچیلە، ئەو بە بێدەنگی دەیڕوانییە دەرگای ئەو ژوورە تەنهایەی کە نۆ مانگە لەگەڵ دایکی تێیدا دەژی.

ئەحلام جەرجیس، ئەو ژنەی لە ساڵی 1962 لەدایکبووە، پاش ئەوەی هاوسەرەکەی بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات ناچار دەبێت بۆ پەیداکردنی بژیوی خێزانەکەی ماویەک کار لە کێڵگەکان بکات.دوای مێردەکەی، کچێکیشی دوای مێردکردنی تووشی هەمان نەخۆشی باوکی بوو، دوای ماوەیەک ئەویش کۆچی دوایی کرد.

بەهۆی نەهامەتییەکانی، ئەو ژنەش تووشی نەخۆشی سست بوونی گورچیلە بوو، پاشان بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە،ماوەیەک زۆر لە کۆمەڵگەی خەباتەوە بۆ چارەسەری سەردانی نەخۆشخانەی کۆماری دەکات بۆ شووشتنەوەی گورچیلەکانی، کە بەپێی پشکنینی پزیشکانی بەشی گورچیلەی نەخۆشخانەکە تاکە چارەسەریەتی. لەوبارەوە پزیشکێک لەسەر نەخۆشی ئەحلام بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" بە هۆی لاوازی جەستەی ئەحلام پێموانییە هیچ گورچیلەیەک خۆی بۆ جەستەی ئەو ژنە ڕابگرێت"،هەروەها گوتی" باشترین چارەسەر بۆ نەخۆشی ئەو ژنە لەم کاتەدا تەنها شووشتنەوەی گورچیلەکانیەتی، چونکە لەوانەیە بەوهۆیەوە گورچیلەکانی تۆزێک بە جولە بکەوێتەوە و ئومێدێک بۆ ئەو ژنە دروست ببێتەوە".

پاش ئەوەی دکتۆرەکان بۆ بەردەوامی ژیانی ئەحلام هەموو ڕۆژ شووشتنەوەی گورچیلەکانی بۆ دیاری دەکەن، ناچار دەبێ لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە. لەبەر ئەوەی توانای هەموو ڕۆژ هاتووچۆکردنی نییە.

کەریم خدر،کە وەک چاودێری نەخۆشێک لەو بەشەی نەخۆشخانەکەدایە، زۆر بەزەیی بە بارودۆخی ئەو کوڕە بچووکەی ئەحلام دا دێتەوەو دەڵێ " ئەستەمە بۆ گەورەکان لەم نەخۆشخانەیە بن کەچی منداڵێکی وەک ئەو کوڕە هەموو ڕۆژ چاوەڕوانی مەرگی دایکی دەکات و لەناو نەخۆشخانەدا دەژی".

کەریم زۆر لەخەمی ئەو منداڵەدایە و دەپرسێت "باشە ئەگەر ئەو ژنە نەخۆشە بمرێت کێ ئەو منداڵە بچووکە بەخێو دەکات".

حەیدەر سابیر، بەڕێوەبەری کارگێڕی نەخۆشخانەی کۆماریی هەولێر دەڵێت "ئەوەی زۆر ئازارمان دەدات مانەوەی ئەو منداڵەیە لەگەڵ دایکی، چونکە ڕۆژانە لەپاڵ دکتۆرەکان، تاقە چاودێری ڕەوشی ئەو نەخۆشە تەنها ئەو منداڵە بچووکەیە کە هەمووکارێک بۆ دایکی دەکات".

بەڕێوەبەری کارگێڕی ئەونەخۆشخانەیە، زۆر لە خەمی ئەو منداڵە بێ باوکەیە کە ئەو هەموو ماوەیە بەدیار نەخۆشی کوشندەی دایکییەوە لەو نەخۆشخانەیەدا دەژی، دەڵێت "بە هۆی ئەوەی ماوەی نۆ مانگە لەلایەن ئێمە چارەسەری وەردەگرێ، ئەو منداڵە زۆر نزیکبووە لە کارمەندان هەر بۆیەش هەست دەکەین ئەو منداڵە زۆر نزیکە لە ئێمە". هەیسەم داوای چاکبوونەوە بۆ دایکی دەکات و دەڵێ " خوایە دایکم چاکبکەیەوە".

# وردەکاری دۆزینەوەی 150 روفاتی ئەنفالکراوەکانی گەرمیان

**گۆران شێخ مستەفا***

زۆربەی ئەو کوردانەی حکومەتی بەعس تەنها بەهۆی کوردبوون یان بەعسی نەبوون، یان بەتۆمەتی هاوکاری کردن لەگەڵ ئێران، یان بە مەترسیدانانیان بۆسەردەسەڵاتەکەی لەناوی بردن، هێشتا بەتەواوی چارەنووسیان دەرنەکەوتووە، ئەوە نەبێت کە نە ماون، هەموو ئەو شوێنبزرکردنەش هیچ نییە جگە لەترس لەئاشکرابوونیان، بەڵام ئاخۆ کە دەدۆزرێنەوە دەبێت لەکوێ بن؟ زۆربەی ئەو قوربانیانە لەگۆرستانە زۆرە ملێکانن.

ئەو رووفاتانەی لە2008/11/20لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر رێورەسمی پێشوازیکردن لە هێنانەوەیان بۆ ئەنجامدرا، خەڵکی

لەرۆژەکانی ساڵی 1990 بوو، کۆمەڵێک لەئەندامانی حیزبی بەعس سەیارەکەیان بردم کە لە جۆری قەلابی رەنگ سەوز بوو، لەسەیارەیەکیتر سواریان کردم، سێ سەیارەی دیکەشیان لەگەڵ بوو کە کەسانی سوپایان بەجلی سەربازییەوە تێدابوو، یەکێک لەسەیارەکان پڕبوو لەخەڵکی مەدەنی، کاتێک پرسیارم لەیەکێک لەسەربازەکان کرد خەریکی چین، وتی خەریکی مەشق کردنین، دواتر چاویان بەستمەوەو گوێم لەدەنگی چەند گوللەیەک بوو، کە دەنگی چەکەکانیان جیاواز بوو، پاشان گوێم لەدەنگی شۆفڵ بوو کە لەشوێنی رووداوەکە کاری دەکرد، دواتر سەیارەکەیان دامەوەو رۆشتمەوە بۆماڵەوە ئیتر نەموێرا بگەرێمەوە ئەو شوێنە تا دوای رزگاری



هێلکاری شوێنی گۆرستانی ئەنفالکراوەکان لە نەجەف

ناوچەی گەرمیان و لەشاڵاوی ئەنفالی سێ کە لە3/31 تا 1988/4/18 بەرێوەچوو ئەنفالکراون.

ئەو ئەشاهێدحاڵەی ئاگاداری رووداوەکە بووە، دەڵێت " لەیەکێک عێراق، کە سەرم لەو شوێنە دایەوە، ئەو جێگایە پاش دووجار هەوڵدان و هەڵکەندن چەند ئێسکێکم دۆزیەوە کەپاشماوەی گوللەیان پێوەبوو". دوای ئەوە ئەم شاهێد حاڵە ئاگاداری دەزگاکانی حکومی ئەو ناوچەیە دەکات و ئەوانیش بەهانەیەوە دەچن، پاشان چەندین کەس و لایەنی وەک مەجلیسی ئەعلا و حیزبی دەعوەو مانگی سوری عێراقی و حەوزەی عیلمی سەردانی ئەو ناوچەیە دەکەن، ئەو کاتەیش شاندێکی کوردی لە 2003/5/28 سەردانی شوێنەکە دەکەن، بەڵام نەزانراوە کێ بوون؟.

**ئەم گۆرستانە لەکوێیە؟**

لەناوچەیەکی بیابانی، 5 کم دوور لەناحیەی حەیدەریەی پارێزگای نەجەفە. بۆ پاراستن و دەسکاری نەکردنی گۆڕەکان، لەلایەن گەورە مەرجەعی شیعە عەلی سیستانییەوە فتوای حەرامکردنی مامەڵەکردن بەو زەویەی داوە تاوەکو چارەنووسی ئەو رووفاتانە یەکلا دەبێتەوە، ئەم گۆڕستانە 7 کم، لەشەقامی سەرەکی نێوان نەجەف و کەربەلا دوورە، لەساڵی 2003 دۆزراوەتەوە، بەڵام لەبەرنەبوونی تیمی پسپۆڕنەتوانراوە دەربهێنرێن، ئەوکاتیش لەلایەن BBC یەوە راپۆرتێکی لەسەر کرا، ئەم گۆڕە بەکۆمەڵە 94 مەتر درێژ و 75 مەتر قوڵە، کە بەپێی پاشماوەی جلوبەرگ و کەلوپەلە دۆزراوەکان پێدەچێت ئەو ژمارەیەی لەو گۆڕە شاردراونەتەوە زیاتر بێت لەروفاتی 150 کەس، ئەم رووفاتانە جیاواز لەوانیتر هەموویان پیاون.

**روفاتەکان کێن؟**

بەهۆی تێکچوونی تەواوی رووفاتەکان و رزینی کەلوپەلەکانیان، ناسنامەی زۆربەیان ناناسرێتەوە، یان هەر پێیان نەبووە، یان رزیوەو نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەسێکیان ژمارەی ناسنامەکانیان یان ناوەکانیان دەخوێنرێتەوە، کەژمارەیان 23 کەسە، خۆشبەختانە ئەم 23 کەسە بەشێکیان زیندوون، چونکە کاتێک باوکیان ئەنفالکراوە پێناسی منداڵەکانیان لەگیرفان بووە. 13 ناسنامە دۆزرانەوە کە هی چوار خانەوادەی ئەنفالکراو بوو، 10 ناسنامەکەی دیکە لەبەر ئەوەی تۆمارەکان کاتی خۆی سوتێنراون یان نەماوە نەتوانرا بدۆزرێنەوە.

***بەڕیوەبەری نووسینگەی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان.**


ژمارەیەک لە کەسووکاری ئەنفالکراوان لە کاتی هێنانەوەی 150 رووفاتەکە لە نەجەفەوە بۆ هەولێر
(فۆتۆ:رووداو)

**ژمارە و ناوی ئەو ناسنامەی لەگەڵ روفاتە هێنراوەکانی رۆژی 2008/11/20 دۆزراونەتەوە**

1- رووفاتی ژمارە دوو، شەش ناسنامەی پێبووە بەم ژمارانە:

- 189222 حسن حمەامین حسن (زیندووە)
- 189218 شعریە محمد حسن (زیندووە)
- 189220 بیان حمەامین حسن (زیندووە)
- 189346 بەناوی قەندیل حمە امین، سجلی 147، صحیفة 70، کەلەسەنگاوە، (زیندووە).
- 056060 ژینۆ حمەامین حسن (زیندووە)
- 052236 نیان حمەامین حسن (زیندووە)

ئەم خانەوادەیەی سەرەوە باوکیان بەناوی (حەمەئەمین حەسەن ئەحمەد) ئەنفالکراوە

2- رووفاتی ژمارە 46، ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی (301327 ن/ ض) تەلەف بووەو دیار نییە.

3- رووفاتی ژمارە 67، ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی (054625، 2/ م) لەحیدەریە یەک.

4- رووفاتی ژمارە 74، ژمارەی ناسنامە (628310/ ن/ ز )

5- رووفاتی ژمارە 80، ژمارە ناسنامە (420462/ 9/ص )

6- رووفاتی ژمارە 24، ژمارەی ناسنامە (163479/ ن/ص ).

7- رووفاتی ژمارە 69، ژمارەی ناسنامە (274774، 2م).

8- رووفاتی ژمارە 12، پێنج ناسنامەی پێبووە بەناوەکانی:

- نەسرین اکبر رشید، (زیندووە)
- صبیحە محمد حسن، (زیندووە)
- فاتح اکبر رشید، (زیندووە)
- محسن اکبر رشید، (زیندووە)
- نجات اکبر رشید، (زیندووە)
- ئەمانە لەعەشیرەتی داودین، خەڵکی تیلکۆ/ کەلارن، باوکیان بەناوی (ئەکبەر رەشید حەسەن) ئەنفالکراوەو لەم رووفاتانەدابوو.

9- رووفاتی ژمارە 17، بەناوی ( سعید صالح محمود) ناسنامەی بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی پێبووە.

10- رووفاتی ژمارە 67، بەناوی (صدیق مصطفی سلمان) لەدایکبووی 1966، سەنگاو/ چەمچەماڵ، ئەم ژمارە ناسنامانەی دیکەی پێبووە:

- 233658م.
- 053309، 2م.
- 540268 رەگەزنامەی عێراقی.

# گەشتێک بۆ وڵاتی مایناو بیبی خانم



**فاروق کەریم**

رۆژی2006/2/26 لەگەڵ چەند هاورێیەک گەیشتمە دووشەنبەی پایتەختی تاجیکستان، یەکشەممە بوو دەوام نەبوو، بۆ نانی بەیانی هاتینە ناو بازاڕیک لە چێشتخانەیەکی بچووک ئافرەتێک بە گۆرانی وتن و خۆبادان هات و گوتی چی دەخۆن؟ شتێکمان خوارد لەوێوە بۆ بازاڕێکی میللی گشتی چووین، کە جگە لە کۆنە کاڵای ماڵان، کەلوپەلی خۆماڵی و دەرەکیشی تێدابوو، سەیرئەوەبووسەرلەبەری بازاڕەکە لەلایەن ئافرەتانەوە بەرێوە دەبرا. هەر چۆنێک بوو لەگەڵ خەڵکی لێک حاڵی دەبووین، لەوێ کورێکی گەنجمان ناسی ناوی فەرهاد بوو کارمەندی بانکێکی وەبەرهێنان بوو، ئیتر ئەو بووە هاورێی رۆژانەمان. لە دوای دەوامی رۆژانەمان تەلەفۆنمان بو دەکرد هەر رۆژێک بەرنامەیەکی گەڕانمان دادەنا، بە راستی کورێکی رووخۆش و ئێسک سووک بوو، تەنانەت کە ژنەکەشی تەلەفۆنی بۆ دەکرد دەیگوت لە گەڵ میوانە کوردەکانم.

زۆر زوو لە و شارە راهاتبووین. هەوایەکی سازگار و پاک و خاوێنی هەبوو، دارو درەختی زۆر بڵندی هەبوون، کە رێکوپێکی چاندرابوون و هەمووی لەیەک ئاستی بەرزیدابوون، خەڵکەکەی زۆر روو خۆش و دەم بە پێکەنین بوون. کاک فەرهاد دۆستێکی زۆر هاریکار بوو هەرچیمان بگوتبایە وەڵامی دروستی هەبوو، جگە لەوەش هەموو ناوونیشانێکی بۆ ئێمە دەخوێندەوە چونکە نووسینەکان هەموویان بە پیتی رووسی (سلاڤی) بوون وئێمە هیچمان بو نەخوێندرایەوە. ئەوە لە رۆژی یەکەم زەحمەت بوو، بەڵام بو شەوی دووەم هەر یەکەمان پیتەکانی وانمان لە بەرامبەر ئینگلیزی لەسە ر وەرەقە دانا، بەیانی شوێن و جیگاکانمان بە باشی دەخوێندەوە.

**مۆزەخانەی بیبی خانم**

لە سێیەم رۆژمان لەوێ، چووینە گوندێک ناوی کەلەبیە بوو سەرت بە هەر ماڵێک دابگرتایە بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەکردی و هەندێک شتی خۆیان لەپێش دادەنای کە لە هەموو ماڵێک دووبارە دەبووەوە وەکو چوکلێت و مێوژو گوێزو نانی زۆر گەورە کە هەر یەکەی بەشی چەند کەسی دەکرد. لە وێوە چووینە شاری گورگان تەپە، چووینە مۆزەخانە کە لەسەر گردێکی ناو شار بوو کاتەکە درەنگ بوو، خەریکبوو دەرگایان دادەخست ئەو کەسەی لەگەڵمان بوو ناوی خورشید بوو، پێمانگوت ئەوە دەرگای مۆزەخانە داخرا چی بکەین، ئەویش بە دوو کچەکەی مۆزەخانەکەی گوت، ئەوانە دوو میوانی کوردی ئێراقن، کچەکان زور بە کەیفخۆشی دەرگایان کردەوەو نزیکەی سەعاتێک لەوێ ماینەوە و سەیرمان کرد شتەکانیان زۆر لە کەلوپەلی کوردەواری دەچوون، تەنانەت دەکرێ بڵێم وەکو یەکبوون، جگە لە ئاسەواری کچی شای تاجیکستان، پرسیم ناوی ئەو موزەخانەیە چییە کچەکە گوتی ناوی (قەڵای بیبی خانم)ە، منیش پیکەنیم، گوتی بۆ پێدەکەنی؟ گوتم گۆرانیەکی کوردی هەیە بەو ناوە، ئەویش پێکەنی ودیاربوو زۆر دڵی بە ئێمە خۆشبوو.

کچەکە گوتی"دەزانی من رۆژانە گوێم لەبەشی کوردی رادیۆی یەریڤان دەگرت بەس بۆ گورانیەکان، لێرە کچێکی کوردی یەریڤان هەبوو، بەڵام رۆیشتەوە". لە دواییدا بینیم چەندین دەفتەری تیبێنی دانرابوون، گوتم با بچم بزانم بە چەند زمان شت نووسراوە. دەیان زمانم دیت تەنیا کوردییان تێدا نەبوو. دیاربوو دەفتەرەکان وەکو ئەرشیف بوون، منیش بە کوردی، پیتی عەرەبی و لاتینی شتێکم نووسی و لە خوارەوە نووسیم کوردێکی کوردستانی عێراق لە هەولێر.

**گوندی نەورۆز**

بۆ بەیانی چووینە گوندی نەورۆز کە زۆر گەورە بوو، کە هی سەردەمی سۆڤیەت بوو، وەکو کومەڵگەکانی ئێمەبوو و خەڵکەکە بەئاسانی خۆیان رێکخستبوو، هیچ جیاوازییەکم لە نێوان ئافرەت و پیاودا نەدیت، لە بازاڕو دوکان و سەرتاشخانەو چێشتخانە و نانەواو هوتێل قوتابخانەو سوپەرمارکێت و دیسکۆو مۆزەخانەو سێرک و باڵێ و هەرچیم دیت هەر ژن بوون، پرسیم بۆ وایە وتیان نزیکەی 700000گەنج و لاوی ئێمە لە رووسیا کاردەکەن، ئیشوکار لەوێ زۆرە سەرچاوەی پارەی گرانبەهامانە. لە تاجیکستان مووچەی فەرمانبەرو داهاتی خەڵک زۆر زۆر کەمە، بەڵام ژیانی خۆیان رێکخستووە. نرخی ژەمێک خواردن لە چێشتخانەکانی واندا لە دۆلارێک تێنەدەپەرێ، بەڵام لە رێستورانتی بیانی نرخ زیاتربوو، بەڵام ئەویش بەرز نەبوو. جلو بەرگیان لەو پەری میللییەوە بۆ ئەو پەرێ مودێرنەتی بوو، پیاوەکانیان کڵاویکی تایبەتییان هەیە کە بە ساڵاچووەکان لە سەری دەنێن کە وەکو سیمبولێکی نەتەوەیی ناسراوە، رەنگەکەی رەساسییەو شێوەکەی نیوە چوار گۆشەییە.

لە تاجیکستان باڵندەیەک هەیە ناوی (ماینا) یە، لە شارو گوندو هەموو جێگایەک هەیە لەگازینۆوکافتێریای وپارکەکان، شەرم لە کەس ناکات و خواردنت لی دەرفێنێ و جووڵەی سەیری هەیە و زەردەخەنت بو دروست دەکات.

**دیسکۆی کاسە**

دیمەنی جوان و دڵرفێنی ئێواران، کە گەنج و لاوانیان دەستیان لە ملی یەک دەکردو کەسیش لە زەر دەخەنە زیاتری بو یەکتر نییە، لە شاری دووشەنبەی پایتەخت و هەرێمەکانی دیکە ئیمام 36 قەسرو ڤێلای هەیە و وەکو شوێنێکی گوزاری لێکردووە. شاری خوجەند شارێکی جوانی پیشەسازی بوو نزیکەی 40 دەقیقە بە فرۆکە لە پایتەخت دووربوو، چیایەکی ئاگری لێبوو بەقسەی ئەو برادەرەی لە فرگە پێشوازی لە ئێمە کرد، سۆڤیەت لەو شاخە یۆرانیۆمی دەردەهێنا، ئێستاش ئامێرەکان لە شوێنی خۆیان ماون، بەڵام ئێستا رووسیا و تاجیکستان لە وتووێژدان بو دووبارە بە کارخستنەوەی.

شەوێک لەهوتێلێکی زۆر خۆش نوستین گوتیان ئەمە هی سەرۆک وەزیرانە، یەکسەر سەتەلایتمان کردەوە،لەسەرکەناڵی کوردسات بوو، زۆرمان سەیر پێهات چونکە ماوەیەکی زۆر بوو هیچمان لە بارەی کوردستانەوە نەدەزانی، ئیتر ئەو شەوە تەماشای کوردستان تیفی و کوردساتمان کرد. بۆ شەویش چووینە دیسکۆی کاسە، کەخواردنگەو دیسکۆ بوو. خەڵکەکە بە پیاوو ژن بە زۆری ڤۆدگایان دەخواردەوە، چونکە هەرزان بوو. پیاوەکان بە جلێکی سادەی ماڵ و ژنەکانیش جلێکی زۆر کورتیان لەبەر بوو.

**گوندی شەهیدان**

بەیانی رۆژی 2006/3/9 چووینە گوندی شەهیدان کە لە سەر سنووری ئۆزبەکستان بوو. گوندێکی گەورە بوو بەهۆی زۆری قوربانیانی ئەو گوندە لە شەڕی ناوخۆدا، ئەو ناوەی لێنراوە. کە چووینە گوندەکە کچانی ئەو گوندە خۆیان بۆ ئاهەنگی نەورۆز ئامادەکرد، لەگەڵ تیپی میوزیک جۆرێک سەمایان دەکرد گۆرانیشیان لە گەڵ دەوتەوە،کە ئاوازەکەی بە کوردی دەچوو، خەڵکی تاجیکستان لە شار وگوند ئازادییەکی تەواویان لە نێوان خۆیاندا هەیە، کەس ئازادی کەس زەوت ناکات.

**تاجیکستان:**

- ساڵی1924 لەگەل روودانی شۆڕشی بەلشەفیک بووە بەشێکی خاوەن ئوتۆنۆمی لە کوماری ئۆزبەکستان.
- 1929 بووە کۆمارێکی یەکێتی سۆڤیەت.
- لە دوای هەلوەشانەوەی سۆڤیەت لە ساڵی 1990 سەربەخۆیی وەرگرت.
- پایتەختەکەی (دووشەنبە)یە و ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی 7 ملیۆنە و زۆرینەیان موسڵمانی سوننەن.
- لە شەڕی نێوخۆدا لە 1992-1997 نزیکەی 100هەزار کەس بوونە قوربانی.


دوو کچی تاجیکی لەبەردەم هوتێلی رۆدەکی لە دووشەنبەی پایتەختی تاجیکستان

# "گەنجانی کوردستان حکومەتی عێراق بەحکومەتی خۆیان نازانن"

**رووداو-هەولێر**

بەپێچەوانەی زۆر خەڵک کە گەنجانی کوردستان بە گوێنەدان بە پرسە نەتەوەییەکان و لاوازی هەستی نەتەوەیی تاوانبار دەکەن، نوورا وای بۆدەچێت گەنجانی کوردستان زۆر ناشنەلیستن وهەستی نەتەوەییان بەهێزە.

نوورا جەلال ئیسماعیل، کچی رۆژنامەڤانی عێراقی، جەلال ماشتە سکرتێری رۆژنامەڤانی سەرۆکی عێراق جەلال تاڵەبانییە. نوورا لە رووسیا لەدایکبووەو، لەتەمەنی چوار ساڵیدا لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە سوێد وئێستا لە زانکۆیەکی ئەو وڵاتە خەریکی وەرگرتنی ماستەرە لەبەشی ئاشتی و تەنگژەکان.

نوورا کە ئێستا بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی (چۆنیەتی دروستکردنی متمانە لەنێوان پێکهاتە نەتەوەیی وئایینیە جیاوازەکانی عێراق) لە کوردستانە، بەر لەوەی بێتە کوردستان وا تێگەیێنرابوو کە ژیانی لە کوردستان زەحمەت دەبێت چونکە زمانی کوردی نازانێت و خەڵکی کوردستانیش زۆر نەتەوەپەرستن و ئەگەر بزانن عەرەبێکی عێراقییە ئامادە نابن بە عەرەبی قسەی لەگەڵ بکەن، بەڵام ئێستا کە خۆی لە کوردستانە بەشێوەیەکی دیکە واقیعەکە دەبینێ" بە پێچەوانەی ئەو قسانە زۆر خەڵک لێرە بە عەرەبی قسەم لەگەڵ دەکەن، راستە خەڵکی ئێرە نەتەوەپەرستن، بەڵام ئەوە بۆ من کێشە نییە".

هەرچەندە بەرپرسانی کوردستان بێ پسانەوە لە وتارەکانیاندا پەیوەستبوونی خۆیان بە عێراق ویەکپارچەیی خاکەکەی دووپات دەکەنەوەو شانازی بە عێراقیبوونەوە دەکەن، بەڵام میدیای عەرەبی وهێزە سیاسییە عەرەبییەکان وتەنانەت خەڵکی ئاسایی عەرەبیش کورد بە جوداخواز و"نا نیشتمانیی" بۆ عێراق دادەنێن. نوورا دەڵێ ئەو لەوە تێدەگات کە کورد دەیانەوێ ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن، هەروا لە هەستی ئەوانەش تێدەگات کە دەیانەوێ عێراق هەمیشە یەکپارچەبێت وتووشی دابەشبوون نەبێت.

هەرچەندە خەڵکێکی زۆر لەوباوەڕەدان کە یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەمڕۆی عێراق نەبوونی متمانەیە لەنێوان پێکهاتە ئایینی ونەتەوەییەکانی کە دواجار لەوانەیە یەکپارچەیی ویەکگرتوویی ئەم دەوڵەتە بخاتە مەترسییەوە، کەچی نوور زۆر گەشبینانە لەو پرسە دەڕوانێت ودەڵێ دەکرێ متمانە لەنێوان ئەو پێکهاتانە دروست بکرێت " بۆ چەندین ساڵ کوردو عەرەب، شیعەو سوننە بەیەکەوە ژیاون ودەکرێ بەیەکەوە بژین، زۆربەی داواکانی رۆژانەی ئەو خەڵکانە یەکە، بۆ نموونە هەموویان دەیانەوێ ئاوو کارەبایان هەبێ وئاساییشیان جێگیر بێت وقوتابخانەو نەخۆشخانەی باشیان هەبێت".

سەرەڕای گەشبینییەکەی، نوورا دەڵێ عێراق هێشتا دوورە لە کولتووری دیموکراسی چونکە تا ئێستا وەک پێویست یاسا بەسەر هەموو خەڵکی بە شێوەیەکی یەکسان جێبەجێ ناکرێت و، دامودەزگەکانی حکومەت لەسەر بنەمای تایفەگەری ومەزهەبی ونەتەوەیی دابەشکراون و لەبواری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ زۆر لاوازن" هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی تیرەو تایفەگەری وعەشیرەتگەری زۆر مەترسیدارە بۆ ئاشتەوایی وگەشەسەندنی دێموکراسی لەعێراقدا، پێویستە حکومەت لەسەر بنەمای هاووڵاتیبون ویەکسانی لە مافەکاندا مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکات".

نوورا ئەگەرچی لە عێراقیش لەدایکنەبووەو نەژیاوە، بەڵام وەک خۆی دەڵێ زۆرجار رادەکێشرێتە ناو ئەو کێشەو ململانێیەی لەنێوان گرووپەکانی عێراقدا هەیە. ئەو نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە لە کوردستان زۆرجار لەناو تەکسی لێی دەپرسن خەڵکی کوێی وئایا شیعەیە یان سوونە" هەندێکجار بە شوفێری تەکسی دەڵێم دایکم مەسیحییەو باوکم موسڵمانە،ئەوانیش دەڵێن ئەوە شتێکی مەحاڵە چۆن دەبێت، بەڵام من دەڵێم نا مەحاڵ نییە و ئاساییە".

نوورا، لە لێکۆڵینەوەکەی دا لە کوردستان تا ئێستا گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کە خەڵکی کوردستان زۆر شانازی بە تایبەتمەندی نەتەوەیی خۆیانەوە دەکەن و دەیانەوێ عێراق دابەش بکرێت " زۆرینەی ئەوانەی قسەم لەگەڵ کردوون قوتابی بوون کە پێیانوایە تاکە چارەسەر بۆ کێشەکانی ئێستای عێراق دابەشکردنییەتی بۆ سێ پارچە: کوردو شیعەو سوننە".

بەرپرسانی کوردستان بەردەوام گلەیی لە گەنجانی کوردستان دەکەن کە هەستی نەتەوەیی وئینتمایان بۆ کوردستان لاوازە، بەڵام نوورا بەپێچەوانەوە دەڵێ زۆربەی ئەو گەنجانەی کوردستان کە ئەو قسەی لەگەڵ کردوون زۆر شانازیان بە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانەوە کردووە " زۆربەی ئەو گەنجانەی من قسەم لەگەڵ کردوون خۆیان بە عێراقی نازانن وحکومەتی عێراقیش بە حکومەتی خۆیان نازانن ودەڵێن ئێمە حکومەتی خۆمان هەیە".





نوورا ئیسماعیل

- ساڵی 1984لە رووسیا لەلە دایک و باوکێکی عێراقی لە دایکبووە.
- خوێندکاری ماستەرە لە سوێد.
- زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و سوێدی دەزانێت.

پەرلەمانی کوردستان بەم دواییانە یاسای باری کەسی هەموار کرد، بەڵام فرەژنی هێشتەوەو قەدەخەی نەکرد ئەمەش بووە هۆی تووڕەبوونی ژنان لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان، نوورا دەڵێ دەبووا فرەژنی قەدەخە بکرابووایە" دەزانم هەندێ هێزی کۆمەڵایەتی هەن دژی بڕیارێکی ئاوان، بەڵام ئەگەر دیموکراسی ومافی مرۆڤ ویەکسانیمان دەوێت پێویستە یاساکانیش لەوئاستەدا بن".

# لاوانی کوردستان روو لە زمانی ئینگلیزی دەکەن



کۆرسێکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگەی بەریتانی لە هەولێر (فۆتۆ: رووداو)

**سۆران بەهائەدین**
**رووداو-هەولێر**

یەکێک لە مەرجەکانی کارکردن لە زۆربەی کۆمپانیاو وەرگرتن لە کۆلێژە ئەهلییەکان، زانینی زمانی ئینگلیزییە، لەبەر ئەوە ژمارەی ئەو گەنجانەی لە کوردستان روو لە فێربوونی ئینگلیزی دەکەن لە زۆربوونێکی بێ وێنەدایە. پسپۆڕێکی بەریتانیش لە هەولێر دەڵێ ئاستی فێربوونی ئینگلیزی گەنجانی کوردستان زۆر باشە.

ئاسۆ عەلی،20ساڵ، قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، یەکێکە لەو گەنجانەی لە پێناو پەیدا کردنی کار و وەرگرتنی لە زانکۆ هەوڵی فێربوونی ئینگلیزی دەدات. لەبەر ئەوەی دڵنیایە بە وانەیەی ئینگلیزی کە لە قوتابخانەکەی دەیخوێنێ فێری زمانی ئینگلیزی نابێت، خۆی بەرنامەیەکی فێربوونی بۆ خۆی داناوەو تاوەکو ئێستا 10 کتێبی خوێندووەتەوە "باش فێری ئینگلیزی بووم، ئێستا بەردەوام سەیری فیلمی ئینگلیزی و بەرنامەی ئینگلیزی دەکەم، خۆم لەسەر دەربڕینی وشەکان رادەهێنم".

لەبەرامبەر ئارەزووی بەرچاوی گەنجانی کوردستان بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، چەند سەنتەر و پەیمانگەیەک بۆ فێرکردنی زمانی ئینگلیزی لەشارەکانی هەرێمی کوردستان کراونەتەوە. تەنیا لەهەولێر زیاتر لە 10پەیمانگەی ناوەخۆیی هەیە، بەڵام پەیمانگەی بەریتانی لە هەولێر تاکە پەیمانگەی فێرکردنی زمانی ئینگلیزییە لە هەموو عێراق.

پەیمانگەی بەریتانی لە 2007/6/1 لە هەولێر دامەزراوە و زانکۆی کامبریجی بەریتانی سەرپەرشتی دەکات.

فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەو پەیمانگەیە بە شەش کۆرس ئەنجامدەدرێت، کەماوەی هەر یەکێکیان سێ مانگە و،وانەکانی سێ کۆرسەکەی کۆتایی لەلایەن مامۆستای بەریتانی دەوگوترێنەوە.

پەیمانگەی بەریتانی لە هەولێر ئێستا 500قوتابی هەیە و، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 3200 قوتابی کۆرسی فێربوونی زمانی ئینگلیزیان لەو پەیمانگەیە تەواو کردووە. بەڵام وەنەبوو ئەوانە هەموویان هەر شەش کۆرسەکەیان خوێندبێ.

کوردستان پێشبکەوێت پێویستە زۆربەی خەڵکی کوردستان زمانی ئینگلیزی بزانێت، هەر لەوبارەوە دەڵێت " بۆ پێشڤەبردنی کوردستان، دەبێت خەڵکی بیانی بۆ ئێرە رابکێشن و خۆتان لە رۆژئاوا نزیک بکەنەوە،بۆ ئەوەی لەو خەڵکە بیانییەش تێبگەن، پێویستە زمانێکی هاوبەش هەبێت، ئەو زمانەش ئینگلیزییە".

رۆبەرت بە گەشبینییەوە دەڵێت، کوردستان بەرەو بوون بە وڵاتێکی گەشتیاری هەنگاو دەنێت "بۆئەوەی خەڵکی ناوبازاڕ کاتێک بیانییەک دەچێتە بازاڕ، ئەگەر ئینگلیزی بکەیت ناکرێت".بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێ زۆر گرنگە قوتابی لە منداڵییەوە فێری ئینگلیزی بکرێ.

سەنتەری نیشتیمان، ماوەی 9مانگە دامەزراوزە. تەحسین خالید بەڕێوەبەری دەڵێ تاوەکو ئێستا زیاتر لە 1000کەس بۆ بەشداریکردن لە کۆرسەکانی فێربوونی زمانی ئینگلیزی روویان تێکردوون. فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەو سەنتەرە بە سێ کۆرسە. ئەو پێیوایە خەڵک لە کوردستان بۆ بەدەستهێنانی کار و زانیاری رووپانکردووەتە خوێندنی ئینگلیزی "چونکە ئەمڕۆ سەرچاوەی دارایی بەهێز لە دەست بیانییەکانە،کە ئەوانیش بەزمانی ئینگلیزی دەدوێن".

کاروان قادر، 24ساڵ، قوتابی قۆناخی چوارەمی بەشی ئینگلیزی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، بەردەوام هەوڵدەدات زیاتر خۆی فێری زمانی ئینگلیزی بکات لە رێگەی سیدی و کتێبی ئینگلیزییەوە" ئینگلیزی زمانی جیهانەو لەهەر شوێنێک ئینگلیزی بزانیت، پەکت ناکەوێت".

رۆبەرت دۆبلەر کە خەڵکی ئەمریکایە، هەردوو ئاڵای کوردستان و ئەمریکای لەبەرسینگی خۆی دابوو، لە نووسینگەکەی خۆی لە زانکۆی کوردستان، لە هەولێر قسەی بۆ (رووداو) دەکرد،پێیوایە هۆی رووتێکردنی گەنجانی کوردستان بۆ زمانی ئینگلیزی بۆئەوەی بتوانن لە فیلمە ئینگلیزییەکان تێبگەن و کار پەیدابکەن و بتوانن لە دەرەوە بخوێنن "خەڵک ئێستا لەوە تێگەیشتووە ئینگلیزی ئامێرێکە بۆ بەرەو پێشبردنیان".

زۆر لەو گەنجانەی ئێستا هەستیان بەزمانی ئینگلیزی هۆکارێکە روویانکردووەتە فێربوونی زمانەکە، گلەیی لەوە دەکەن کە بەدرێژایی هەشت ساڵ خوێندنی ئینگلیزی لە قوتابخانە هیچ فێر نابن. هەروەها هەندێکیان دەڵێن ئەوان لە چاو ئەو برادەرانەی چوونەتە ئەورووپا زوو فێری ئینگلیزی بوون بە کۆرسەکانیش زۆر فێری زمانەکە نابن.

پەیمانگەی بەریتانی لە هەولێر، تاکە پەیمانگەی نێودەوڵەتییە لەهەموو عێراق، ئیبراهیم ئەحمەد، بەڕێوەبەری پەیمانگەی بەریتانی، بەدڵنیاییەوە دەڵێ هەر کەسێک بەشداریی کۆرسەکانیان بکات، لە هەرکۆرسێک فێری 15%ی زمانی ئینگلیزی دەبێت، هەروەها دەڵێت" ئەوەی بەشداری تەواوی کۆرسەکانی ئێمە بکات، گرێنتی دەدەمێ فێری ئینگلیزی دەبێت، ئێمە سیستەمی کامبریج بەکاردێنین، کە زیاتر لە 100ساڵە لەپێشەنگیدایە لە بەریتانیا". لە دواپین کۆرسی پەیمانگەی بەریتانی،بەشداربوو تاقیکردنەوەکەی لە رێگەی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ زانکۆی کامبریج ئەنجامدەدات، بڕوانامەی دبلۆم لە زانکۆی کامبریج وەردەگرێت.

رۆبەرت دۆبلەر، کە لە چین و تایوان و مەنگۆلیا مامۆستایەتی کردووە، هەرچەندە بەگشتی شارەزایی لەئاستی قوتابیانی کوردستان نییە بۆ فێربوونی ئینگلیزی، بەڵام سەبارەت بە زانکۆی کوردستان ئاماژەی بەوەدا ئاستی قوتابیانی ئەو زانکۆیە زۆر باشترە لە زانکۆکانی تایوان و مەنگۆلیاو چین "تەنانەت ئاستی هەندێک لەوانەی بەر لەوەی بێنە زانکۆ، باشترە لەئاستی ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆکانی ئەو وڵاتانە دەردەچوون".

بەڵام رەخنەی لە هەندێک لە قوتابیەکانی گرت کە هەلی خوێندن بە خۆڕایی لە کوردستان ناقۆزنەوە، لەکاتێکدا خوێندنی زانکۆ لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەپارەیە "هەندێ لە قوتابیەکانمان دەڵێن کاتمان نییە بخوێنین، بەڵام راست ناکەن، دەبێ بەرنامە بۆ کاتەکانیان دابنێن".

## زمانی ئینگلیزی وەکو دۆلاری لێ هاتووە

ئیبراهیم محەممەد
بەڕێوەبەری پەیمانگەی بەریتانی لە هەولێر

## ئاستی فێربوونی زمانی ئینگلیزی قوتابیانی کوردستان لە ئاستی قوتابیانی چین و مەنگۆلیا باشترە

رۆبەرت دۆبلەر، بەرپرسی خوێندن لە زانکۆی کوردستان

ئیبراهیم محەممەد بەڕێوەبەری پەیمانگەی بەریتانی، هۆکاری رووتێکردنی گەنجان بۆ زمانی ئینگلیزی بەستەوە بە کرانەوەی کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوەو هاتنی کۆمپانیاکان و گوتیشی "زمانی ئینگلیزی وەکو دۆلاری لێ هاتووە و بووەتە جیهانی".

جگە لەوەش چەند زانکۆیەک لە کوردستان کراونەتەوە، کە وەرگرتنی قوتابی لەو زانکۆیانە پەیوەستە بە مەرجی زانینی زمانی ئینگلیزی، لەبەر ئەوەی خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە.

زانکۆی کوردستان یەکێکە لەو زانکۆیانە کە لە ساڵی 2006 کراوەتەوە.رۆبەرت دۆبلەر سەرۆکی خوێندنی زانکۆی کوردستان، یەکێکە لە دانەرانی سیستەمی خوێندنی زانکۆکە. ئەو کە دوو ساڵە لە کوردستانە، دەڵێ بۆ ئەوەی بزانیت دەتوانیت ئەو بیانییە بکەیتە کڕیاری خۆت، بەمشێوەیە خەڵکی ئاساییش دەتوانن سوود لە زمانی ئینگلیزی وەربگرن".

هەندێ سیاسەتکار و رووناکبیری کوردستان پێیانوایە، بۆ ئەوەی کوردستان بەجیهانی پێشکەوتووەوە ببەسترێتەوە، پێویستە زمانی ئینگلیزی بکرێتە زمانی یەکەم، بەڵام ئەو رای کەمینەیە و زۆرینە لەگەڵ ئەوەدان زمانی کوردی وەک کۆڵەگەیەکی هەبوونی نەتەوەیی وەک زمانی یەکەم بمێنێتەوە. وەک نیشانەیەکی دیکەی بایەخدانی خەڵکی کوردستان بەزمانی ئینگلیزی، ئێستا زۆر دایک و باوک منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە ئەهلییەکان، کە زمانی ئینگلیزی زمانی سەرەکی خوێندنیانە. رۆبەرت دەڵێ "ئەگەر بتەوێت بە زۆر خەڵک فێری

# گەنجێک ماتۆڕ دروست دەکات

**رووداو-ناحیەی رزگاری**

گەنجێک لە ماتۆڕی کارەبا ماتۆڕێک دروستدەکات و ئامادەیی خۆیشی دەربڕی ئەگەر حکومەت هاوکاری بکات ماتۆڕی تایبەت بۆ هەموو کەم ئەندامان، بە پێی داواکارییەکان دروست بکات.

کەیفی کەریم سلێمان 18ساڵ، لەبارەی دروستکردنی ئەو ماتۆڕەوە ئاماژەی بەوەدا، هەموو ئەو کاتەی کاری لە دروستکردنی ئەو ماتۆڕەی هاتووچۆدا کردووە تەنیا 24 کاژێر بووە.

ئەو ماوەی هەشت مانگە، ئەو ماتۆڕەی دروستکردووە، بەڵام تائێستا نە حکومەت و نە رێکخراوێکی لاوان ئاوڕی لێنەداوەتەوە.

کەیفی هەر لەمنداڵیەوە لەلای باوکی کاری چاککردنەوەی ئامێرە کارەباییەکانی کردووە، هەرئەوەش وای لێدەکات شارەزایی هەبێت لە ئۆتۆمبێل و کەرەستەی کارەبایی.

کەیفی چۆنیەتی دروستکردنی ماتۆڕەکەی بۆ (رووداو) باسکرد و گوتی "ماتۆڕێکی بچووکمان هەبوو کردمە مەکینەی ماتۆڕەکە، سێ تایەو سوکانی ماتۆڕێکم کڕی، گێڕی مەکینەی فریزم بەکارهێناوە، لەحیم و درێل و کۆسەرەم بەکارنەهێناوە، بۆ دروستکردنی هەندێک شوێنی لاشەکەی پلێتم بەکارهێناوە".

کەیفی باسی لە ماتۆڕەکەی کرد کە دەتوانێت بە خێرایی تا 60بڕوات، "دەتوانم ئەو ماتۆڕە بکەمە ئۆتۆمبێلێکی بچووکی چوار تایە، کە شۆفێرەکە لەناوی دابنیشێت، یان پایسکل بکەمە ماتۆڕ".

کەیفی، دەڵێ ئەگەر حکومەت هاوکاری بکات، دەتوانێ هاوکاری پەککەوتەکان بکات و لە زەحمەتی هاتووچۆکردن و باربوونیان بەسەر کەسانی دیکەوە رزگاریان بکات، ماتۆڕ بەگوێرەی قەبارەی لاشەی پەککەوتەکان دروست بکات "جا کەسەکە پێی نەبێت یان دەست، کەرەستە هەبێت چیم داوا لێ بکەن بۆ رۆیشتن بەپێی داواکاری دروستی دەکەم".



# خوڕماڵیش دەیەوێت ببێتە هەڵەبجە



نەوزاد مەحمود
nawzad2000@yahoo.com

**رووداو- شارەزوور**

پاییزی تەمەن لەبنەماڵەکەی جەلیل عەزیزی 38ساڵ، لەبەهاری 1988 دەستیپێکرد، کاتێک بنەماڵەکەی لەترسی کیمیا باران شارۆچکەی خورماڵیان جێهێشت و بەرەو سیروان بەرێکەوتن، بەڵام هێرشی فڕۆکەکان سەریان لێشێواندن، تارمایی مەرگ دوایان کەوت تا گەیشتنە قوڵایی و لەهەڵەبجە 23 کەسی بنەماڵەکەی بەر کیمیاییەکە کەوتن و گیانیان لەدەستدا.

جەلیل زۆر نیگەرانە کاتێک باس لەکیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەکرێت و دەڤەری هەورامان بەتایبەتیش شارۆچکەی خورماڵ پشتگوێ دەخرێ، ئەو دەڵێ "پێویستە دادپەروەری هەبێت کاتێک باسی کیمیاباران کردن دەکەین، چونکە هەورامانیش کۆستێکی گەورەی لەکیمیابارانکردنەکەدا بەر کەوت".

جەلیل، کە هاوکات لێپرسراوی لقی خورماڵی کۆمەڵەی قوربانییانی چەکی کیمیاییشە، دەڵێ لەمساڵەوە یادکردنەوەی کیمیابارانکردنی خورماڵ و هەورامانیش لەمساڵەوە دەکەنە نەریت "ساڵانە یاد دەکرێتەوە".

دوای تێپەڕبوونی 20ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنیدا، 16/3ی ئەمساڵ خەڵکی خورماڵ و هەورامان بێدەنگییان شکاندو بۆ یەکەمین جار فێستیڤاڵی یادکردنەوەی کارەساتەکەیان رێکخست. هەرچەندە ئیدارەی هەڵەبجە لەسەرەتاوە نیگەران بوون لە رێکخستنی فێستیڤاڵەکە، بەڵام ئەوان سووربون لەسەر سازدانی.

دانیشتوانی خورماڵ و هەورامان نیگەرانن لەوەی، کە لە مەسەلەی کیمیابارانکردندا، تەنها ناوی هەڵەبجە لەگۆڕێیە، لەکاتێکدا ئەوانیش خۆیان بە بەرکەوتەی ئەو چەکە کۆمەڵکوژییە دەزانن. لەکاتێکدا هەڵەبجە گلەیی ئەوەدەکات کە ئاوڕێکی جیدی لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکەیان نەدراوەتەوە، هەندێ لەخەڵکی خورماڵ گلەیی ئەوە دەکەن کە لە چاو هەڵەبجە زۆر کەم ئاوڕ لەوان دراوەتەوە.

رەحمان حەمە لاو، لێپرسراوی ناوەندی رووناکبیری خورمال، پێیوایە ئەوپەراوێزخستنە پەیوەندی بە بەرپرسە ئیدارییەکانی هەڵەبجەوە هەیەو دەڵێ "بەرپرسانی ئیداری هەڵەبجە بەشێوەیەک کاریان کردووە، کە تەنیا هەڵەبجە بناسرێت، لەکاتێکدا قوربانییەکانی خورماڵ و هەورامانیش کەم نین".

هەروەها ناوبراو گلەیی لەکەمی خزمەتگوزاریی کرد لەشارۆچکەکەداو گوتی "تائێستا کارەبای نیشتمانیمان نییەو ئاوی چەمی زەڵمیش، تەنیا 3 کاژێر دەدرێتە ئێمە و 21 کاژێر دەدرێتە هەڵەبجە، تاپۆمان نییەو پارکێکمان نییە بۆ گەنجان".

ناحیەی خورماڵ، 15 کیلۆمەتر لەهەڵەبجە دوورە، لەساڵی 1920وە بووەتە ناحیەو ئێستا 2500 ماڵی تێدایە، زیاتر لە200 شەهیدی چەکی کیمیایی هەیەو نزیکەی 60 برینداری چەکی کیمیاییش ئێستا لەو شارۆچکەیە دەژین و ئەندامی رێکخراوی ئاشتی شارەوانییەکانی جیهانە.

سمکۆ سالار، گلەیی لەکەمی ئەو خزمەتگوزارییانەیە کە بۆ ناحیەکە ئەنجامدراون و دەڵێت " تا ئێستا بچووکترین خزمەتگوزاری بۆ خورماڵ دابیننەکراوە، جگە لەو پرۆژانەی کە وەک هەر ناحیەیەکی دیکە لەئەنجوومەنی پارێزگاوە بۆی دابین دەکرێن".

بەڵام فوئاد سالح رەزا، قایمقامی هەڵەبجە وای نابینێ کەجیاوازی کرابێت و دەڵێ، ئەو بودجەیەی هەڵەبجە لەئەنجوومەنی پارێزگا وەریدەگرێت ناحیەکانیش وەریدەگرن "هەڵەبجە شارێکە 13هەزار خێزانی تێدایەو سێ ئەوەندەی ناحیەکان دانیشتووی هەیە، بۆیە ناکرێت بەو شێوەیە بەراورد بکرێت".

رۆژی 2008/11/15 بڕی 700 ملیارو 200 ملیۆن دینار لەلایەن حکومەتی بەغداوە گەیشتە کوردستان بۆ نۆژەنکردنەوەی 600 خانووی رووخاو لەهەڵەبجە، بۆ هەر خاوەن خانوویەک 10 هەزار دۆلار خەرجدەکرێ. هاووڵاتیانی دەرەوەی هەڵەبجە نیگەرانن لەوەی کە هەر 600 کەلاوەکە لەناو هەڵەبجەدا ئاوەدان دەکرێنەوەو ئەوانی لێ بێبەشن. بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ دەڵێ بە قایمقامی هەڵەبجەی گوتووە با 100کەلاوەی خورماڵیشی لەگەڵ بێت " بەڵام وادیارە نەکرا".

بەرپرسێکی ئیداری لەو دەڤەرە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە،گوتی "قایمقامی هەڵەبجە تەنیا قایمقامی ناو هەڵەبجەیەو زۆر گوێ بەدەرەوەی هەڵەبجە نادات".

دانیشتوانی خورماڵ نایانەوێت بەشکاندنی ئەو تەلیسمی بێدەنگییە، لەقورساییەکانی کارەساتی هەڵەبجە کەم بکەنەوە، بەڵام ئەوەی ئەوانی نیگەران کردووە، پەراوێزکەوتنی ناوچەکەیانە لەگوتارو ئەجێندەی سیاسەتی ئیداری و سیاسی کوردیدا . فەرحان محەممەد، 40ساڵ، کە هەردوو چاوی بەچەکی کیمیایی لەمەترسی لەدەستدانی بینین نزیک بوونەتەوە تائێستا شەش جار بۆ چارەسەری رووی لەتاران کردووە "دەبێت ئێمەش وەک خەڵکی هەڵەبجە حسابمان بۆ بکرێت". فەرحان گوتیشی " ئێمەش بەهەمان ئەو دەردەوە دەناڵێنین، کەخەڵکی هەڵەبجە پێیەوە دەناڵێنن".

تائێستا هەموو ئەو نوێنەرو کەسایەتییە ئەورووپیانەی بەمەبەستی بینینی شوێنەواری وێرانکارییەکانی چەکی کیمیاوی سەردانی کوردستانیان کردووە بەدەر لەهەڵەبجە، ناوچەکانی دەوروبەری هەڵەبجەیان نیشان نەدراوە. عومەر مەحموود، بەرپرسی لقی کوردستانی ناوەندی چاک لەو بارەیەوە هاوخەمی دانیشتووانی ناوچەکەیەو پێشیوایە، کەدەبوو هەر لەسەرەتاوە بۆ گەورەتر نیشاندانی قەبارەی وێرانکارییەکانی رژێمی سەددام، تەنها باس لەهەڵەبجە نەکرایە "پێویستە ئێمە مامەڵەیەکی گەورەتر لەگەڵ ئەو کەیسەدا بکەین، نەک لەچوارچێوەی شارێکدا قەتیسی بکەین". ئەو گوتیشی "بەداخەوە دەسەڵات فێر بووە کە دەبێت خەڵک بەردەوام شەهیدەکانی خۆی بۆ بژمێرێت، تاخزمەتگوزارییان بۆ ئەنجامبدات".

بەرزان عەبدوڵڵا هەورامی، بەرپرسی نووسینگەی هەڵەبجەی پەرلەمانی کوردستان بەمافی رەوای خۆیانی زانی، کە دانیشتووانی خورماڵ و هەورامانیش یادی کارەساتی کیمیابارانی 1988بکەنەوەو گوتیشی "ئەوانیش قوربانییەکی زۆریان هەبووە". داوای کرد کە لەمەودوا حکومەتی کوردستان پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی بۆ دەوروبەری هەڵەبجەش بگوازێتەوە.

عەلی بانیشاری ئەندامی لیژنەی ئەو فێستڤاڵەیە، کە بڕیارە هەموو ساڵێک یادی کارەساتی کیمیابارانکردنی خورماڵ و دەوروبەری بکاتەوە "حکومەت پێی خۆش بێت یان نا، ئێمەش ساڵانە یادی ئەو کارەساتە دەکەینەوە، ئەگەر لەسەر گیرفانی خۆشمان بێت".

ناوبراو نیگەران بوو لەو بڕە پارە کەمەی بۆ یادکردنەوەکە بۆیان تەرخانکراوە "هەڵەبجە ساڵانە 50 ملیۆن دینار بۆ فێستڤاڵی 3/16 وەردەگرێت، بەڵام تەنها بڕی 6 ملیۆن دیناریان دایە ئێمە، کە تا ئێستاش بڕی 900 هەزار دینارمان لاماوە".

بەرای زۆربەی دانیشتووانی ئەو شارۆچکەیە، ساڵانێک لەژێر رکێفی ئیسلامییە توندڕەوەکاندا بەئاستەم توانیویانە هەناسە بدەن. هەر ئەمەش بوو وای لێکردن، کە شارەکەیان بەتەواوی لەدەستی ئاواکاری حکومەت دابڕێ. بەڕێوەبەری ناحیەی خورماڵ دەڵێ "لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە، هەندێک پرۆژە ئەنجامدراون، بەڵام هیچ کامیان وەک لەبەر تایبەتمەندیی کیمیابارانکراویی شارۆچکەکە نەبوون و تەنها قەرەبوکردنەوەی ئەو ساڵانە بوو، کەلەژێر دەسەڵاتی ئیسلامییەکاندا بوو".

### ناحیەی خورماڵ

– ساڵی 1920 بووەتە ناحیە و سەر بەقەزای هەڵەبجەیە، 15 کیلۆمەتر لەهەڵەبجە دوورە.
– 2500 ماڵی تێدایە کە ژمارەیان 9500 کەس دەبێ.
– زیاتر لە 200 شەهید و 60 بەرکەوتەی چەکی کیمیایی هەیە و زیاتر لە 250 کەلاوەی تێدایە .
– ئەندامی رێکخراوی ئاشتی شارەوانییەکانی جیهانە .



شارۆچکەی خورماڵ (فۆتۆ: رووداو)

## جەواد وادی، سەرۆکی شارەوانی کەلار:

# 2 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەکەلار دروست دەکرێن



بیلال سەعید
رووداو-کەلار

زۆر بەکورتی وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسان دەداتەوەو، دەڵێت لەو کاتەی بووەتە سەرۆکی شارەوانی کەلار مووچەکەی کەمی کردووەو بووەتە 875 هەزار دینار. هەموو بەیانییەکیش لەماوەی یەک کاژێردا سەرجەم پرۆژەکانی ناو شاری کەلار بەسەر دەکاتەوە"بۆ ئەوەی خۆم کارەکان ببینم نەک خەڵک بۆم باس بکات".

قەزای کەلار مەرکەزی ئیدارەی گەرمیانە و رووبەرەکەی 20 کلیۆمەتر چوار گۆشەیە، بەڵام بەپێی ئەو ماستەر پلانەی لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانییەوە بۆی ئەنجامدەدرێ، رووبەرەکەی زۆر فراوان دەبێ و دەبێتە 60 کلیۆمەتر چوارگۆشە، ئێستا لە 24 گەڕەک پێکدێ و ژمارەی دانیشتووانی 164 هەزار کەسە.

جەواد وادی، لەمایسی ساڵی رابردوو وەک سەرۆکی شارەوانی کەلار دەستبەکار بووەو زۆریش بە پۆستەکەی دڵخۆشە "چونکە پۆستەکەم ئیشی زۆری تێدایە، منیش حەزم لەئیشکردنە".

لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) قسەی لەسەر کێشەکان و بودجەی شارەوانی کەلار کرد .ئەو سەرەتا لەبارەی بودجەی شارەوانی کەلار ئاماژە بەوە دەدات لەسێ شوێنەوە بودجەیان بۆ دێت، کە بریتین لەبودجەی شارەوانی کە تایبەتە بەنۆژەنکردنەوەو چاککردنەوەی رێگەو بانەکان، بودجەی وەبەرهێنان کە لەلایەن وەزارەتی شارەوانی بۆیان رەوانە دەکرێ، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیش وەردەگرن کە "ئەوەیان بودجەیەکی زۆر باشە".

شارۆچکەی کەلار کە ئێستا مەڵبەندی ئیدارەی گەرمیانە، بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران وەک ئیدارەیەکی سەربەخۆ و وەک پارێزگا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. تا ئێستا بەشێک لەگەڕەکەکانی کەلار تاپۆ نەکراون، جەواد وادی لەبارەی چارەنووسی گەڕەکە تاپۆنەکراوەکان دەڵێت "لەمرۆژانە سەردانی وەزارەتی شارەوانی و تاپۆی سلێمانیم کرد، بۆ دۆزینەوەی رێگەیەک بۆ تاپۆکردنیان، چونکە بەپێی یاسای 241 تاپۆکردن لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە راگیراوە، ئێستا لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەو رێگە چارەیەداین، چونکە تاوەکو یاسای تازە دەرنەچێت ناتوانین تاپۆ بکەین".چەندین بینایەی حکومی کە

### گەڕەکی حەمەی مانگا تێکدەدەین

کەوتوونەتە ناو سەنتەری شار هاووڵاتییان تێیاندا نیشتەجێن، سەرۆکی شارەوانی دەڵێت "ئەوانە موڵکی حکومەتن و دەبێت چۆڵبکرێن، لەبەرنامەشماندایە هاووڵاتییانی ناو ئەو بینایانە بەزەوی یان رێگەیەکی دیکە قەرەبوو بکەینەوە".

هەرچەندە شارۆچکەی کەلار نزیک رووباری سیروانە، بەڵام هیچ پرۆژەیەکی گەشتیاری لەناوچەکەدا بەدیناکرێ، جەواد وادی لەگەڵ ئەوەی بانگی وەبەرهێنەران دەکات کە بێن پرۆژەی گەشتیاری لەناوچەکە ئەنجامبدەن، گلەییش لەسەرمایەدارانی کورد دەکات و دەڵێت "سەرمایەداری کورد تەنیا بیر لەدورستکردنی کارگەی بلۆک یان ریزە دووکان، یان دانانی غەسالەیەک دەکاتەوە، بیر لەپرۆژەی گەشتیاری ناکاتەوە".

شاری یاری کەلار تاکە پرۆژەی گەشتیارییە کە لەناوچەکەدا ئەنجامدەدرێ، کەبڕی 2 ملیۆن و 170 هەزار دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو، لەلایەن کۆمپانیای ئازادەوە جێبەجێدەکرێ و دەبێ لەماوەی 400 تەواو بکرێ.

قەڵای شێروانە، کە یەکێکە لەشوێنەوارە گرنگەکانی کوردستان دەکەوێتە سنووری شاری کەلار، بەڵام تا رادەیەک پشتگوێ خراوە، جەواد وادی دەڵێت "قەڵای شێروانە پەیوەندی بەبەشی شوێنەوارەوە هەیە ئێمە ناتوانین دەسکاری بکەین، بەڵام بەنیازین خوارووی قەڵاکە بکەینە پارک".

شاری کەلاریش وەک زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان کێشەی نیشتەجێبوونی هەیە، ئێستا هەردوو کۆمپانیای جەنەتولفیردەوس و رووناکی لەگەڕەکی بەردەسوور و بەرامبەر بینای ئیدارەی گەرمیان بەنیازی دروستکردنی 2 هەزار یەکەی نیشتەجێبوونن، سەرۆکی شارەوانی کەلار لەو بارەیەوە دەڵێت " خۆیان راستەوخۆ خانووەکان دەفرۆشنە هاووڵاتیان، شارەوانی تەنیا زەوی بۆ دابین کردوون، لەرێگەی ئێمەوە چاودێری دەکرێن بۆ ئەوەی خەڵک ئیستغلال نەکەن و هاوکاری گەنج و کەمدەرامەتەکان بکەن".

گلەییەکی زۆر لەشوێنی گۆڕستانی کەلار دەکرێ، کە کەوتووەتە دەروازەی شارۆچکەکە، جەواد وادی ئەو گلەییانە لەجێگەی خۆیدا دەبینێت و دەڵێت "ئێستا بەدوای چارەسەردا دەگەڕێین، چونکە ماوەیەکی دیکە گەڕەک دەگاتە ئەو شوێنە، زەوی ئەو ناوچەیە 250 دۆنمی موڵکی زانکۆی کەلارە، 250 دۆنمیشی تەرخانکراوە بۆ دروستکردنی بەندیخانەیەکی گەورە، بۆیە ناکرێ ئەو گۆرستانە لەو شوێنە بێ".

جەواد وادی لەوەتەی بووەتە سەرۆکی شارەوانی باس لەوە دەکات کە چەندین دیاردەی بنبڕ کردووە لەوانەش خانوو

### ئاگاداری لێکۆڵینەوە لەسەر گەندەڵی شارەوانی نیم

و دووکانی تەجاوز "هیچ تەجاوزێک لەسەردەمی من نەکراوە، ئێستا لەگەڵ قایمقام بەدوای ئالیەتێک دادەگەڕێین تەجاوز نەهێڵین، پێشتر لەگەڕەکی حەمەی کەریم 77 دوکانی تەجاوز، 11 بەنزینخانەی کاتی، 22 خانوو و چەند دوکانێکی سەرجادەمان رووخاند". گەڕەکی حەمەی مانگا زێدەباری ئەوەی ناوێکی نەشیاوی هەیە بە تەجاوزیش دروستکراوە، سەرۆکی شارەوانی گوتی "ئەو گەڕەکە تێکدەدەین".

ئەو دەڵێت "دیاردەی سەگی بەرەڵڵاشم نەهێشت"، بەڵام تاکە دیاردە کە سەرۆکی شارەوانی دەرەقەتی نایێت، دیاردەی ئاژەڵدارییە لەناو شاری کەلار "نازانین ئاژەڵەکە بگرین؟ خاوەنەکەی بەند بکەین؟ نازانین چی بکەین؟ ئێستا لێژنەیەکمان هەیە ناهێڵێ ئاژەڵ لەشارەکە ئیسراحەت بکات".

ناوبراو گلەیی لەو کۆمپانیایە دەکات کە لەدەروبەری کەلار بەدوای نەوتدا دەگەڕێت، چونکە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ئەوان نییە، هەروەها دەڵێت " حەقە ئەو کۆمپانیانەی کە لەم ناوچە کار دەکەن هەدیەیەکیان هەبووایە بۆ کەلار وەک دروستکردنی پارکێک".

سەبارەت بەماستەر پلانی تازەی شاری کەلاریش، جەواد وادی ئاماژەی بەوەدا کە ماستەر پلانی کەلار لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەڵمانی ئەنجامدەدرێ، کە بەگوێرەی ماستەر پلانەکە رووبەری کەلار لە 20 کیلۆمەتر چوارگۆشەوە دەبێتە 60 کیلۆمەتر چوار گۆشە "ناوچەیەکی زۆر دەکەوێتە ناو ماستەر پلانەکە".

جەواد وادی ئاماژەی بەچەند پرۆژەیەکدا کە هەندێکیان لەژێر جێبەجێکردندان و بەشێکیشیان لەئایندەدا ئەنجامدەدرێن "لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی شەقامی کاکەی فەلاح دروستدەکەین، کە لەشوقەی شقارتەکەوە دەست پی ئەکات بۆ ئەندازیاران،جادەی دوو سایدی قەڵای شیروانە تاوەکو کۆتایی کەلار چیمەن رێژ دەکرێت، 3 جادەی سەرەکی کەلار بە یەکەوە دەبەسترێنەوە، هەروەها تەواو کردنی پرۆژەی دووسایدی حەمەی کەریم بەردەسوور، جگە لەوەش دەستمان کردوە بەدروستکردنی گەراجیکی مودێرن بە بڕی یەک ملیار و285 ملیۆن دینار لەسەر بودجەی پارێزگای سلیمانی لەماوەی 7 مانگی دیکە تەواو دەبێت".

وەک لەقسەکانی جەواد وادی دەردەکەوێ، دەبێ خەڵکی کەلار دەست لەو دوو بەرزە پردە بشوات کە عومەر فەتاح، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەیزران، بڕیاری دروستکردنی دابوو "ئەو پرۆژیە ئەنجامنادرێ، چاوەڕێین بودجەمان بۆ بێ، تا ئێستا بۆمان نەهاتووە".

بەهۆی گومانی بوونی گەندەڵی لەشارەوانی کەلار لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکهاتووە، سەرۆکی شارەوانی کەلار بێئاگایی خۆی لەکاری ئەو لێژنەیە نیشانداو گوتی "ئاگاداریی ئەو لێکۆڵینەوە نیم چونکە لەپێش من بووە".



دیمەنێک لە بازاڕی کەلار (فۆتۆ: رووداو)

# هەمەجۆر

## نهێنییەکانی مۆساد لە کوردستان



ڕووداو-هەولێر
◆ گۆردن تۆماس کارمەندی دەزگای هەواڵگری مۆسادی ئیسرائیلی وردەکاری رادەستکردنی سەرۆکی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەگێڕێتەوە کەچۆن مۆساد ڕۆڵی سەرەکی لەو ئۆپەراسیۆنەدا هەبووە. دوای وازهێنانی لە مۆساد تۆماس بیرەوەرییەکانی خۆی لە پەرتووکێکدا بەناوی "نهێنییەکانی مۆساد" بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە لەلایەن نووسەر شەفیقی حاجی خدر کراوەتە کوردی وهەفتەی رابردوو لە کوردستان چاپکرا.



## ژوورەکەی ئەحمەد کایا دەکرێتە مۆزەخانە
# چاکەتەکەی کایا هەر لە شوێنی خۆیەتی



ژوورەکەی ئەحمەد کایا لە پاریس
(فۆتۆ: Azadi.nl)

ڕووداو-فەرەنسا

پاش هەشت ساڵ لە ماڵئاوایی یەکجارەکیی گۆرانیبێژی کورد ئەحمەد کایا، ئێستا ماڵەکەی لە پاریس کراوەتە نیمچە مۆزەخانەیەک. بەپێی هەواڵێکی وێنەیی ماڵپەڕی ئازادی هێشتاش چاکەتەکەی کایا بە هەڵواسراوی بە دیوارەوە ماوەتەوە و شەڕابی سەر مێزەکەیشی هەر لە شوێنی خۆیەتی.

ئەحمەد کایا کە بیست ئالبومی گۆرانی بە زمانی تورکی بڵاوکردووەتەوە، لە ساڵی 1999 دا تورکیای بەجێهێشت و لە پاریس گیرسایەوە.

ساڵی 1993 کایا بەشداریی ئاهەنگێکی کرد کە وێنەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی PKK ی تێدا هەڵواسرابوو و بەو هۆیەوە کەوتە ژێر گوشاری دەوڵەتی تورکیا. هەروەتر کایا بە بەردەوامی لێدوانی پشتیوانیکارانەی بۆ گەریلا و PKK دەدان. کایا ساڵێک پاش مانەوەی لە پاریس گیانی لەدەستدا. لەو کاتەوە ناوەندێکی ڕۆشنبیریی کوردی لە پاریس بە ناوی ئەو کراوەتەوە و کەلوپەلەکانی ناو ماڵەکەی لە شێوەی مۆزەخانەیەکی بچووکدا تێیدا دەپارێزرێن.

# دەمبڵ چووە لای میستەر

ڕووداو-سلێمانی

هونەرمەندی کۆمیدی کورد عیرفانی وەستا محەممەد، پەیوەندی بەبەرنامەی بەرنامەوە کردو بووە ئەندامێکی گرووپی بەرنامەی بەرنامە کە هەفتانە لەتەلەفزیۆنی کوردسات پێشکەش دەکرێ.

ئەو هونەرمەندە کە لەسەر ئاستی کوردستان بینەرێکی زۆری هەیەو زۆربەی کارەهونەرییەکانی سەربەخۆ بەرهەم دەهێنێت، داواکاری گرووپی بەرنامەی بەرنامەی ڕەتنەکردەوە بۆ کارکردن لەگەڵییان. عیرفانی وەستا محەممەد، کە بە حەمە دەمبڵ ناسراوە بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەوان داوایان لێکردم و منیش داواکەیانم ڕەتنەکردەوە".

حەمەدەمبڵ گوتیشی "مەرج نییە کە چوومەتە نێو بەرنامەی بەرنامەوە، فیلمە تایبەتییەکانی خۆم بوەستێنم، بەڵام بۆ بەرهەمی نوێم، جارێ بابزانم ڕۆژگارەکە چی دەکات و بەرەو کوێ دەڕوات".



# من ژنی یەکەمی محەممەدی حاجی مەحمودم



سایت و ڕۆژنامەی (ڕووداو) لە ژمارەی (33)ی دا چاوپێکەوتنێکی لە ژێر ناونیشانی ئامین کاکەسوور هاوسەری یەکەمی محەممەدی حاجی مەحموود، بڵاوکردووەتەوە، کە خوێنەران چەواشە دەکات، چونکە ئەوە ڕاست نییە، بەڵکو من لە ساڵی 1971 لەگەڵ محەممەدی حاجی مەحموود ژیانی هاوسەریم پێکەوەناو بەدرێژایی ئەو ساڵانە هاوبەشی هەموو ڕۆژە سەخت و دژوارەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی ئەو بووم و، کوڕێکم شەهید بوو و دووجاریش بە منداڵی ساواوە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زیندانیکراوم. ئامین کاکە سووریش هاوسەری دووەمی محەممەدی حاجی مەحمودی سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانە.

**گەردە ڕۆستەم حەسەن**
**ژنی یەکەمی محەممەدی حاجی مەحمود**
**سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان**

# لە سنە دەف بژەنە



ڕووداو- سنە

محەممەد شەریف شەریفی، سەرۆکی ناوەندی هونەری پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕایگەیاند هەوڵێکی زۆر هەیە کە لەداهاتوویەکی نزیکدا (ئەنجوومەنی دەفژەنانی ئێران لەسنە) دابمەزرێت.

شەریفی گوتی "فەرهەنگی دەف و دەفژەنین لەنێو خەڵکی کوردستان زۆر لەمێژینەیەو ئێستا ئەو پارێزگایە بەناوەندێکی سەرەکی دەفژەنانی ئێران دادەنرێت". ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد کە لەبەرنامەیاندایە کە لەداهاتوویەکی نزیکدا فێستیڤاڵی دەفژەنینی ڕەحمەت لە سنە ساز بکەن و دەڵێ "مۆسیقای کوردی پەیوەندییەکی بەهێزی لەنێوان خەڵکی ئەو وڵاتە دروستکردووەو گرنگیدان بە مۆسیقای کوردی زۆر گرنگ و سەرەکییە".

# ئاوارەکانی ڕۆژهەڵات دەبنە فیلم

ڕووداو- هەولێر

ئیبراهیم سەعیدی دەرهێنەری کوردی مەهابادی کە لەفێستیڤاڵی نێودەوڵەتی سینەمای حەقیقەت، بە فیلمی دیکۆمێنتاری (دایکانی من) توانی 3 خەڵات بەدەستبێنی، ئێستا خەریکی دەرهێنانی فیلمێکی درێژی سینەماییە بەنێوی (جێ پێی ماندوو) کە لە باشووری کوردستان وێنەی دەگیرێ.

فیلمی (جێ پێی ماندوو) باس لە خێزانێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە 27 ساڵ لەمەو پێش لەئێرانەوە چوونەتە عێراق و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام، دەیانەوێ بگەڕێنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سەعیدی کە ساڵانێکە خەریکی دروستکردنی فیلمی دیکۆمێنتارییە، لەبارەی ئەو فیلمە نوێیەی دەڵێ "من زیاتر دروستکردنی فیلمی دیکۆمێنتاریم پێخۆشە، بۆیە دوای دروستکردنی ئەوو فیلمەش دەگەڕێمەوە سەر فیلمی دیکۆمێنتاری، بەڵام سەرنجراکێشبوونی بابەتی (جێ پێی ماندوو) وایکرد ئەو فیلمە دروستبکەم".

ئیبراهیم سەعیدی لەیاڵی 1965 لە مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووەوکارناسی سینەمای لەزانستگەی هونەرەجوانەکانی تاران تەواوکردووە.

# کچێک شوو بەسەگێک دەکات



ڕووداو- نیوزپرێس

لەناوچەی گارخاندی هیندستان، کچێکی تەمەن 7 ساڵان شووی بەسەگێک کرد، بۆ دەربازبوون لەبەختی خراپو گەڕانەوەی خێرو خۆشی بۆ خێزانی کچەکە.

خێزانی منداڵەکەش بۆ ئەو مەبەستە ئاهەنگێکی گەورەیان سازکردو نزیکەی 150 کەسیان بانگهێشتی ئاهەنگەکە کرد، هۆکاری بەشوودانی ئەو منداڵەش بەو سەگە بۆ هەندێک بیروباوەڕو دابو نەریتی کۆن دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی گوندنشینەکانی هیندستان باوەڕی تەواوەتیان پێیەتی.

ماوەیەک لەمەوپێشیش بەهەمان شێوە لە هیندستان پیاوێک بۆ پاکبوونەوە لە گوناهەکانی سەگێکی لە خۆی مارە کرد.

# 52 مانگا ئێوە خۆش

ڕووداو- خبرنیوز

بەهۆی هەورە تریشقە زیاتر لە 52 مانگا لە گوندێکی ئۆرۆگوئە بوونە کەباب و سووتان.

ڕۆژنامە ناوخۆییەکانی وڵاتی ئۆرۆگوەی ڕایانگەیاند کە بەهۆی هەورەتریشقەوە لەزەوییە کشتوکاڵییەکانی نزیگ گوندی پۆلیمی ناوچەیەکی ئۆرۆگوەی زیاتر لە 52 مانگا سووتان.

فرناندۆ تورنا، کارناسی کەشناسی ئۆرۆگوەی لەوبارەیەوە گوتی "ئەوە شتێکی زۆر سەیر بوو، چونکە تائێستا شتی وا ڕووینەداوە، چونکە گیانداران بەتایبەت مانگاو مەڕو ماڵات، کاتێک هەورەتریشقە یان باران بباریێ خۆیان دەشارنەوەو پەنا دەبەنە شوێنێک کە جێی مەترسی نەبێ".



رەزان موغرەبی

## ڕەزان:
# مێردێکی مەردم دەوێ

ڕووداو- العربية

گۆرانیبێژوبێژەری ناسراوی لوبنانی ڕەزان موغرەبی ڕایگەیاند کە ئێستا بیر لەهاوسەرگیری دەکاتەوەو پێویستی بەسوارچاکی خەونەکانییەتی، کە بەپیاوێکی "مەردی بەنێوبانگ" ناوی دەهێنێ.

موغرەبی گوتیشی ئەو پیاوەی دەبێتە مێردی دەبێ میسری بێت چونکە دەڵێ "خەونی ژیانم ئەوە بوو کە مێردێکی میسریم هەبێت، چونکە میسر بەنیشتمانی دووەمی خۆم دەزانم".

لەلایەکی دیکەوە ڕەزان ئەو پڕوپاگەندانەی ڕەتکردەوە کە کاریگەری هەبووبێت لەسەر لیژنەی ناوبژیوانی بەرپرسیار لەبەخشینی خەڵاتی جیهانی میوزیک بۆ نانسی عەجرەم. موغرەبی ئەو پڕوپاگەندانەی ڕەتکردنەوە و بە قسەی پڕوپوچی بێ هیچ بنەمایەک وێنای کردن.

# بەختی ڕووداو

**کاوڕ**
Mar 21-Apr 19

دەستکەوتەکانتان بپارێزن و مەهێڵن بە ئاسانی لەدەستتان بچێت، هەوڵبدەن ڕوو ڕاست بن لەگەڵ سەرۆکی کارەکانتان و هاوڕێکانتدا، نێوبانگ و کەسایەتی خۆت بپارێزە.

**گا**
Apr 20-May 20

لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە چالاک دەبن و بەو کەسانە دەگەن کە خۆشحاڵن بەبەسەربردنی کات لەگەڵیاندا. دەبینن هاوڕێکانتان لەڕیزی ئێوە دەوەستن و پاڵپشتیان دەکەن و لەکارەکانتدا هاوکارت دەبن.

**جمک**
May 21-Jun 21

هەست بەهیلاکی و ماندوویەتییەکیی زۆر دەکەن، پێتوایە کاروبارەکان بەقورسی و بەهێواشی بەڕێوەدەچێت، هەوڵبدە کە ئەو کارانەی پەلەیە، پێویستە ئەنجامی بدەن و جارێ پشوو مەدە، چونکە زیانت پێدەگەیەنێ.

**قرژاڵ**
Jun 22-Jul 22

لەچەند ڕۆژی داهاتوودا چالاکیت زۆر دەبێ و توانای ئەوەت دەبێ کە بەردەوام بی لەوبارەی کە تێیدای، لەگەڵ ئەوەی کە ڕێگریش هەیە لەبەردەم ڕێگەت، بەڵام دوودڵ مەبە و کارەکانت بە وردی بکە.

**شێر**
Jul 23-Aug 22

باری داراییت ڕێکبخەوەو دەست بە پارەکانتدا بگرە، خەرجکردنی ئەو داهاتەکانت هێور بکەنەوە و ئاگاتان لەپارەکانتان بێت لەونبوون یان دزین. لەوانەیە یەکێک مەبەستی خراپی هەبێت.

**گوڵەگەنم**
Aug 23-Sep 22

یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکە پێویستە بە یارمەتی تۆیە، کەواتە باش بیر بکەرەوەو تەماشای دەوروبەرت بکەو ئەو کەسە بدۆزەوەو یارمەتی بدە، چونکە لەوانەیە شەرمت لێبکات و داوای یارمەتیت لێ نەکات.

**تەرازوو**
Sep 23-Oct 23

باشترە کە بمێننەوە لەماڵەوەو گرنگی بەکاروباری ماڵەوە و خێزانەکەتان بدەن، یەکێک لەهاوڕێکانت ڕەخنەی لەکارەکانی تۆ هەیە، بۆیە پێویستە بەکارەکانتدا بچیتەوەو ڕێکیان بخەیتەوە.

**دووپشک**
Oct 24-Nov 21

بەشێوەیەکی گشتی هەفتەیەکی پۆزەتیف بەڕێدەکەن، هەرچەند هەندێ کۆسپ دێنە بەردەمت بەڵام پێویستە بەئاگاییەوە چارەسەریان بکەیت. بەگشتی هەفتەیەکی گونجاوە بۆ چالاکی هونەری.

**کەوان**
Nov 22-Dec 21

کاروبارت لەسەر کەڵەکە دەبێت و ناتوانن هەموویان جێبەجێ بکەن، باشتروایە داوای یارمەتی لەکەسێکی دڵسۆزت بکەی تاکو لەجێبەجێکردنی کاروبارەکانتدا یارمەتیت بدات، هەروەها ئاگاتان لەتەندروستیتان بێت.

**کارژۆلە**
Dec 22-Jan 19

بە دوای ئەو شتەی کە بەخۆشەویستەکانتان یان هاوبەشەکانتان دەتانبەستێتەوە بگەڕێن. زیاتر لەڕوانگەیان تێبگەن و لێیان نزیک ببنەوە، چاوەڕێی شتی زیاتریان لێ مەکەن، ئەوەی لەدەستیان هاتووە بۆتۆیان کردووە.

**سەتڵ**
Jan 20– Feb 18

ئەم هەفتەیە بەڕێکخستنەوەی کاروباری داراییتان خەریک دەبن، خەرجییەکانتان کەم بکەنەوە، لەوانەیە ئەم هەفتەیە پێویستیتان بە پارەیەکی زۆر بێت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەک کە داهاتێکی باشی دەبێ.

**نەهەنگ**
Feb 19-Mar 20

سەفەرێکتان لەپێشەو پێویستە بیر بکەیتەوە کە ئایا ئەو سەفەرە گونجاوە یان نا، هەرچەند هەندێ لەنزیکەکانت خۆیان بۆ ئەو سەفەرە ئامادە کردووە، بەڵام باشتروایە ڕاوێژیان لەگەڵ بکەی و سەفەرەکە کەمێک دوابخە.

له تۆرنتۆوه

# ئازادی و دادپەروەری





رامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

دادپـــەوەری و یەکسـانی لـــە ژێـــر بۆردمانکردندایە. دادپەروەری و یەکسـانی دوو چەمکی زۆر گرنگن لە رووی سیاسـی و فەلسەفییەوە، بەڵام ئێستا ئەم چەمکانە پێویستیان بەسەر لە نوێ بووژانەوەی فکری و سیاسـی هەیە . بـــە تایبەتی پەیوەندی ئەم چەمکانە بە کەلتوری سیاسی چەپەوە، مەسـەلەکەی تا رادەیەکی زۆر ئاڵۆز کرد، چونکە لە گەڵ راگەیاندنی سیستەمی نوێی جیهانیدا ئەم چەمکانە و زۆر شتی دیکەش کەوتنـــە دواوە و فۆرمـــی ئایدیۆلۆجی تازە و هەندێـــک بەروبوومی سیاســـی و فکری نوێ ســـەرتاپای جیهانی گرتـــەوە، لە زۆر شـــوێنی دونیا خەڵک نایەوێت چیتر گوێی لەبەروبوومە سیاسییە کۆنەکان بێت، چونکە ئازارێکی زۆریان چەشت بە دەست رژێمە بە ناو سوشیالیستییەکانیانەوە.

لە زۆربەی شـــوێنەکانەوە کۆمەڵگاکان بـــە راکردن بە رەو بازاڕی ئازاد رۆیشـــتن و رووناکبیرانیش بـــەرەو فۆرمی ئایدیۆلۆجی تازەی وەک رێژەگەرایی و فراگمێنتەیشـــن و ئاپارتایدی مەڵتـــی کەڵچەریزم و کۆتایی مێـــژوو و بەرکەوتنـــی شارســـتانییەکان و بەســـەرچوونی حکایەتە گەورەکان چوون . بۆ ئەمە وچانێک پێویست بوو تا جارێکیتر ویستی گەڕانەوە دەست پێبکاتەوە بۆ پرسە فرامۆشکراوەکان.

دێریدا لە نووســـینی (تارمایی مارکس) دا، سەر لەنوێ هەوڵی دارشتنەوەی چەمکی دادپەوەری کۆمەڵایەتی دا وەک میتافۆرم و هاوواتای (مارکـــس) بەو مانایەی (مارکس )میتافۆرمـــی دادپـــەروەی کۆمەڵایەتییە. دادپەروەری شتێکە قابیلی هەڵوەشاندنەوە نییە و ناتوانیـــن گاڵتەجاڕ بین دەربارەی . ریچارد رۆرتی لە کتێبی (فەلســـەفەو هیوای کۆمەڵایەتیدا) دەڵێت منداڵان دەبێت بەرنامەی مەسیح بخوێننەوە ســـەبارەت بە برایەتی، شان بە شانی ئەوەش (مارکس) بخوێننەوە، تا بزانـــن کەپیتالیزم و بـــازاڕی ئازاد ئەم برایەتییە چەند گران و ئەستەم دەکات. ئەو بەو ئاراســـتەیەدا دەڕوات کە دەبێت دایکان و بـــاوکان و مامۆســـتایان هانی گەنجەکان بدەن بۆ خوێندنـــەوەی بایبڵ (ئینجیل) و مانیفێست چونکە بایەخێکی گرنگی هەیە لە رووی مۆرالییەوەو پێویستە منداڵەکانمان وا گـــەورە بکەین کە بێباک نەبن بەرامبەر بەو فاکتەی کە جیهانێکی دەوڵەمەندو جیهانێکی هەژاری دروستکردووە. باشتریش وایە بزانن ئەم دابەشبوونە ترسناکەی جیهان ویستی خوا نییە، بەڵام ئایا رۆشنگەری دەبووژێتەوە یان راستتر گێرانەوە.

مەبەســـت لە گێڕانـــەوە چۆنێتی وتنی چیرۆکە، چیرۆکی سەربەستی ویەکسانی ژن و پیاو، ودادپەروەری و پێشکەوتن و چەندین شتی دیکە . رەنگە ئێستا سەرلەنوێ کاتی چاوگێڕانـــەوە بێـــت بەو بەها سیاســـی و فکرییانەدا کە لە یادمان کردوون و چیتر ئەم کۆمەڵگایە لەوە زیاتر بەرگەی فەرامۆشکردنی خۆی ناگرێت بەرامبەر ئازادی و دادپەروەری . ئەگەرچی ئەم مەســـەلانە ئێستا لە رووی سیاســـییەوە مردبن بە هۆی سروشتی ئەو هێزە سیاســـییانەوە کـــە حوکمی هەرێمی کوردســـتان دەکەن، بەڵام دەشێت لە رووی رووناکبیرییەوە زینـــدوو بکرێنەوە، چونکە هیچ بەهایەکی باشترمان نییە بیخەینە جێی ئازادی و دادپەوەری و یەکسانی.

# ئەمەریکا نایەوێت کورد بەهێز بێت



رۆبەرت ئۆلسن*

ئەمەریکا دووچاری بەرەنگاربوونەوەیەکی بەهێز بووە لەلایەن هاوپەیمانە کۆنەکەی لە عێراق کە ئەویش کوردە. ئەمەش لە مانگی تشـــرینی یەکەمی رابردوو بـــۆ من و دوو هـــاوکاری ئەمەریکی دیکەم روون بووەوە، کاتێک سەردانی هەرێمی باکووری عێراقمان کـــرد کە لە لایـــەن حکوومەتـــی هەرێمی کوردســـتانەوە بەڕێوەدەبرێـــت. هەرێمی کوردستان لە ســـێ پارێزگا پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتووانەکەی 4.5 ملیۆن کەسە، کە 10%ی خاکی عێراق پێکدێنێ.

دووجار چاومان بـــە نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەوت. هەروەها چاومان بە فەلاح مستەفا بەکر، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردســـتان و محەممەد ئیحسان وەزیـــری هەرێم بۆ کاروبـــاری ناوچەکانی دەرەوە کەوت. بارزانی ئاماژەی بەو خاڵە جیاوازییانـــە کـــرد کە لە نێـــوان کورد و حکوومەتەکەی نوری مالیکی کە ئەمەریکا پاڵپشتی دەکات، هەیە.

جیاوازی نێوان هـــەردوولا پێوەندی بە "ناوچە دابـــڕاوەکان"ەوە هەیـــە، کە ئەو ناوچانە نێزیکـــەی 7%ی رووبەری عێراق پێکدێنێـــت و خەڵکەکەشـــیان زۆرینەیان کوردن و کەوتوونەتە تەنیشت سنوورەکانی هەرێمی کوردســـتانەوە. لە ســـاڵی 2003 لەبـــەر هاوکاریکردنی ســـوپای ئەمەریکا لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەو ناوچانە کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی کورد.

بەڵام ئێســـتا کورد پێیوایـــە ئەمەریکا پاڵپشـــتی حکوومەتەکەی مالیکی دەکات لـــە پیلانەکـــەی بـــۆ دەرکردنـــی هێزی کوردی لـــەو ناوچە دابڕاوانـــەدا. هەروەها کـــوردەکان رایانگەیانـــد کە ئـــەو هێزەی بەکاردێت بۆ وەدەرنانی هێزە کوردییەکان هێزی ســـەحوەیە، کە گرووپی چەکداری ســـوننەن و لە لایەن ئەمەریکاوە پڕچەک کراون بـــە مەبەســـتی بەرەنگاربوونەوەی هێزە چەکدارەکانی شـــیعە و دروستکردنی هاوسەنگییەک لەنێوان گرووپە چەکدارەکانی شیعە و سوننە.

ئەمەش بەشێک بوو لە ستراتیژییەتێکی ژەنـــەڕاڵ دەیڤد پەترۆیەس، بەمەبەســـتی هێورکردنەوەی باری ئاسایش، بەڵام ئێستا لە زۆربەی ناوچـــەکان، هێزەکانی بەغدا و کورد ئامادەی شەڕ کردنن لەگەڵ یەکتری.

نێچیرڤان بارزانی و محەممەد ئیحســـان ئەوەشیان درکاند کە کورد پێیوایە ئەمەریکا لەســـەر مەســـەلەی کەرکووک، پشتگیری لەحکوومەتەکەی مالیکی دەکات.

کورد دەڵـــێ لە ســـاڵی 1960، ئەوان 64%ی خەڵکی ئەو ناوچانەیان پێکهێناوە، بەڵام بەهـــۆی پرۆســـەی تەعریبکردنەوە لەلایەن حکوومەتـــی بەغداوە، ئەو رێژەیە لـــە ســـاڵی 2003دا بـــووە 30% . لـــە ســـاڵی 2007 ژمارەی دانیشتووانانی ئەو ناوچەیە 1.28 ملیۆن کەسبوو کە زۆرینەی عەرەبە.

لە ســـاڵی 2003وە بە هـــەزاران کورد گەڕاونەتـــەوە بـــۆ کەرکـــووک و، کـــورد دەیەوێت عەرەبە هاوردەکانیش بگەڕێنەوە ناوچە عەرەب نشینەکانی باشوور، ئەگەر ئـــەو کارەش ئەنجامـــدرا و ریفراندۆمێک بەسەرپەرشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ساز کـــرا، ئەوا کورد دڵنیایـــە لەوەی زۆرینەی خەڵکەکـــە دەنگ بـــۆ ئـــەوە دەدات ئەو شـــارە بچێتە ســـەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

حکوومەتـــی هەرێمی کوردســـتان زۆر نیگەرانە لەوەی، کە ئەمەریکا پاڵپشـــتی دژایەتییەکەی بەغـــدا دەکات لە بەرامبەر چوونی شـــاری کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردســـتان . کەرکووک ســـەرچاوەیەکی زۆری نەوتـــی هەیە و حکوومەتی بەغداش مەترســـی ئەوەی هەیە ئەگـــەر کەرکووک بخرێتە ســـەر هەرێمی کوردســـتان، ئەوا داهاتـــی کەرکووک حکوومەتـــی هەرێمی کوردســـتان بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی دروســـتبوونی ژێرخانێک بۆ دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

ئەمەریـــکا، ئۆتۆنۆمییەکـــی بەهێـــزی کوردی دەوێت، بەڵام نایەوێت قەوارەیەکی کوردی هەبێت کە بەهێزتر بێت لە گرووپە نەتەوەییەکانـــی دیکە، لەبـــەر ئەوەی ئەو کارە هێزێکی نایەکسان دەبەخشێتە کورد لە هەر سیستەمێکی فیدراڵیدا.

هەروەها ئەمەریـــکا و بەغدا نایانەوێت حکوومەتـــی هەرێمی کوردســـتانی هێندە بەهێزببێت، کە ببێتە هۆی وروژاندنی پتر لە 20 ملیۆن کورد لە تورکیا و7 ملیۆن لە عێراق و دوو ملیۆن لە سووریا، بزووتنەوەی نەتەوەیـــی کورد بەتایبەتیـــش لە تورکیا بەهێزە، کە 5 ملیۆن کورد لەنێزیک سنووری عێراق دەژین.تورکیا هاوپەیمانێکی نێزیکی ئەمەریکایە و ئەنقەرە دووچاری دڵەڕاوکێ دەبێ ئەگەر سیاسەتەکانی ئەمەریکا بووە هـــۆی بەهێزکردنی کورد لە عێراق، یاخود بەدەستهێنانی سەربەخۆیی.

نێچیرڤان بارزانی و محەممەد ئیحســـان ئەوەشیان پێڕاگەیاندم کە حکومەتی مالیکی ئامانجەکانی خۆی لە رێککەوتننامەکەیان لەگـــەڵ ئەمەریـــکا بەدەســـتهێنا، کـــە 11/17لەلایـــەن حکوومەتـــی عێراقـــەوە پەســـەند کـــرا و لـــە 24 /11 پەرلەمانی عێراقی بڕیاری لەسەر دەدات (رۆژی 27ی مانـــگ پەرلەمانی عێراق پەســـەندی کرد، رووداو) کە ئەویش کەمکردنەوەی ژمارەی سوپای ئەمەریکایە لە عێراق هەتا 2011 و لە دوای 2011ش رەنگە حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان دووچاری هێرشـــی چەکداری ببێت لە لایەن حکوومەتی عێراق. ناکۆکی نێـــوان حکوومەتی بەغـــدا و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر مەسەلەی ناوچە دابڕاوەکان رەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی شـــەڕ و پێکدادان، بەڵام مەرج نییە ببێتە هۆی دروستبوونی شەڕێکی گەورە.

رێککەوتنی ئەمنی نێوان ئەمەریکا-عێراق حکوومەتـــی ناوەندی عێراق بەهێزدەکات و هانی ئاشـــتەوایی نێوان سەرکردە شیعە و ســـوننەکان دەدات، ئەمەش مەسەلەکانی کورد لاواز دەکات، بەتایبەتی لە پەیوەند بە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردســـتان. ئەگەر حکوومەتـــی هەرێمی کوردســـتان مل بۆ بڕیار و داواکارییەکانی بەغدا، نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەمەریکا بدات و قبوڵیان بکات، ئەوا ئەو دەســـتکەوتانەی کورد لە ســـاڵی 2003وە تاوەکو ئێســـتا بەدەســـتیهێناون، زۆر کەمدەبنەوە، رەنگە پێویست بکات شەر بکات بۆ بەدەستهێنانی چەند ناوچەیەکی دابڕاو.

* پســـپۆری کاروبـــاری رۆژهەڵاتـــی نێوەڕاستە لە زانکۆی کانتاکی لە ئەمەریکا.

لـــە رۆژنامـــەی Kentucky ی ئەمەریکییەوە

# رێز لە زیندووانیش بگرن



لەیلا حەمید

کولتـــوور زاراوەیەکـــی بەرفراوانە. زمان، داوونەریت، مێژوو، ئایین، دەســـتکەوتەکانی هزری، پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژی و کۆمەڵێک بابەتـــی دی دەچنە خانەی ئـــەم زاراوەیە. بـــەڵام بەگشـــتی ئایین رۆڵێکـــی کاریگەری بینیوە لە رۆنانی کولتووری. لەگەڵ ئەوەشدا کولتووری هەندێک نەتەوەی پێڕۆی ئایینێک لە نەتەوەیەکی تری بڕوادار بەهەمان ئایین رەنگە جوایز بێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکردنی پێکهاتەکانی تری کولتوور لەسەر یەکتر. بەم پێیەش، کولتووری هەر نەتەوەیەک جیاوازە لەوی دی و تایبەتمەندیی خۆشـــی هەیە کە پێی ناسراوە و بێهاوتای دەکات.

ئێمـــە وەک کـــورد زۆرینەمـــان بەنەتەوە موســـوڵمانین، مێژوویەکـــی دێرینـــی پـــڕ ســـەروەریمان هەیـــە، هەرچەندە هێندێک لە ئاواتەکانمان هێشـــتا خـــەون و خەیاڵن. بە درێژایی ئـــەم مێژووەش رۆشـــنبیرمان هەن هەوڵیان داوە هزری نەتـــەوە روونتر و رامان و تێگەیشتنیشـــی قووڵتر و تیژتر بکەن. بۆ پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیش ئێمـــە وا هەنگاو دەنێین. زمانەکەشمان کوردییە و هەرچەندە دەبێ ئەم زمانە ببێتە پەتی لێکبەستنەوەی کوردانی دانیشتووی هەر شوێنێک بەڵام وەک دەبینرێت ئێســـتا بووەتە هۆی مشـــومڕ و هۆکارێک بۆ لێکترازاندنی نەتەوە.

ڕەنگە هەموو ئەم ڕوواڵەتە لە نەتەوەکانی تریشـــدا هەبێت. لەوانەیە هەندێ داوونەریتی وەک هەڵپەڕکـــێ و پۆشـــینی جلوبەرگـــی کـــوردەواری و هەروەهـــا لاوک و حەیـــران و هەوری بەستنی بووک لە زەماوەند و هەندێک خواردنی وەک دۆیینە و ترشـــک و ترخێنە و گەنمەکوتاو و دۆکوڵیو و داندۆک و شتی لەم بابەتە بچنە خانەی تایبەتمەندییەکانمانەوە.

هەرچەندە دەگوترێت ئایین زۆر کاریگەریی لە سەر داوونەریتی کوردەواریدا هەبووە بەڵام هەندێـــک دیاردە هەن پێوەندییان بەئایینەوە نییە. بەگوێرەی ئایدۆلۆژیای ئیسلام کەسێکی بـــڕوادار ســـنوور نابەزێنێـــت، پاکوخاوێنی دەپارێـــزێ، ڕێز لە زیندوو و مردوو دەگرێت و کۆمەڵێک بەهای تر کە لە داوونەریتی کورددا تەواو جێیان نەگرتووە. بێ پەردە بدوێین، هەر هەموومان چاومان لەوە ڕاهاتووە کە زۆرجار ڕۆژانە لەکاتی چوون بۆ سەر کار یان گەڕانەوە بۆ ماڵ کەســـانێکی ئەوتۆ ببینین کە لە پاڵ دیوارێک یان پەنایەکدا کرووشمیان هەڵێناوە و بەبەر چاوی ئەو هەموو خەڵکەوە بێشەرمانە ژینگـــە لیتە و بۆگەن دەکەن. جاریێ واز لەوە بێنە هەر کە لە ترافیک لایتێک وەســـتای و ســـەیرێکی ڕیـــزە ئۆتۆمبێلەکی ســـایدێکی وەستاوت کرد، بەمسۆگەری سێ چوار کەس دەبینی کە ئەنگوســـتیان تا بن کردووتە ناو لووتیان و لەچاوەڕوانیدا هەر هەڵی دەکۆڵنەوە و پاشـــان لەجامی ئۆتۆمبێـــل بە پتکەیەک تۆپەڵێـــک رییۆق ئاودیوی ســـەر شـــەقام دەکـــەن. زۆر جاریش کە بەڕێدا دەڕۆی دەبێ بەردەوام چاوێکت لەخوارەوە بێت نەوەک پێت لەناو شـــتێک ڕابچێت، یـــان دەبینی لەناکاو یەکێک لـــەڕووت دەپژمێ یان بە کۆخەیەکی گەواڵەئاسای بێزەوەرەوە هەرچی چڵکی ناو گـــەروو و دەمی هەیە بەبەرچاوتەوە لە پێش پێـــی تـــۆ دا ڕوو دەکات. وابزانـــم لە وڵاتی چینیش ئەم دیاردە دزێوە هەبوو بەڵام دوای ئەوەی گەشتیارەکان بێزاریی خۆیان بەرامبەر بەم خووەی چینییەکانەوە دەربڕیبوو، وڵاتی چینیش سزای تایبەتی بۆ دوبارکردنەوەی ئەم چەپەڵییە بڕیەوە.

جارێکیان کـــە دەگەڕامەوە ماڵ کۆمەڵێک مامۆســـتا و بەناو ڕۆشـــنبیری کۆمەڵگە لە تەکسی لەگەڵمدا بوون. قوتییە پیپسییەکی بەتاڵم لە دەســـتم ڕاگرتبوو. یەکێکیان پێی گوتم "خۆشـــکە، جامەکە بێنە خوار و فرێی بدە دەرەوە". گوتم "نا، گوناحە، پیس دەبێ". بە زرەزەرپێکەنینێکەوە گوتی "ئەو نازونوزەی بۆ چییە، ئەی فیلیپینییەکان بۆچین ئەگەر ئێرە پیس نەبێ!". تۆ خوا ئەگەر ئەمە حاڵی نەوەپێگەیەنەری کۆمەڵگە بێت با چیتر گلەیی لە منداڵەکانمان نەکەین.

لەبڕگەیەکی تازەی بەرنامەی "زووم ئین"دا هاووڵاتیـــان ڕوی گلەییـــان کردبـــووە چەند شۆفێرێکی عەرەب، گوایە ئەمانە لە گەراجی لۆرییەکانیاندا کە لە تەک گۆڕستانێکە شەوانە دەخۆنەوە و بەدەنگەدەنگ بێزاریان کردوون و ژینگە پیس دەکەن و تەنانەت بێڕێزیشیان بە گۆڕســـتان کردووە. چـــاوەڕێ بووم یەک کۆمـــەڵ زبڵوزاڵ و بۆتڵ و شووشـــە بیرەی لەســـەر یەک کۆمبووەوە ببینم. کەچی ئەو پیســـیەی بینیم بەبـــەراورد لەگەڵ ئەو زبڵە تەڕ و چەور و زۆرەی لە زۆربەی گەڕەکەکان بۆ ڕەوە مێشـــێک بەرەڵا کراوە، شتێکی کەم بوو. کەواتە کێشـــەکە زیاتر پیســـکردن و بێڕێزیکردن بە گـــۆڕەکان بووە. منیش ئەم هەڵســـووکەوتانەم پێ ناشـــیرینە و هەرگیز نامەوێ بەرگرییان لێ بکەم یان پاکانەیان بۆ بکەم. بێڕێزی بە بیروباوەڕ و شتە پیرۆزەکان یان موقەددەساتی خەڵک کارێکی ناشارستانی و ناڕەوا و شایســـتەی سزایە. ئەوەی لێرەدا مەبەســـتمە یەک پرســـیارە. ئایـــا من کە مرۆڤێکی زیندووم و دەژیم زیاتر پێویســـتیم بە ژینگەیەکی پاک هەیە یان کەســـێکی کە لـــە ژیانـــدا نەمابێ؟ ئەگەر ئەو گۆڕســـتانە لە ماڵەکانیش دوور بووایە و کەســـێک بەم هەڵسووکەوتەی زانیبووایە، بێگومان بێ یەک و دووکردن پەیامنێری دەهێنا بۆ شوێنەکە. بەڵام بۆچی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەگەوزێین و خەڵتانی پیســـی و چەپەڵی و پۆخەڵیی خۆمانـــە، لێـــی دەبوێرین و بـــە پەڵەیەکی ڕەش بۆ سەر قودسییەتی خۆمانی نازانین؟ ئێمەی زیندووش پیرۆزین و شایستەی ڕێزین کە ئەگەر خۆمان هەســـتی پێ بکەین، دەبێ دەستەبەری بکەین.

ڕاستە ئەگەر لەسەر ڕێگەکان توالێتی زیاتر هەبێت ڕەنگە کەمتر دیمەنی ناشارســـتانی وکێوییانە ببینین، ئەگەر تەنیا 10سەتڵە زبڵی زیاتر لەشەقامەکەی بۆ نموونە نەخۆشخانەی فریاکەوتـــن دابنرێـــت، خەڵـــک دەســـرە و باندێج فڕێ ناداتە ســـەر شەقام. بەڵام ئەی خڵـــت فرێدان؟ یانیش زبڵ هەڵدان لە جامی ئۆتۆمبێلەکانـــەوە، خـــۆ ئەگـــەر حکومەت بەدواداچـــوون بۆ ئەم حاڵاتانـــە بکات، ئەم نەخۆشییە ئەوەندە بڵاوە، دەبێ حکومەت واز لە کارەکانی خۆی بێنێـــت و خۆی تەرخان بـــکات بۆ ســـزادان. ڕەنگە ئەگەر یاســـاش دەربچێ وەک قەدەخەبوونی جگەرەکێشـــان پیادە ببێت!

ئەگەر ئاییـــن زاڵە بەســـەر داوونەریت و کولتورمـــان و ئەگەر ئاییـــن یەکلاکەرەوەیە بۆ ڕۆشـــنبیرکردنی خەڵـــک و گونجاندنیان لەگەڵ ژیانی شارستانیدا، هەق وایە پیاوانی ئایینیمان کە خۆیان بە زانای ئایینی دادەنێن و مادامەکی زانان دەبێ چارەسەردۆزەرەوەش بن، سنوورێک بۆ ئەم دیاردە کرێتانە دابنێن. ئەوەی ڕاستیش بێ کۆمەڵگە تەنانەت ئێستاش زیاتر فەرمانبەردار و وابەستەی ئەوانە.

زانایانـــی ئایینـــی ئێســـتاش خـــاوەن دەســـەڵاتێکی زۆرن لە کۆمەڵگـــەدا. ئەوان دەتوانن لە وتارەکانیاندا زیاتر جەخت لە سەر بەهاکانی مرۆیی و پاکوخاوێنی بکەنەوە نەک بابەتی وروورژێنەر. چونکە بۆ ئێستا ئەوەمان پێویستە، پێویستیمان بە خۆناسین و دواتر ڕێز لەخۆنانە، مرۆڤ بێ خۆناسین و هەستنەکردن بە پیرۆزیی خۆی شایەنی ژیان نییە، چ جای سیاسەت و هەڵوێست. هەڵبەت پیاوانی ئایین و خەمخۆران خۆشـــیان دەبێ لەم هەڵمەتەدا ببن بە سەرمەشق بۆ خەڵک. کەواتە چارەسەر لەوەدایە کە خەڵکێکی بیرکراوە چ ئایینی چ سێکیولار، چ هەر کەسێکی دڵسۆز بۆ پیشە و وڵات، ســـەرەتا بەتەمەنەکان لە چەوتیی هەڵسووکەوتیان تێ بگەیەنن و فێریان بکەن ڕێز لە خۆیان بگرن بۆ ئەوەی دواتر ئەوانیش لەماڵەوە و لە ناوەندەکانی فێرکردن منداڵانی خۆیان بە پەروەردەیەکی درووست بار بێنن. بەڵکـــو بەمەش کولتـــووره بێهاوتاکەمان لە دەســـت ئەو زەغەلی و چەپەڵییەوە ڕزگاری ببێت و سیمایەکی گەشتر وەربگرێت.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# لاوک لە پەرلەمان

بلووتووسەکانتان بکەنەوە با کورتە کلیپـــی (جانـــێ)ی هونەرمەندتان بـــۆ بنێرم کە لە هۆڵـــی پەرلەمانی کوردســـتان و لە ســـەر ســـەکۆی ســـەرۆکایەتی پەرلەمـــان، پـــڕ بە دەنگی خۆی، لاوک دەچڕێ. هەندێ کارمەند و شتی پەرلەمانیش سەری بۆ دەلەقێنـــن و دواتریش چەپڵەی بۆ لێدەدەن. جوانترین بەشـــی ئەم کورتە کلیپە، ساتی کۆتاییە، کاتێک کامێراکە لە ســـەر تابلۆی (وامرهم شوری بینهم) رادەوستێ.

بەرێز عەدنان موفتی، ســـەرۆکی پەرلەمانی کوردســـتان، کەســـێکە لە نێو ســـەرکردایەتی کوردســـتاندا بە سەنگینی ناســـراوە، هەرچەندە یەکێتییە، لێ پتر وەک سەرکردەیەکی کوردســـتانی نێوبانگی رۆیشـــتووە، ئەو نـــەک هـــەر لـــە نێوەندەکانی دەرەوە، لـــە ناو کوردستانیشـــدا، وەک بەرپرسێکی حیزبی نەناسراوە، بەڵکو پتر بە کەسێکی سەلاری سەر بە بنەماڵەیەکی رۆشنبیر و سەنگین ناوی رۆیشـــتووە و هەر وایشە، هەر جێیەکی کوردستان ببوایەتە شوێنی گاڵتەجاڕی، نەدەبووا شوێنی بەرێز عەدنان موفتی وای لێهاتبا.

لاوک گاڵتەجاڕی نییە، لاوکچڕین لە هۆڵی پەرلەمانـــدا هەوە. هەموو شتێک شـــوێنی خۆی هەیە، هۆڵی پەرلەمـــان لە گفتوگۆوە تا شـــەڕە کورســـی تێـــدا رووبدات ئاســـاییە، لێ لاوکچڕین لە هۆڵـــی پەرلەماندا، رەچەشـــکێنییەکە، تەنێ کورد، لە ســـووککردنی پەرلەمانەکەی خۆیدا کردوویەتی.

نازانـــم ئەگـــەر لەو کاتـــەدا هیچ ئەندام پەرلەمانێک لە ژوورەوە بووە یان نا، ئەگەر وابێ، هەر کەســـێک بێ، شایەنی ئەوە نییە نوێنەرایەتی خۆیشـــی بکات نـــەک خەڵک. خۆ ئەگەر ئەو کارە لە ســـەر دەســـتی کارمەندەکانی ئیـــدارە ئەنجامدراوە، ئـــەوە دەبـــێ دەســـتبەجێ هـــەر هەموویان بخرێنە بەردەم لێکۆڵینەوە و سەرجەمیان لە پەرلەمان دەربکرێن و بڕیارێکیش دەربچێ، کە ئەوانە تا لە ژیاندا ماون، بۆیان نییە تەنانەت وەک موراجیعیش، سەر لە پرسگەی پەرلەمـــان بـــدەن. ئاخر ئـــەوان، پەرلەمانیـــان کردە کلـــەپ، پەتیان بۆ شـــل بکەی، دەشیکەنەی یانەی شەوانە.

هۆڵـــی پەرلەمان، ماڵـــی باوکی هەندێ کارمەنـــدی هیچ لە بارانەبوو نییە، گازینۆ، دیسکۆ و تیاترۆش نییـــە. شـــکۆ رووشـــاندنی هۆڵی پەرلەمـــان، ســـووکایەتیکردنە بـــە هەموو ئەوانەی لـــە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان داوە، قەشـــمەریکردنە بە شکۆی وڵاتێک، هێشتا شەڕی بوون و نەبوون دەکات. ئێمە ئەگەر خۆمان رێگەمان دا گۆرانی و کەیف و سەفا لە پەرلەمان بکەین، دەتوانین یەخەی کەسێک بگرین ئەگەر جرتی بۆ هەمان پەرلەمان لێدا؟ ئێمە کە سووکایەتی بە خۆمان بکەین، دەســـتی خەڵک خۆش بێـــت ئەگەر قەشـــمەریمان پێبکەن.

پەرلەمانی خەڵکی، چارەنووســـی میللەتی تێدا دیـــاری دەکرێت، لەو پێناوەدا هاوار هاوار، شـــەڕە شەق و شەڕە کورسیشـــی تێدا دەکرێت، بە داخەوە لـــە پەرلەمانەکەی ئێمە، جـــاران هەر ســـەرخەوی هەندێ لە ئەندامەکانـــی مایـــەی رەخنە بوو، کەچی ئێستا کارمەندەکانی، کردیانە تیاترۆخانە.




# مەترسی هەڵبژاردنە هەرێمییەکان لە باکوور و باشووری کوردستان



عارف زێرەڤان–سوێد
zerevan@nefel.com

لە سەرەتای ساڵی 2009 لە باکوور و باشووری کوردستان، پارتە کوردییەکان و پارتەکانی نەتەوە سەردەستەکان رووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و مەترسی ئەوە هەیە کە کورد لەجاری پێشوو لاوازتر ببن.

لە هەندێک دەڤەری باشووری کوردستان و عێراق لە کۆتایی مانگی یەکەمدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ئەنجامدەدرێت. هەرسێ پارێزگاکانی باشوور هەولێر، سلێمانی و دهۆک لە ژێر مەترسی دانین، چونکە بە سنووری فیدراڵی کوردستان پارێزراون. چارەنووسی کەرکووک دیارنییە، چونکە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لە کاتێکی دیکە ئەنجام دەدرێت.

لە باشوور شەڕی هەرە گەورە لە نێوان کورد و عەرەبان لە موسڵ دێتە ئاراوە، زەحمەتە کورد بتوانن رێژەی کورسییەکانی جاری رابردوویان بپارێزن و زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا و پۆستی پارێزگار بەدەستبێنن.

عەرەبە سوننەکان هەڵبژاردنی ساڵی 2005یان بایکۆت کرد، لەبەر ئەوەش لیستی کورد سەرکەوت . پارێزگاری موسڵ هەرچەندە عەرەبیشە،بەڵام ئەو لە سەر لیستی کورد هەڵبژێردراوە و زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگاش بەدەست لیستی کوردییەوەیە. جێگری پارێزگاری موسڵ خەسرۆ گۆران تاوەکو دووساڵ لەمەوبەر دەیگوت" سەری پارێزگار لە دەستی کورد دایە" و، کورد لە موسڵ ئەوەی بیەوێت دەتوانێ بیکا.

ئەمڕۆ رەوشەکە گۆڕاوە .تیرۆر لە موسڵ کەمبووەتەوە، عەرەبی سوننە خۆیان رێکخستووەتەوەو دەخوازن بە هێزەوە بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بکەن. کورد دەترسن عەرەبی سوننە بە هەڕەشە و تۆمەتبارکردن، کورد لە موسڵ لاواز بکەن، بۆ ئەوەی رێ بە کورد نەدەن، بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووانیان لە موسڵ و ئەنجوومەنی پارێزگا کورسی بەدەستبێنن.

ئەگەر عەرەب بتوانن لە هەڵبژاردنی مانگی یەکدا کورد لە موسڵ زۆر لاواز بکەن، ئەوا پاشان لە کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی کات دیارینەکراو، دەتوانن کورد لاواز بکەن و رێ نەدەن زۆرینەی کورسیەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا بەدەست کوردەوە بمێننەوە .

* *

لە باکووری کوردستان و تورکیا لە 2009/3/29 هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی شارەوانییەکان ئەنجامدەدرێت، پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار AKP، چاوی بڕیوەتە قەڵای DTP، واتە ئامەد (دیاربەکر) و هەولێدەدات لە دەستی دەربێنێ. ئەو شەڕ و خروجڕەی لەوماوەیەی دواییدا لە نێوان AKP و DTP دا هاتووەتە ئاراوە،تاوەکو کۆتایی مانگی ئادار درێژە دەکێشێت، ئامانجیش بەدەستهێنانی شاراوەنییەکانی کوردستانە.

AKP تواناکانی دەوڵەتی تورک و والی (پارێزگار)ەکان لە باکووری کوردستان وەک پشتیوانی خۆی بەکاردێنێ و رۆژانە پلانی نوێ ئامادە دەکات بۆ ئەوەی DTP تێکبدات . بۆ نموونە والی ئامەد بڕیاریداوە 100 هەزار خێزان کە رەوشی ئابووریان خراپە دەستنیشان بکات و لە مانگی یەک و دووی ساڵی نوێ، واتە پێش هەڵبژاردن یارمەتی داراییان بداتێ بۆ ئەوەی دەنگ بدەنە AKP .

AKP بە پلان و پرۆگرام کارەکانی رێکدەخات، چەندین رێکخراوی مەدەنی لە ئامەد بۆ سەرکەوتنی AKP کاردەکەن. AKP نەک هەر لە ئامەد، بەڵکو لە شرنەخ و دێرسمیش هەوڵدەدات سەرۆکایەتی شارەوانییەکان لە دەست DTP دەربێنێ. لەکاتێکدا کە زۆربەی شارەوانییەکانی باکووری کوردستان بەدەست AKP وەن. DTP کە ناوی کوردی لەسەرە و ئەورووپا و ئەمەریکاش وەکو پارتێکی کوردی تەماشای دەکەن، لە پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردن دا، خۆی بە پشتیوانی سەرۆکی PKK عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەسپێرێت و لە هەموو بۆنەکاندا باس لە "ئازادی ئەو، ئیرادەی ئەو، پسکۆلۆژی و فیزیکی ئەو" دەکات، هیواخوازە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەسەری بخات.

بەڵام هەروەک چۆن لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی 2007 و هەڵبژاردنەکانی پێشتریش دا، دامەزرێنەری کۆماری تورک مستەفا کەمال ئەتاتورک نەیتوانی بەشی سەرکەوتنی پارتە نەژادپەرستەکانی تورکیا بکات وەکو CHP و MHP، بەهەمان شێوە لەوانەیە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا عەبدوڵڵا ئۆجەلان بەشی سەرکەوتنی DTP نەکات.

کوردانی باکووری کوردستان هەتا هەتایە بە دەستەواژە ئایدیۆلۆژییەکان، بەتایبەتیش بانگەشەی وەکو کە" ژەهردەرخواردکردن، پرچ برین و ئەشکەنجدانی جەستەیی" بەرامبەر ئۆجەلان کراوە، ناخافڵێن و ئەوە بەشیان ناکات و پێی تێر نابن.

ئەگەر DTP جگە لە پرۆژەی پەیوەست بە ژیانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، پرۆژەی نوێ و کۆنکریتی پێشکێشی هاووڵاتیانی کورد نەکات، کە ئایا سیاسەتەکەی چییە بۆ داواکردنی مافە نەتەوەییەکان، ئەوا باوەڕی پێناکەن و دەڵێن سەبارەت بە کێشەی کورد هیچ جیاوازی لە نێوان DTP و AKP دانییە و دەنگ دەدەنە AKP.



# نەوت بەرامبەر کەرکووک

دواجار سەرکردایەتی کورد چووە ژێرباری خواستەکانی عەرەبی عێراق و بەتایبەتیش گرووپی 22 ی تەممووزی پەرلەمانی عێراق کە بەپێی بڕیاری پەرلەمان لە رۆژی 22/7/ 2008 دەبێ پۆستەکانی کەرکووک بەرێژەی 32% بەسەر کوردو عەرەب و تورکمانەکان دابەش بکرێن و سەرئەنجام کورد چەندین پۆستی گرنگی کەرکووک لەوانە سەرۆکی ئەنجوومەنی کەرکووک لەدەستدەدات.

ئەم ملکەچکردنەی کورد بۆ داوای هێزە عێراقییەکان شکستێکی زۆر گەورەیەو دەرهاویشتەی مەترسیداری بەسەر یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی کەرکووک لێدەکەوێتەوەو نیشانەیەکی دیکەی شکستی سیاسەتی کوردە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی کەرکووک و پرسە هەڵواسراوەکانی دیکە لەگەڵ عێراقدا. چونکە عەرەب و تورکمانەکانی کەرکووک پێشتر زۆر بەکەمتر لەو پۆستانە رازیبوون و کورد لاملی دەکرد.

لە دوای رووخانی رژێمی سەددام، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بە ئاشکراو بەشێوەیەکی نەخشە بۆکێشراو نەک هەر خۆیان لە یەکلاییکردنەوەی پرسی کەرکووک دزییەوە، بەڵکو زۆر شارەزاییانەش فاکتەری کاتییان لەدژی کورد بەکارهێناو تا دەستی زۆر لایەن راکێشرایە ناو پرسەکە لەوانە نەتەوە یەکگرتووەکان کە رۆڵێکی کاریگەری لە ملکەچپێکردنی کوردا گێڕا.

جێگەی سەرنجە ئێستا بەرپرسانی کورد مەگەر بەدەگمەن دەنا باس لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 هەرناکەن، بۆیە وێدەچێ سەرکردایەتی کورد لەبەرامبەر ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و رازیبوون بەناردنە درەوەی نەوتی کوردستان رازیبوبێت بێدەنگی لە پرسی کەرکووک بکات و ئیدی کەرکووک نە دڵ و نە قودسی کوردستانە.

دیارە چ لە کەرکووک و چ لەهەرێمی کوردستانیش، ناکرێ کورد وەک ئێستا دەسەڵاتەکە مۆنۆپۆل بکاو پێکهاتە نەتەوەیی وئاینییەکان لەبەڕێوەبردندا بێبەش بکرێن، بەڵام شکستی ئەمجارەی کورد لە کەرکووک نیشانەی ئەوەیە کورد هێشتا زۆری ماوە لە سیاسەت و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی تێبگات. بەپێچەوانەی ئەوەی بەرپرسانی کوردستان هەمیشە بانگەشەی بۆ دەکەن. رۆژانی داهاتووش دەریدەخەن کە ئەوەی ئێستا کورد بەدەسکەوتی دەزانێت لەعێراقدا وردە وردە لەدەستی دەدات و دەبێتە سفر هیچ بەدەست.

**نوورەدین وەیسی**

# رازی نابین!



کاوە ئەمین– سوێد
kawe35@hotmail.com

لە دوای هاتنی ئەمریکا و رووخانی رژێمی بەعس و دامەزراندنی حکوومەتی تازەی عێراق کە لە راستیدا لە سەر دەستی کورد بنیاتنرایەوە، بەرپرسانی کورد هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشێ دەکەن. لە کاتی دەنگدان بۆ پەرلەمانی عێراق و پاشان دانانی دەستووری بنگەیی ئەو وڵاتە، سەرکردەکانی کورد بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەوەی لە دەستووردا هاتووە کەمترین مافەکانی کوردە کە ئێمە پێی رازی بووین بە فیدرالیشەوە، بەڵام لەگەڵ بەرەو باشیچوونی باری ئەمنی عێراق و دامەزراندنەوە سووپای ئەو وڵاتە، عێراقییەکان کەوتنە بڕوبیانوو هێنانەوە، دەمێک لەسەر گرێبەستە نەوتییەکان و دەمێک بە بەهانەی بوونی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەی کە پێشتر لە ژێر دەستی بەعسدا بوون، جارێک بە بیانووی بودجەی هەرێمی کوردستان و دەیان بیانووی دیکە.

ئەوەی گوێبیستی دەبووین و سەرکردایەتی کورد بە گوێی خەڵکیدا دەیاندا ئەوە بوو کە رازی نابین و ئەوانەی عێراق باسیان دەکات خەتی سوورن، بەڵام بە خشکەیی نەک کەرکووک بەڵکو قەرەتەپەشمان دابەدەستەوە و ئەوەتا عێراق لە نزیک دەروازەکانی خانەقین، سووپاکەی مۆڵداوە، بە پێچەوانەوە نەک هەر رازیبووین، بەڵکو زمانی کوردی لە زانستگەکانی بەغداو و کەرکووکیش قەدەخەکراو، ئێمە هەر رازین. جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتی موسڵ کوردستانە، بەڵام بە پەلە بەیاننامەیەکی دەرکرد و وتی"نەک هەر وام نەوتووە بەڵکو موسڵ شارێکی عەرەبی عێراقییە". ئەوە لە کاتێکدایە کە هەم لەسەردەمی عوسمانییەکان و هەم لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیدا بە باشووری کوردستان وتراوە ولایەتی موسڵ و عێراق لە سێ ولایەت داتاشرا، موسڵ، بەغدا و بەسرە.

ئابوورییەکی پتەو و سەربەخۆ مەرجێکی گرنگە بۆ دامەزراندنی قەوارەی سیاسی هەر وڵات و نەتەوەیەک، دەرهێنانی نەوت لە باشووری کوردستان ئەگەر پارەکەی بۆ هەرێمی کوردستان نەبێت ئەوا هەڵەیەکی کوشندەیە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرانبەر بە نەوەکانی داهاتوو دەیکات. هاتنی وەزیری نەوتی عێراقی، شەهرستانی، بۆ هەولێر و ئەو بەڵێنانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داویەتی بە عێراق بۆ بەستنەوەی بۆرییە نەوتەکانی ئەو کێڵگە نەوتییانە کە دوای رووخانی رژێمی بەعس لە باشووری کوردستان دۆزراونەتەوە و هەڵکەندراون، هەڵەیەکی مێژووییە. ئەگەر کارێکی وا بچێتە کردارەوە ئەوا بە هەدەردانی سامانی ژێر زەوی کوردستانە، چونکە ئەوە دەیان ساڵە نەوتی کەرکووک بە تاڵان دەبردرێت لە لایەن حکوومەتی عێراقەوە ئیتر چ پێویست بوو چاڵە نەوتی تازە لە کوردستان لێبدرێن کە پارەکەی بۆ خەزێنەی حکوومەتی عێراق بێت. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە کورد بە دەستی خۆی سەروەت و سامانی خۆی پێشکەشی داگیرکەر دەکات؟ مەگەر نەوتی کەرکووک بەس نییە بۆ پڕکردنەوەی گیرفانی بەتاڵی عێراق؟

بۆیە حکوومەتی عێراق بە کەماڵی ئیسراحەت پاڵی لێدەداتەوە و بە پارەی نەوتی کوردستان لەبەرەوە قەرزەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەیش دەداتەوە و هاکا بە دەهۆڵ و زوڕناوە یاسای نەوتیان بەدەستکارییەکانی خۆیانەوە پەسەند کرد، بۆ نا خۆ کورد هەر رازییە.

چەند ساڵێک پێش ئێستا لە سوێد مقۆمۆیەکی زۆر لە نێوان سیاسییەکانی سوێد دروستبوو لەسەر ئەوەی ئایا رێگە بە موسڵمانانی دانیشتووی سوێد بدرێت مزگەوت دروست بکەن یان نا. زۆر لە سیاسییەکانی سوێد ئەگەر لە دڵیشەوە نەبێت دوای دانانی هەندێک شەرت و مەرج رەزامەندیان نیشاندا. بەڵام سیاسییەکی موحافەزەکار هاواری ئەوەی لێهەستابوو دەیگوت: خۆ من خەمی ئەوەم نییە ئێستا مزگەوتێک یان دووان دروست بکرێن، خەمی ئەوەمە پاش چەند سەت ساڵێکی دیکە هەموو گەڕەکێکی سوێد دەبێتە خاوەن مزگەوت، ئەی ئەوسا کێ وەڵامی نەوەکانی دوای ئێمە بداتەوە.

ئەی سەرکردەکانی کورد خەمی ئەوەیان نییە کە پاش پەنجا تا سەد ساڵی دیکە، عێراق دوا قەترە نەوتی کوردستان بفرۆشێت، بەڵام نەوتەکەی خۆیان خەزن بکەن و هەڵیبگرن بۆ رۆژی رەش. ئەوسا ئیدی رازیی ببین یان رازی نەبین کار لە کار ترازاوە، چونکە ئەوسا نە خەتی سوور و مۆر و نە ئێمە و نە سەرکردەکانی ئێستا ئێسکیشیان دەمێنێت.

حاجی قادری نەمر سەت ساڵ پێش ئێستا بە کوردی وتووە:

به قسەم دەکەن زەریفە
بەقسەم ناکەن بەڵا لە خۆتان.

دەی خۆ کەس بە قسەی نەکرد، ئەوەتا بەڵا لە ملمانەوە ئاڵاوە و نەتەوەکانی دیکەیش لە نێو کیانی خۆیاندا پاڵیان لێداوەتەوە و ئێمەیش تازە باسی ئەوە دەکەین کردنەوەی فەوجی ئیسناد، خیانەتە لە گەل و میللەت و کرمانج وتەنی، سوار هاتن بۆ نێو حکوومەتی مالیکی، لێ پیا چوون.

# ئەگەر بە کوردی پرسیار لە عەبدوڵڵا گیول بکرێ



دلبخوین دارا– ئەڵمانیا
info@avestakurd.net

ئەوێ رۆژێ سەیری تەلەڤزیۆنم دەکرد. هەروەک پێشتریش باسمکردووە، سەیرکردنی تەلەڤزیۆن و هەڵسەنگاندنی نێوەڕۆکی بەرنامەکانی بۆ من وەک نەخۆشییەکی لێهاتووە. هەموو شتێک سەرنجم رادەکێشێت، لە ئاراستەی کامیراکانەوە تاوەکو دیکۆر، ماکیاژ، شێوازی نووسینی ناوەکان،شێوازی پێشکێشکردنی بێژەر، شێوەی زوومکردنی کامیرا، رووناکی، دەنگ، مۆنتاج، تایبەتمەندی نووسینی ناوەکان... هەڵەیەکی بچووکیش لەبەر چاوم تێپەڕنابێت.

تاڕادەیەکی زۆر کەموکوڕی هەموو تەلەڤزیۆنەکانمان وەک یەکە و بەردەوام دووبارە دەبنەوەو کەسیش رووبەڕووی لێپرسینەوە ناکرێتەوە.

ئەوێ رۆژێ دیسان لەبەردەم شاشەی تەلەڤزیۆن بووم، سەرۆکی کوردستان مەسعود بارزانی لە گەشتەکەی لە دەرەوەی وڵات دەگەڕایەوە، لە هەولێر هاتبوو لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا بۆ رۆژنامەڤانان سەبارەت بە گەشتەکەی بۆ ئەمەریکا و فەڕەنساو ئەو دیدارانەی ئەنجامیدابوون، قسەی دەکرد.

رۆژنامەڤانەکان زۆربوون، رۆژنامەڤانانی کورد و بیانی پرسیاریان دەکرد، سەرۆکی کوردستانیش، وەک هەمیشە بە کورتی وەڵامی دەدانەوە .بارزانی وەک نەریتێکی خۆی، وەڵامەکانی بە کورتی و کۆنکرێتی دەدانەوە. وەکو زۆر سیاسەتمەداری دیکە، بە دەوری پرسیارەکاندا ناسووڕێتەوە.

رۆژنامەڤانێکی تورک لە نێو ئەو کۆمەڵە رۆژنامەڤانەدا هەستایەوەو، پرسیارێکی بە زمانی تورکی لە بارزانی کرد .باوەڕدەکەم ئەو رۆژنامەڤانە دەیزانی سەرۆکی کورستان بارزانی، تورکی نازانێت. بارزانی سەرسام بوو و لە پرسیارەکە تێنگەیشت. چاوی بە دوای وەرگێڕێکدا گێڕا، کێ دەتوانێت ئەو پرسیارە بکاتە کوردی؟ پرسیاری کرد. ساتێک لە بێدەنگی تێپەڕی، پاشان کەسێک کە لە هۆڵی کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەدا بوو، پرسیارەکەی بۆ بارزانی کردە کوردی.

ئەو کۆنگرە رۆژنامەڤانییە لە هەولێر بوو، ئەوەی بە تورکی پرسیارەکەشی کرد رۆژنامەڤانێکی تورک بوو،ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەشی دایەوە سەرۆکی کوردستان بوو. بارزانی بە کوردی وەڵامی دایەوە، پاشان کەسێک وەڵامەکەی بۆ رۆژنامەڤانە تورکەکە کردە تورکی.

تاوەکو ئێرە هەمووشتەکان ئاسایین،هیچ شتێکی نائاسایی لە ئارادا نییە.

بەڵام وەرن بە یەکەوە بیر لەوە بکەینەوە:

رۆژنامەڤانێکی کوردی باشووری کوردستان لە ئەنقەرەیە .سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گیول کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی ساز دەکات، رۆژنامەڤانە کوردەکە بە کوردی پرسیارەکەی لێدەکات، لەبەر ئەوەی گیول کوردی نازانێت، رادەوەستێت، دەپرسێت کەس هەیە کوردی بزانێت، بۆ ئەوەی وەرگێڕی بۆ بکات. لەو ساتەدا یەکێک لە هۆڵی کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەدا پرسیارەکە بۆ گیول دەکاتە تورکی، گیول وەڵام دەداتەوە. دواتریش وەڵامەکە بۆ رۆژنامەڤانە کوردەکە دەکرێتە کوردی.

هەموو کەس بە بێدەنگی گوێی لێ رادەگرێت، بە عەبدوڵڵا گیویلیشەوە.

ئایا دەتوانن، لەهزری خۆتاندا شیمانە (احتمال)ی رووداوێکی وا دابنێن؟

ئایا دەرفەتی ئەوە هەیە ئەوەی لە کۆنگرە رۆژنامەڤانییەکەی سەرۆکی کوردستاندا لە هەولێر روویدا، لە ئەنقەرە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی عەبدوڵڵا گیول دا رووبدات؟! باوەڕ ناکەم.

لەوانەیە باوەڕ بەوە نەکەن، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە ئەو رۆژنامەڤانە تورکەی لە هەولێر پرسیارەکەی خۆی بە زمانی تورکی لە سەرۆکی کوردستان کرد، رێ نەدات رۆژنامەڤانێکی کورد لە ئەنقەرە بە کوردی پرسیار بکات. هیچ سەیر نییە و عەجایبگرتی نەمێنن.

لەوانەیە لەبیرتان بێ، هونەرمەندی کورد ئەحمەد کایا لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەی لە شاری ئەنتاڵیای تورکیا، رایگەیاند کە ئەو لەمەو دوا بە کوردیش گۆرانی دەڵێ و کلیپێکی کوردیش دروستدەکات،دەزانن چ روویدا؟ بەر لە هەر کەس ئەو گۆرانیبێژ، هونەرمەند و رۆژنامەڤانانەی کە لە هۆڵەکەدا بوون هێرشیان کردە سەر ئەحمەد کایا، هەر زۆر نەمابوو لەسەر شانۆ بیکوژن، تاوەکو ئەوەبوو گەیشتە ئەو رادەیەی لە تاراوگەدا لە پاریس کۆچی دوایی کرد.

ئایا رۆژنامەڤانانی کورد ئاگاداری ئەوەن؟

ناڵێین کورد زۆر دیموکراسین، بەڵام جیاوازی نێوان هەولێر و ئەنقەرەش ئەوەیە!



## شەو تا بەیانی هانی

**ڕووداو-هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی کوردی شاری سنە، هانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "گۆرانییەکانی سیدییە تازەکەم هەمووی بۆ گەنجانە و پێشکێشە بە گەنجان، بەڵام پیرەکانیش پێیانخـۆش دەبێ گوێی بۆ بگرن". هانی، کەمتر لەگەڵ ئەڤینداری گۆرانی چڕیوە، لەقسـەکانی دەردەکەوێت چیرۆکێکی تراژیدی هەبێت لەسـەر خۆشەویستی، دەڵێت "گێڕانەوەی چیرۆکی خۆشەویسـتی من کتێبێکی دوور و درێژی دەوێت". ئەو کە لە24 ساڵییەوە بەستایلی سوونەتی لەئێران دەستپێکردووە و ماوەی زیاتر لە4 سـاڵە لەئەڵمانیا دەژیت، دەڵێت "ئافرەت لەئێران هیچ ئازادییەکی نییە کە بتوانێـت بەتەواوی بچێتە بواری هونەرییەوە، بۆیە چوومە ئەوروپا". ئاماژەی بەوەشـکرد کە تا ئێستا ناوی بۆ سیدییەکەی دانەناوە، بەڵام گوتی "ڕەنگە ناوی بنێم شەو تا بەیانی".

**لەژمارەی داهاتوودا دیدارێکی تایبەت لەگەڵ هانی بخوێنەوە**



## پیاو لە مەڕمەڕ نازانن

**ڕووداو-هەولێر**

خاوەنـی کۆمپانیـای NB-D کەتایبەتـە بەفرۆشـتنی مەڕمـەڕ، نادیابووگوولتەکین دەڵێ "مەڕمەڕ ئیشی کچانە".

نادیـا کەخەڵکی شـاری ئامەدەو چەنـد مانگێکە لە هەولێر کۆمپانیای فرۆشتنی مەڕمەڕی کردووەتەوە دەڵێ کۆمپانیاکانی باشووری کوردستان بە زۆری مەڕمەڕی پلە یەک ناهێنن چونکە نرخەکـەی گرانە بەڵام ئەو مەڕمەڕەی ئەو دەیهێنێت مۆری جیهانی پێوەیە.

نادیـا دەڵێ " ئەوانەی کوالیتی کۆنترۆڵی مەڕمەڕ دەکـەن هەموویان ژنن چونکە پیاو دوای2 کاژێر کارکردن لەسـەر مەڕمەڕ هەموو بەردەکان وەکو یەک دەبینن، بەڵام ژن زیاتر ئیستاتیکترن".

**لاپەڕە 8**



## هەڵکەوت بووە بەڕێوەبەر

**ڕووداو-هەولێر**

ئەمڕۆ 1/12/ 2008 کاژێر 7 ی ئێوارە کەناڵی ئاسـمانی کۆڕەک بە شێوەی تێست دەست بە پەخشی بەرنامەکانی دەکا.

هەڵکەوت زاهیر بەڕێوەبەری گشتی کەناڵی ئاسمانی کۆڕەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەمڕۆ کەناڵەکە بەفەرمی لەدایکبوونی خۆی ڕادەگەیەنێ و پەخشی ئەزموونی دەستپێدەکات، کلیپ و فیلم و زنجیرە دراما پەخش دەکات.

بینەران دەتوانن لەسەر ئەم فریکوەنسییە کەناڵەکە بدۆزنەوە:

FR. 12476
SR. 27SOO
POL. H


# Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز**: کۆمپانیای ڕووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن**: نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر**: ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین**: ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا**: هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی**: شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997

**دیزاین**: عەبدوڵڵا ڕەفیق - بەختیار مستەفا - ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات — ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی — Tel: 0750 488 5696 — rudaw@rudaw.net — www.rudaw.net




### گەردووناسێکی نێوداری جیهانی:

# ناوەڕاستی 2009 هەرێمی کوردستان دەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ

**ڕووداو-کوردیەنیوز**

گەردووناسێکی ناسـراوی تونسی ڕایگەیاند کە لەساڵی 2009 شەڕی ناوخۆ لەعێراقدا سەرهەڵدەدات وکوردیش سەربەخۆیی ڕادەگەیێنن.

گەردووناسی ناسـراوی تونسی حەسەن شارنی کە جێگری سەرۆکی یەکێتی گەردووناسانی جیهانە لە دیدارێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی "کوردیە نیوز"ڕایگەیاند لەنێوەڕاستی سـاڵی 2009 دەوڵەتێکی کوردی لە عێراق دروست دەبێت، بەڵام تاساڵی 2011 بەتەواوی سەروەری بەدەست ناهێنێت" 2009 ساڵێکی سەخت دەبێ بـۆ عێراقییەکان وخراپترین شـەڕی ناوخۆ سـەرهەڵدەدا وسـەرئەنجام ئەمەریکا ناچاردەبێت عێراق بەپێی پرۆژەی بایدن دابەشـی سێ پارچەی کوردی وشیعەو سوننە بکات".

شـارنی ڕوونیکردەوە هەرچەندە سـەرۆکی تازە هەڵبژێـردراوی ئەمەریکاباراک ئۆباما لە وتارەکانیدا باسـی جێبەجێکردنـی پرۆژەکەی جـۆو بایدنی جێگرەکەی نەکردووە" بەڵام ئەمەریکییەکان هەمیشە قسەیەک دەکەن وشتێکی دیکە جێبەجێ دەکەن".

حەسـەن شـارنی تائێسـتا چەندین پێشبینی هاتووەتەدی لەوانـە کوژرانی شـازادەی بەریتانیا دەیانا، نەخۆشـکەوتنی سەرۆک وەزیرانی پێشووی ئیسـرائیل ئارییێل شارۆن،مردنی یاسـر عەرەفات، ڕوودانی تسۆنامی و مردنی سەددام حوسێن وپێش چەند مانگێکیش لەسەر کەناڵی ئاسمانی عەرەبییە پێشبینی ڕوودانی تەنگژەی دارایی جیهانی کردبوو.

لەبـارەی دامەزراندنـی دەوڵەتـی کوردییەوە، گەردووناسە تونسـییەکە ڕوونیکردەوە کە ڕەوشی عێراق ئەوەندە تێکدەچێت " کورد لەعێراق بێزاردەبن ولەناوەڕاسـتی 2009 دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕادەگەیێنـن، بەڵام ئـەو دەوڵەتە لە ڕەوشـێکی دژواردا دەژی لەبەر کێشەو ناکۆکی لەگەڵ دەوڵەتی تازە دامەزراوی سـوننە وهەولێ وڵاتانی دراوسـێ بـۆ لەباربردنـی دەوڵەتی کوردی، بەڵام لەسـاڵی 2011 دەبێتە دەوڵەتێکی تەواو سـەربەخۆو خاوەن سەروەری".

لە کۆتاییدا شارنی ئاماژەی بەوەدا کەئەمەریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران جارێکیتر دێتەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت و، ئێران وسوریا دابەشدەکات " لەساڵی 2020 دەوڵەتی کوردستانی گەورە دادەمەزرێت".

## سلێمانی بۆ نایبەخشی؟

**ڕووداو-سلێمانی**

ژمارەی تووشـبوان بەنەخۆشی تالاسـیمـیا و ئۆنـکۆلـۆژی لەنەخۆشـخانەی هیـوای شـاری سلێمانی گەیشتووەتە 700نەخۆش و بەڕێوەبەری نەخۆشـخانەکەش، باس لەکەمبونەوەی خوێن بەخشین دەکات لەناو شاری سلێمانیدا.

تالـب تۆفیـق، بەڕێوەبـەری نەخۆشـخانەی هیـوا لەسـلێمان بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیانـد " ژمارە تووشبوان بەنەخۆشـی تالاسیمیا بەردەوام زیاد دەکات ولەبەرامبەریشدا خوێن بەخشین لەلایەن هاووڵاتیانەوە کەمـی کـردووە". ئەو وتیشـی ناچاربوویـن چەند جارێـک پەنا ببەینـە بەرکەناڵەکانی ڕاگەیاندن، تاخوێن ببەخشن و 700تووشبوو کە لەنەخۆشخانەکەمان بەردەوام خوێن وەردەگرن، ژیانیان لەسـەر خوێن بەخشینی هاووڵاتیان بەندە.



## وەزیری پەروەردە قوتابیان تووڕە دەکا

**ڕاویار هەورامی**
**ڕووداو-سلێمانی**

ڕۆژی 2008/11/29 لـە بـەردەم بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، زیاتر لە 300 قوتابـی دەرچووی ئامادەیی پەیمانگاکانی سـنووری پارێزگای سلێمانی ڕێپێوانێکیـان بۆ بەردەم هۆڵی شـەوکەتی حاجی مشیر کرد ویادداشتێکییان پێشکەشی وەزیری پـەروەردە کرد، کە لـە هۆڵەکەدا کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەری ناوەندییەکان هەبوو.

د.دڵشـاد عەبدولڕەحمـان وەزیـری پـەروەردە بەقوتابیانـی ڕاگەیانـد کـە بەپێی پێویسـتی وپسـپۆڕی، ژمارەیەک لەدەرچووانـی پەیمانـگاکان دادەمەزرێن نەک هەموویـان، ئەو وەڵامـەی وەزیری پـەروەردە، دەرچووانـی پەیمانگاکانـی مامۆسـتایانی تـووڕە و نیگەرانکرد بۆیە بڕیاریاندا دریـژە بەڕێپێوانی خۆیان بدەن و بەرەو نووسینگەی پەرلەمانی کوردستان لەسلێمانی بەڕێکەوتن، بەڵام نووسینگەی پەرلەمان هیچ ئەندام پەرلەمانێکی لێنەبوو تا گوێیان لێبگرێت.

سـامان حەبیب نوێنـەری پەیمانگای مامۆسـتایانی هەڵەبجە بـە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " درێژە بەڕێپێوانەکانمان دەدەین و بڕیاریشە سەرجەم نوێنەرانی پەیمانگاکانی سنووری پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوەیەک ئەنجـام بدەن بـۆ زیاتـر چڕکردنەوەی فشـارەکانمان". وتیشـی "ئەگەر بەدەنگ داخوازیەکانمانەوە نەیەن دەست بەمانگرتن دەکەین".


# KONKA

تەلەفزیۆنی کۆنکا بە هەموو ڕەنگێك

بەبۆنەی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە کۆمپانیای السرد نرخی سەرجەم بەرهەمەکانی کۆنکای دابەزاند بەڕێژەی ١٥ ٪

